وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر/ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ

# پلەی سفری شانۆ

نیهاد جامی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر/ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ

**سەرۆکی فێستیڤاڵ: هیوا سوعاد**

**سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێب: مەسعودی مەلا هەمزە**

- ناوی کتێب: پلەی سفری شانۆ
- نووسین: نیهاد جامی
- بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی
- هەڵەبڕی و پێداچوونەوەی زمانەوانی: مەسعودی مەلا هەمزە
- دیزاینی ناوەوە بەرگ: ئەیوب یوسف
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠١٢.
- ژمارەی سپاردن:
- چاپخانە:

**– لە بڵاوکراوەی فێستڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی هەولێر ٢٠١٢**

به هەوڵ و تەقەڵاکانی شانۆکاران

شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب پێشکەشە

# ناوەرۆک

دەسپێک
بەشی یەکەم: کولتوور شانۆیە
* ئارتۆ فەیلەسووفی شانۆ
* گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی
* یۆژینیۆ بارپا: وزەی ئەکتەرو ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ
* تاداشی سوزوکی: ئەزموونکارێکی شانۆیی

بەشی دووەم: تاراوگەو شانۆ
* پرسیارە ڕەخنەییەکان لە نمایشی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی
* پۆلین کردنی دنیا لەشانۆگەری (سووتوەکانی جەنگ)
* لابۆری شانۆی لالش: دەنگ وەکو سەرچاوە

## دووەم ئەزموون

لەمڕۆی گۆڕەپانی نووسین و کتێبی کوردیدا کتێب گەلێکی زۆر چاپ دەکرێن و ڕۆژانە کتێب دەکەوێتە نێو کتێبخانەی کوردی، بەڵام چ جۆرە کتێبێك؟

ڕاستە زۆرن ئەو دەزگاو ناوەندانەی ئەرکی چاپکردنی کتێبیان گرتۆتە ئەستۆ، وەلێ کام لەو دەزگایانە بەشێکی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ چاپکردنی کتێبی شانۆیی، بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە بریتی دەبێ لەوەی کە بڵێین بەشێکی زۆر کەم لەو دەزگایانە ئەو بەشەیان هەیەو کاری بۆ دەکەن، بۆیە ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بەشێك لەو ئەرکە بگرینە ئەستۆو ساڵانە چەند کتێبێکی شانۆیی چاپ بکەین و بۆ ئەو کارەش فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆمان کردۆتە کانیاوێك و ساڵانە لەگەڵ شەپۆڵەکانی فێستیڤاڵ چەند کتێبێك دێنێتە سەر ڕووی زەوی.

لەدرێژەی هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی شانۆیی کوردی، وا ئەمساڵیش لە ئەزموونی دووەمماندا و بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردنی ئەم کتێبخانەیە، کۆمەڵێك کتێبی شانۆیی چاپ دەکەین.

پارساڵ لەبۆنەی یەکەم فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ کۆمەڵێك کتێبی شانۆییمان چاپکردو لە فێستیڤاڵەکە دابەشکراو دواتر بۆ زۆرێك لە قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگاکان ڕەوانە کراو بەڵێنیشماندا کە بەردەوام بین لەسەر ئەم جۆرە کارکردنەو لەپاڵ سازکردنی فێستیڤاڵ و نمایشکردنی شانۆ نامانەوێ نووسین و نووسەرانی بواری شانۆ لەبیر بکەین، هەر بۆیە دیسانەوە کۆمەڵێك کتێبی تر چاپ دەکەین، کە ئەوەی بەردەستتان یەکێکە لەو کتێبانە.

ئەمساڵ جیاوازتر لەپار، حەوت کتێبی شانۆیی چاپ دەکەین، کە چوار لەو کتێبانە دەقی شانۆیی

و کتێبێکیان فەرهەنگی شانۆیی و دوو کتێبی تریش لێکۆڵینەوەن، مەبەست لەو قسەیە ئەوەیە کە ئەمساڵ هەوڵماندا جیاوازتر کاربکەین.
ئەوەی گرنگە بیلێین ساڵانە هەوڵی بەردەوام دەدەین بۆ ئەوەی هاوشانی کارە شانۆییەکانمان و سازکردنی فێستیڤاڵ و بۆنە شانۆییەکان چەندان کتێبی شانۆیی بخەینە نێو کتێبخانەی کوردی و برەو بە قەڵەمە خۆماڵییەکان بدەین و لەپاڵ بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان قەڵەمە خۆماڵی و بەرهەمە خۆماڵییەکان پەرە پێ بدەین.

**هیوا سوعاد**

**سەرۆکی فێستیڤاڵ**

## دەسپێک

مەعریفەی شانۆیی ئێمە لەحەفتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکات، بەڵام ئەو مەعریفەیە لە ئاستی تیۆریەوە بۆ دەیەی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، ئەو دەمەی ئامادەبوونی نمایشی شانۆیی حەفتاکان لەو دەیەی داهاتوودا دەچێتە سیاقی خۆڕۆشنبیرکردنی شانۆکار لەڕێگەی تێگەیشتن لەشێوازە جیاوازەکانی شانۆو ناسینی دەرهێنەرو تیۆریستەکان ئەگەر بەشێوەیەکی هەژارانەش بێت، دیارە هەموو ئەمانەش لەڕێگەی ڕۆشنبیریی عەرەبیەوە بووە، ئەوەش وایکردووە زۆرجار ناسینمان بۆ شێوازێکی دەرهێنان لەڕێگەی شانۆکارێکی عەرەبەوە بێت، نەك لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەزموونی دەرهێنەرە جیهانییەکان.
دیدگای نووسەرێك بۆ شانۆیەك کۆمەڵێك ناوی بەرزکردۆتەوە و هاوچەرخانیتری بەرەو نزمبوونەوە بردووە، ئەوە وای کردووە خەونی شانۆیەکی باڵا لە تێگەیشتن لەو ناوانە ببینرێن، بەهۆی ئەوەی عێراقی هەشتاکان بە کوردستانیشەوە زیندانێکی گەورە بووە، بۆیە ڕۆشنبیرییەکی لاواز ئێمەی بەمەداری بازنەیەکدا سووڕاندۆتەوە، تا وای لێهاتووە چەقی بازنەکە لێمان بۆتە سەنتەری شانۆ.
ڕووی دووەمی میتۆد بوونی نەبووە، ئێمە تەنها ئەو ڕووەی میتۆدمان دیوە کە بانگەشەی لایەنکاری کردووە، ڕەخنەکانی ون بوونە، بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ون بوونی چاووگە سەرەکییەکە، نەمانزانیوە لەکوێوە تیۆر هاتووە، هەر ئەوەندەمان زانیوە لەعەقڵی متبوونی ئێمە بۆتە گوتار، هەڵگری گوتارەکە وەك داهێنەر دەرکەوتووە، بەبێ ئەوەی توانای پرسیار لە گوتاری داهێنەر ئامادەبوونی هەبێت، گوتار وەك یەکەیەکی کۆنکرێتی بۆ نمایشی شانۆیی خوڵقاوە.
بەدوای ڕاپەڕینی بەهاری نەوەت و یەك ئەو زیندانەی کە عێراقە دیوارەکانی دەڕووخێت، ئەوە وا دەکات هەموو بۆ شورا داخراوەکانی ئەو زیندانە بگرین، ئەو ڕابردووە بەسەردەمی زێڕین ناو بەرن، ئەوەش ترسی شانۆکاری کوردە لە ئازادی، چونکە ئەو دەمەی لەسەردەمی دەسەڵاتی جەبەڕووتی بەعسدا شانۆکاری کورد بە وەهمی گەڕان بەدوای کوردبوون شانۆ نوقمی گوتاری ئایدیۆلۆژی دەکات لە ئازادیدا دەبێت بەدوای پرسیاری شانۆبوون بگەڕێت شوناسی کوردبوون بگۆڕێت بۆ شوناسی شانۆبوون و ئامادەبوونی ئەوی شانۆکار لە شانۆدا.

که ڕاپەڕین دێت چیتر دنیای ئێمە داخراو نابێت، مەعریفەی شانۆییمان بەسەر کولتوورو زمانی جیاواز دەکرێتەوە، ئەوە وا دەکات سێنتەری ئەو شانۆیە لە ئامادەبوونی سەنتەری گوتار بەرەو ڕووی هەڵوەشاندەوەی سێنتەری گوتار بڕوات، لەلایەکدا بوونی ئەو سەرچاوەو پڕۆژە جیاوازانەی شانۆ کە لە کەناڵە جیاوازەکانی شانۆ پێمان دەگات چ لەڕووی ماڵپەڕە شانۆییەکانەوە، یا پڕۆژە وەرگێڕانەکانی لەزمانی یەکەمەوە دەکرێن بە کوردی لە نموونەی زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس.

لەلایەکیتریشدا مەعریفەی بینین لەڕێگەی دی ڤی دی و وێب سایتی یوتوب وا دەکات بەرهەمی ئەو دەرهێنەرانە ببینین کە پێشتر تەنیا ناوەکانیانمان بیستبوو هەندێکجاریش وێنەیەکی ڕەش و سپی نمایشەکانیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکان ئەبینی، ئەو دەمەی بەرهەمەکان ئەبینین تووشی جۆرە شۆکێك ئەبین بەڕاستی مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان ئەبێت کە کارەکان لە ئاستی ناوەکاندا نین، ئەو نائومێدییە سەرەتای گومانێکی شانۆییە بۆ لەدایکبوونی پرسیاری کەشفنەکراو لە مەعریفەی شانۆییمان، بۆ ئەوەش سەرەتا پێویستمان بەوە ئەبێت گفتوگۆ لەبارەی چەمك و زاراوەکانی ئەو ئەزموونانە بکەین، بەدوای ئەوەش بەتەنیا ئەزموونی خۆرئاوایی بە سەنتەر سەیر نەکەین و ئەزموونی کوردیش لە پەراوێزدا ببینین، بەواتای هەوڵ بدەین ئەو دوو جۆرە ئەزموونە بگەیەنینەوە بەیەك، بۆیە لەو پرۆژەیەدا هەوڵ ئەدەین سەرەتایەك بۆ ئەو پەیوەندیە دروست بکەین، کە بەدوو ئاراستە ئیش ئەکەین و هەردوو ئاراستەکە لەپرۆژەیەك بەناوی (پلەی سفری شانۆ) کۆ دەکەینەوە کە لەڕووی ناونانەوە ئاماژەیە بۆ نووسینێکی ڕۆلان بارت بەناوی (پلەی سفری نووسین) بەڵام مەبەستی سەرەکی ئێمە لەو ناونانە گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕەگو ڕیشە سەرەکییەکانی تیۆر هەر لەبەر ئەوەش سەرەتا لەسەر چوار ئەزموونی جیاواز دەوەستین ئەزموونی هەریەکە لە (ئارتۆ و گرۆتۆفسکی و باڕبا و سوزوکی) ئەو چوار ئەزموونە ناو دەبەین بە کولتوور شانۆیە، ئەو ناو بردنە گەڕانەوەیە بۆ شانۆبوون بۆ شوناسی ڕاستەقینەی شانۆ.

بەتایبەت کە لەسەر ئەزموونی سوزوکی دەوەستین وەك شانۆکارێکی خۆرهەڵاتی لە خۆرئاوا لەسەر چەمکی کولتوور ئەو باسە بەرەو پرسیاری ترمان دەبات ئەویش ئەزموونی تاراوگەیە تاراوگە چی

به شانۆکاری کورد دەبەخشێت ئەزموونی ئێمە لەو بوارەدا چییە بۆ ئەوەش لەسەر سێ ئەزموونی کوردی دەوەستین، تاوەکو لە ئاستی گوتارە شانۆییەکەمان و مەعریفەی شانۆییمانە بگەڕێنینەوە بۆ چەمکی شانۆبوون و پرسیاری شوناسی شانۆی ئێمە چییە و ئامادەبوونی شانۆکار لەبەردەم شوناسدا چ ڕەهەند و دەلالەتێکی هەیە، هەڵبەت ئەوەش دەرگا لە پرۆژەی تیۆریی و ئەزموونی پراکتیکی جیاواز دەکاتەوە.

٢٠١٢-٧-١٣

کەرکوك

# بەشی یەکەم

# کولتوور شانۆیە

وەستانی گوتاری دۆگما لەنمایشی شانۆییدا پەیوەست بوو بەوەستانی گوتاری شانۆ خۆی، بەهۆی ئەوەی ئەو گوتارە سیستمێکی سەپێنراوی سەپاندبووە سەر شانۆ، ئەویش وتراوی نێو تێکست بوو، شانۆ لەسەر بنەمای تێکست بنیات ئەنرا نەوەك لەسەر گوتارە شانۆییەکە وەك هونەر.

شانۆکارانی ئەزموونکار ویستوویانە لەناو پرۆسەی شانۆدا بیر بکەنەوە نەوەك بیرکردنەوە بخەنە دەرەوەی شانۆ و بیرکردنەوە ببردرێتە ناو ئەدەبەوە، بۆیە ئەو بیرکردنەوەیەش نمایشی لەساتەوەختی مەشق بەرهەم دەهێناو تواناکانی شانۆ لەتوانای ئەکتەر دەردەکەوێت، ئەوەش بنیاتنانی ئەزموونی شانۆیی جیاوازە، ئەزموونگەلێك توانی شانۆی جیاواز بێنێتە کایەوە.

بەتایبەت بەدوای ئەوەی چیتر کولتووری خۆرئاوایی وەك سەنتەری کولتووری شانۆیی سەیر نەکراو ڕوو کرایە کولتووری خۆرهەڵات، ئەو ڕووکردنە ئەو کولتوورەی لە پەراوێزدابوو توانی گوتارە شانۆییەکە گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەزموونە شانۆییەکانیش لە گوتاری هاودژەوە شانۆ بنیات بنێن، بەتایبەت بەدوای ئەوەی ئارتۆ بنەما تیۆرییەکانی نووسیەوە، وەك پرۆژەیەکی ناتەواو مایەوە تا دەرکەوتنی گرۆتۆفسکی، کە ئەو شانۆیەی وەك تیۆر بەجێ نەهێشت بەڵکو تەرجەمەی کردە ناو ڕووبەری نمایش، کە دواتر پیتەر بروك گوزارەی شانۆی فرە کولتووریی هێنایە نێوەندەکەوە، کە ئەوەش تەواو قووڵبوونەوە بوو لەناو کولتوورە جیاوازەکان بۆ شانۆ، کە نمایشەکانیشی بردە ناو ئەو کولتوورانەو هەر لەوێش بەرهەمی هێنان وەك «ئۆرگاست، مهابهارتا».

قسەکردن لە ئەزموونەکانی بروك پێویستی بە پرۆژەی سەربەخۆ و تایبەت هەیە کە دەکرێ بۆ دەرفەت و پرۆژەیەکی سەربەخۆ هەڵبگیرێت، بۆیە ئەوەی ئێمە لێرەدا لەسەری دەوەستین چوار پرۆژەو ئەزموونی تایبەتە کە سەرەتا بە ئارتۆ دەست پێدەکەین و ناوی دەبەین بە فەیلەسووفی شانۆ، ئەویش بەهۆی ئامادەبوونی بنەما فەلسەفییەکانی ئەم شانۆیە.

دواتر دێینە سەر گرۆتۆفسکی وەك شانۆیەکی جیاواز کە هەمیشە بەدوای خاسیەتە کەشف نەکراوەکان گەڕاوە هەر ئەوەش وای کردووە ناوی بەرین بە گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی،

هەڵبەت یەکێك لە هاوکارەکانی یۆژینیۆ بارِبا بووە کە ئەویش وەك بابەتێکی سەربەخۆ کە تایبەت بە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیی و پەیوەندیی کولتوور لەبارەی توێژینەوە دەکەین.
کۆتایی ئەو بەشە بە شانۆکاری ژاپۆنی تاداشی سوزوکی تەواو دەکەین بەتایبەت لەسەر هەردوو چەمکی کولتوورو جەستە کە سوزوکی تێکستێکی تیۆریی لەو بارەیە هەیەو ناوی ناوە کولتوور جەستەیە.
هەموو ئەوانەش وایان کردووە ناویان بەرینەوە بە کولتوور شانۆیە.. بۆچی کولتوور شانۆیە؟ ئەوە پرسیارێکە لەناونیشانی ئەو بەشە ڕووبەرووی دەبینەوە، بەڵام ئەو دەمەی دەبینین کولتوور گوتارێکی سەرەکی ناو شانۆی ئەزموونگەریە، لەوێدا شانۆکاری ئەزموونکار کولتوور سەرلەنوێ دەخوێنێتەوەو لەیەکەو دارِشتەی ناتەباو نوێ دەیخوێنێتەوە لەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کولتوور شانۆیە، ئەگەرچی ئەو دەستەواژە دەشێت پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی بێتاقەت بکات بەوەی کولتوور شانۆ نییە.. بەڵکو شانۆ کولتوورە، بەو پێیەی شانۆ وەك بەشێك لە کولتوور سەیر دەکرێت، بەڵام ئەو دەمەی ئێمە کولتوور بە شانۆ ناو دەبەین مەبەستمان ئاوێتەبوونی کولتوورە لە شانۆدا کە ماناکانی لەناو شانۆ بەرجەستە دەبێت بەوەی چۆن کۆمەڵناسان هەموو زەمەنەکانی ناو یادەوەری و هەنووکەو داهاتوو بە فەرهەنگ و کەلەپورو زمان و جلوبەرگ و ئەدەب و هونەر بە کولتوور ناو دەبەن، بۆ ئێمەش ئەو حاڵەتە هاودژ دەبێتەوە بەوەی هەموو ئەوانە کە دەبنەوە کولتوور، کولتووریش دەبێتەوە بە شانۆ بۆیە ناوی دەبەین بە کولتوور شانۆیە.

# ئارِتۆ فەیلەسوفی شانۆ

تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ شانۆ بەتەنیا خەونێك نەبوو بۆ شانۆیەك كە ئەو دەیویست بێتە دی، بەڵكو ئەو خەونە لای ئەو یۆتۆپیایەك بوو نەهاتبووە دی، بۆیە باوەڕی وابوو شانۆ تا ئێستا لە دایك نەبووە، چونكە واسەیری شانۆی دەكرد كە دەبێ توانای مرۆڤ بیهێنێتە دی، نەك فرمانی یەزدان بێت بەسەر مرۆڤ، هەر بۆیە ئەو شانۆیەی كە ئارتۆ بەدوای دەگەڕا زیاتر شانۆیەك بوو لە نموونەی مرۆڤی باڵای نیتچەوە نزیك بوو، ئەوەش وای كرد شانۆی ئەزموونگەری بە تێگەیشتنێكی تردا بڕوات، بەوەی گەر هەر ئیزافەیەك لە شانۆدا ئەزموون بێت، ئارتۆ هات ئەو تێگەیشتنەی بەتەواوی هاودژ كردەوە، ئەوەش لەڕێگەی كوشتنی یەزدان لە شانۆدا.
بەو كوشتنە توانی هێز بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، چیتر شانۆ لای ئەو بریتی نەبوو لە هێزی ئاسمان بەسەر مرۆڤ، بەڵكو دیدی غەیبانی لە شانۆدا تێكشكاند، لەڕێگەی كۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی وشە، وشە نەیهێشتووە شانۆ مومارەسەی ئازاد بوونی خۆی بكات، وشە سەرەنجام شانۆی كۆتی ناو یاسای پەرستگا كۆنەكان كردبوو، گەڕانەوەی ئیرادە بۆ مرۆڤ لەڕاستیدا ئازاد بوونی مرۆڤ بوو لە یاساكانی پەرستگا ئایینییەكان، تێگەیشتنی ئارتۆ بۆ شانۆ ڕەخنەگرتن بوو لە شانۆی تازەگەری، ئەو ڕەخنەگرتنە بووە هۆی لەدایكبوونی ڕێرەو و ئاراستەی جیاوازی ئەزموونكاری بۆ شانۆ، بۆیە شانۆ بۆ ئەو لەدایكبوونی هونەرێكە كە پێشتر ئامادەبوونی نەبووە، ئەوە مێژووی ڕاستەقینەی شانۆی ئەزموونگەریە، ئەزموونێك لە پێناو شانۆ خۆیدا، بەواتای ئەوە ئیزافە بەخشین نییە بە شانۆ، بەڵكو خوڵقاندنی شانۆیە، چونكە ئەوەی ڕێگر بوو لەبەردەم بوونی شانۆ، ئەوە بە تەنیا وشە و حیكایەتەكانی نەبوو، كە دەبوونە مایەی پێكەنین و خەوبردنەوەی بینەران بەرامبەریان، بەڵكو ئەو دیدەی بڕوای وابوو شانۆ دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە لاسایی ژیان بكاتەوە.. ئەوەیان گرفتی سەرەكی بوو، ئارتۆ نەك تەنیا شانۆی بە لاسایی كردنەوەی ژیان ناو نەبردەوە، بەڵكو چەمكی ژیانی بۆ خۆی بەلاسایی كردنەوە سەیر كرد.
كاتێ شانۆ لاسایی ژیان نەكاتەوە، بەهۆی ئەوەی ژیان خۆی لاسایی كاری بێت، ئەو ساتە پەیوەندی نێوان ئەكتەر و بینەریش بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو گۆڕانەش لەسەر

ئاستی پەیوەندی ئەو دووانە بە تەنیا نامێنێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە لێدان لە سێنتەری ڕابردوو بۆ پێکهاتەی نمایش، کە شانۆ لە دەقەوە سەرچاوەی دەگرت، لەو ڕێگەیەوەش زمانی شانۆ زمانی تێکستی ئەدەبی بوو، ئارتۆ لە (مانیفێستی یەکەمی) شانۆکەیدا ئەو سێنتەرەی بە تەواوی هەڵوەشاندۆتەوە بەهۆی ئەوەی «کۆتایی بە دوورخستنەوەی شانۆ لە دەق و ئامادەکردنەوەی جۆرێك لە زمانێکی نایاب، کە بزاوت بکات لەنێوان جووڵە و فیکر» (البیان الاول/ انطوان ارطو، نظرية المسرح الحديث، تقديم و تحرير: اريك بينتلي، ترجمة: يوسف عبد المسيح ثروت، دار الشؤون (بغداد) الطبعة الثانيية ١٩٨٦، ص٤٧)

لێرەوە لەوە دەگەین کە ئارتۆ ویستوویەتی شانۆ زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، زمانی مەشق و گەڕانی شانۆکار بێت نەك زمانی تێکستی ئەدەبی، بۆ ئەوەش بڕوای وایە «هەموو نووسەرە شانۆییە گەورەکان لە دەرەوەی شانۆدا بیریان کردۆتەوە» (شانۆی توند و تیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا/ دانا رەئوف، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨، ل٤٠)

بەواتای ئارتۆ بڕوای وایە نووسەرانی شانۆ نەیانتوانیوە لەناو پرۆسەی شانۆ کەسێکی بیرکەرەوە بن، ئەوەش بۆتە هۆی کوشتنی شانۆ، بۆیە شانۆ بەلایەوە پێویستە خاوەنی زمانێك بێت پرسیار و گومانی خۆی هەبێت، بەیەکداچوونێکی شانۆیی بێت لەنێوان فیکر و جووڵەدا، ئەوەش چارەسەرێکی جیاوازی شانۆیە لە ئەدەب، بەوەی شیعری لە دایەلۆگەوە گۆڕی بۆ پانتایی، شیعری پانتایی بە واتای شیعریەتی شوێن لەڕێگەی سیستمی ڕێکخەری نێو ماتریالەکان و جەستەی ئەکتەر، ئەوەش لە دایکبوونی زمانی بینین بوو.

زمانێك لە هەناوی پانتایی دێتە بوون، نەك لەناو دەمی ئەکتەر، ئەوەش زمانێك بوو کە شانۆی یەکسان دەکردەوە بە میتافیزیکیا، چونکە دەیویست لە شانۆدا میتافیزیکیا بنیات بنێت، ئەوە میتافیزیکیای ڕاستەقینە بوو کە بریتی بوو لە میتافیزیکیای وشە و گوزارشت، بەڵام نەك بەو مانایەی کە ئینتیمای تەواو بۆ چەمکی ڕاستەقینە بکات، بەڵکو ئەو میتافیزیکایە دەکەوتە ناو هەڕەشەی ڕەخنەی توندەوە، ئەوەش بەلای ئارتۆ دژایەتی بۆچوونەکانی نەبوو، هێندەی پێی وابوو تەنیا ئەوانە بۆیان هەیە ڕەخنە لە میتافیزیکیا بگرن، کە بڕوایان بە ئایینە.

شاعیریەتی شوێن بەهۆی ئەوەی لە خەونەوە لەدایك دەبێت، بۆیە شانۆكەی زیاتر وابەستە كرد بە خەونەوە، خەون پێویستی بە دیدێكی تەئویلكاریانەیە بۆ میتافیزیكیا، بۆ پاراستنی بەشێك لەو ڕەهەندە میتافیزیكیەی خەون.

هەموو ئەمانە بەرەنجامی هاتنە دی پەیوەندییەكی نوێیە لەنێوان بینەر و شانۆ، دیارە كاریگەری ئەو شانۆیە لەسەر بینەر هەوڵێكە بۆ پاكژكردنەوەی ڕۆحی ئەو بینەرە لەڕێگەی سرووتەوە، شانۆ بۆ بینەر بەو تاعونە ناو دەبات كە دەتەقێتەوە، پرۆسەی تەقاندنەوەی تاعون.. پرۆسەیەكی پاكژبوونەوەی ڕۆحی هەریەكە لە ئەكتەر و بینەرە بۆ مرۆڤێكی جیاواز، ئەو مرۆڤەی لای فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریك نیتچە بە (مرۆڤی باڵا) دەیناسین.

ئارتۆ ئەو مرۆڤە لە خودی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ئێمەی ئەكتەر و بینەر، بەمانای خۆی ناكاتەوە بە سێنتەر، بەڵكو ئەو دژی بە سێنتەر كردنە، ئەو بە دژكردنەوە وای كردووە دوالیزمی (ئارتۆ/ شانۆ) بێنێتە كایەوە، ئەو بەدوالیزم ناوبردنە جیاوازە لەو هاوكێشەیەی كە (جان لۆی بارۆ) شانۆی ئارتۆ دەگۆڕێتە سەر (مرۆڤ/ شانۆ) چونكە ئارتۆ سێنتەر دەداتەوە شانۆ، شانۆش ژەهرێك دەدات بە ئارتۆ كە ژەهر خواردنێكی (سوكرات)یە بۆ ئەبەد نەمری پێ دەبەخشێت، ئەو نەمرییە بە سێنتەر كردنەوە نییە، بەڵكو بنیاتی گوتاری ئەزموونگەریە بۆ شانۆیەكی فەلسەفی.. چونكە سەرەڕای فەلسەفی، بەڵام دوالیزمەكە ناتوانێت هەریەكە لەو دووانە لەناو ئەویتر بتوێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی «چیرۆكی ئارتۆ و هونەری شانۆ هەمان چیرۆكی سیزیف و بەردەكەیەتی» (ئانتوانین ئارتۆ و شانۆی توند و تیژی/ جەلال ستاری، وەرگێرانی (پێشڕەو حوسێن) زنجیرەی كتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢/ ل١٣٦)

ئەگەر سیزیف لەدوا لووتكە بەردەكەی غلۆر بێتەوە، ئەوا پرۆسەی غلۆر بوونەوە لای ئارتۆ، بەتەنیا هەوڵدانێكی سەرلەنوێ نییە، بەڵكو پرۆسەیەكە دەبێتەوە خاڵی پشكنین و وەرچەرخان، ئەوەش گومانی شانۆیە لە وەستان و گەڕانێكی ئەزموونكارییانەی بۆ دوای خۆی بنیاتنا، كە وەك دەروازەیەك بۆ جیهانی نەزانراوو گەڕان بەدوای شتە ئاشكرا نەكراوەكان بڕوات، چونكە ئارتۆ بەتەنیا خۆی وەك سیزیفێك دەرناخات، بەڵكو ئەو دوای گەشتە سەرسوڕهێنەرەكەی بۆ

وڵاتی مەکسیك کە پێی وابوو ئەوێ سەرەتای گەشتە کولتووریەکەیەتی لە شانۆدا، چونکە لەو گەشتەیدا زۆر تێگەیشتنی بۆ شانۆ گۆڕا تەنانەت چتر خەونی بەرەو کولتووری ژاپۆنیش هەنگاو نەنا، هەر بۆیە سیناریۆیەکی نووسی بەناوی (تالآنکردنی مەکسیك) ئەو کارەی بووە هۆی ئەوەی بەشێکی تر لەدیدی ڕاستەقینەی ئەو بۆ شانۆکەی ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەوەتە لە بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیەدا ئاماژە بۆ دۆخی بەر لە تەکنەلۆژیا دەکرێت کە ڕۆح تیایدا کوژراوە، هەر لەسەرەتاوە ئازاد بوونی ڕۆح دەبینین، لەڕێگەی ئەشکەوتی کۆنی مرۆڤ و ئامادە بوونی لادێ (بۆ سیناریۆی ئەو ئەزموونە بگەڕێوە بۆ: نظرية المسرح الحديث/اريك بنتلي، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت،دار الشؤون الثقافية بغداد، الطبعة الثانيية ١٩٨٦، ص٦٢-٦٨)

هەستی دەکرد بەوەی توانیویەتی پەی بەو نهێنییە بەرێت بۆیە خۆی وەك پێغەمبەرێك لە شانۆدا دەبینی، دوای گەڕانەوەی گەشتەکەی لە مەکسیك کتێبێك دەنووسێت، خۆی وەك پێغەمبەر ناو دەبات، بۆ ئەوەش لە پەیوەندی خودا و مەسیح قسە دەکات، دەیەوێ خۆی بە مەسیح ناو بەرێت، بەڵام مەسیحێك دوور لەمانا ئایینییەکەی.

لەوەشدا دیسان تێبینی ئەوە دەکەینەوە کە نزیکییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئارتۆ و نیتچە، بۆیە ئەوە لەڕاستیدا بیرۆکەی کوشتنی یەزدانی نیتچەیە، کە مرۆڤ شوێنی دەگرێتەوە، ئارتۆ خۆی بەو پێغەمبەرە ناو دەبات، بەڵام خۆ پێغەمبەرێکی ئایینی نییە، بەڵکو پەیامهێنێکی نوێی شانۆیە، ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بەوەی وەکو مەسیح جەستەی خۆی بکاتە قوربانی ئەوانیتر، وێناکردنی ئەو کاراکتەرە بۆخود، بەتەنیا پێشنیاری وێنەی یاخیەکی شانۆیی نییە، بەڵکو وێناکردنێکە ناوزەد دەکرێت بەلادان لە سیستمی کۆمەڵایەتی، ئەو لادانەش سزاکەی بە توندکردنی لە شێتخانە کۆتایی دێت، نۆساڵ ژیان بردنە سەری لە شێتخانە ئارتۆی دڵنیاکرد لەوەی کۆمەڵگای مۆدێرنیتی کۆمەڵگایەکە دژی داهێنەران، چونکە پایەکانی مۆدێرنیتی لەسەر سڕینەوەی ئەویتر درووست بووە.

بۆیە زۆر سەیر وێنەی ئەشکەنجەدانی خۆی لەنامەیەکدا بۆ بیکاسۆ دەنووسێت»بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی نەخۆشخانە دەروونییەکانی فەرەنساش دەستیان لە ئازاردانم هەڵنەگرت، تەمەنم پەنجا

ساڵە، دانیشتووی (ئیڤەری)م پێنج ساڵی تەمەنم لە گرتووخانەدا بردەسەر، ئەمە سەرباری بەدخۆراکی و برسییەتی و لە بەرکردنی کراسی تایبەت بە شێت، ماوەی پێنچ مانگیش بەردەوام لە ڕێی ترشی (حامز)ی سەنادیر و سیانۆری پۆتاسیۆم ژەهراوی دەکرام، پاشان دوو ساڵی دروست لە (ڕۆدز) لە کارەبا دەدرام، نزیکەی پەنجا جار لە هۆش خۆم چووم، پشتیشم دووجار بە چەقۆ پێکراوە، هەروەهاشوێنەواری ئەو کوتەکە ئاسنینەی پێوە ماوە کە لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری دبلن لێیاندام و بڕبڕەی پشتیان دوو لەت کردم، دەمەوێ بڵێم لەم بارودۆخەدا پەلکێشکردنی جەستەی خۆم ئاسان نییە» (لە ئارتۆ وە بۆ بیکاسۆ.. شانۆکار ژمارە ٣).

ئەوە لەکاتێکدا دوا ساڵەکانی تەمەنی وای لێ دێت، ترس لەو ئەشکەنجەیە بگۆڕێت بۆ بێدەنگی، ئارتۆ هەست بە زەبروزەنگی کۆمەڵگا دەکات، بۆیە خۆکوشتن بەلایەوە پرۆسەیەك نییە خود پێی هەڵبستێت، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە وادەکات خۆکوشتن بێتە پێشەوە، ئەو کە لە کۆتایی ڕۆژەکانی تەمەنیدا دەگاتە ئەوەی ڤان کوخ بە برای ڕاستەقینەی خۆی بزانێت، ئەوەش لەو باوەڕەوە هات کە «ڤان کوخ خۆی نەکوشت، بەڵکو کۆمەڵگا کوشتی، شێت نەبوو، بەڵکو کۆمەڵ شێتی کرد، کۆمەڵگا بەزەیی بەو کەسانەدا نایەتەوە کە بەجێی دەهێڵن و ڕەتی دەکەنەوە و بەجۆرێك سزایان دەدات کە دووچاری گۆشەگیری دەبن و بەڕاستی شێت دەبن و دواجاریش بەویستی خۆیان دەمرن» ( ئانتوانین ئارتۆ و شانۆی توندوتیژی/ جەلال ستاری، وەرگێڕانی (پێشڕەو حوسێن)، زنجیرەی کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢/ ل٧٠)

ئارتۆ ئەگەر بەدوای مردنی ڕۆڵی کاریگەر و مەزنی لە نەخشەی شانۆی ئەزموونگەری دەربکەوێت، بەوەی بووە زەمینەیەکی تیۆری بۆ ئەزموونەکانی دوای خۆی، بەڵام ئارتۆ لەڕێگەی تیۆرەکانییەوە توانی زانستێکی شانۆیی نوێ بێنێتە کایەوە کە (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ ) بوو.

ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ خوڵقاندنی تیۆر و میتۆدێکی جیاوازی کارکردنە، گەڕانە لەناو ڕووبەرێکی ئاشکرا نەکراو، نووسینەوەی شانۆیە لەناو میتۆدێکی زانستی، ئەوە بەریەککەوتنی نێوان شانۆ و زانستە. زانستێکی مرۆیی لەناو شانۆدا وا دەکات ڕوانینێکی هاودژ بەرهەم بێنێت کە هەڵگری پرسیاری فەلسەفی بێت، پرسیار لە شێوەی وتراوی نێو زمان خۆی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو

پرسیار بەرەنجامی گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووتی خێڵە بەراییەکان، ئارتۆ یەکەم بنەما تیۆرییەکانی تیا خولڤاند، بۆیە شانۆکەی بە شانۆیەکی ڕەخنەیی لە دژی شانۆی تازەگەری دەرکەوت، ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی شانۆیەك بە دژی تازەگەری، بە واتایەکیتر ئەوە لەدایکبوونی شانۆی پاش تازەگەری بوو.

گەر تازەگەری دەیویست لەڕێگەی دایەلۆگەوە خۆی بەرەو پێش بەرێت و تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرکەوتنی بێت، ئارتۆ هات شانۆی گەڕاندەوە بۆ سرووتی خێڵ و کۆمەڵگاکان، بەتایبەت بۆ سرووتی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان، هەر بەوەندەش نەوەستا بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕابردوو، بەڵکو تارادەیەکی زۆر خۆرئاوای بەجێهێشت و سرووتە خۆرهەڵاتییەکانی کرد بە گۆڕەپانی ئەزموونی شانۆیی، ئەو کاتانەی بەرەو کولتووری خۆرئاواش بگەڕابایەوە، بۆ ڕابردوویەکی کۆن دەگەڕایەوە، ڕابردوویەك کە هێشتا تازەگەری سیما و خەسڵەتە کولتووریەکانی لێ نەسەندبۆوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تازەگەری خۆرئاوایی کەمتر توانیبووی کاریگەری بەسەر خۆرهەڵات بەجێبێلێت، بۆیە زیاتر بەرەو کولتووری خۆرهەڵاتی گەڕاوەتەوە، گەڕانەوە بۆ کولتووری خۆرهەڵات خولڤاندن و بنیاتنانی ڕووبەرێکی نوێ و جیاوازی ئەزموونی شانۆیی بووە، ئەزموونێك کە بە شانۆی توندوتیژی ناوی دەرکرد، کە مەبەستی توندوتیژی نواندن نییە بۆ جەستە، بەڵکو بڕوای وایە کە ئەو شانۆیە ژیانە، بۆ ئەوەش دەڵێت»هونەر لاساییکردنەوەی ژیان نییە، بەڵکو ژیان بۆخۆی لاساییکردنەوەیە» (الكتابة والاختلاف/ جاك دريدا، ترجمة (كاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى ١٩٨٨، ص٧٨)

بۆیە ئەو ژیانە نوێیەی لەڕێگەی توند و تیژیەوە بنیات دەنرێت ئەوە دنیای هاتنەدی تیایدا سرووت پرۆسەی پاکبوونەوەی ڕۆحی تیا ئەنجام دەدات، بەهۆی ئەوەی شانۆی توندوتیژی ڕەهەندێکی فراوانی بۆ مرۆڤە، ئەوە وای کردووە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆی تیا بێتە بوون، ئەنترۆپۆلۆژیا لە توێژینەوە لە بارەی مرۆڤەوە پەرپەوە بۆ گەڕانی مرۆڤ لە نێوان ژیان و مردن، ئەو ژیانەش بریتییە لە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە توانای خولڤاندنی شانۆی هەیە، ئەوەش مانای وا نییە کە مرۆڤ لە شانۆدا لاسایی ژیان دەکاتەوە، وەك خۆی ئاماژە بۆ لاسایی کردنەوەی ژیان خۆی دەکات، بۆیە شانۆ بۆ خۆی بریتییە لە ژیان، بەڵام ژیانێك بە تەواوی جیاوازە لە ژیانی شانۆی کلاسیکی، کە

لەسەر بنەما ئەرستۆییەکان هونەر بە لاساییکردنەوەی ژیان سەیر دەکرا، ئارتۆ بەهەمور شێوەیەك ڕەفزی ئەوە دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی ژیان هەمیشە لەناو لاساییکردنەوە نوقمە، بۆیە شانۆ بۆ ئارتۆ پرسیارکردن و دارشتنەوەی تەواوی مانا باوەکانە بۆ تێگەیشتنی بەرایی لە شانۆ، لە دایکبوونی پڕۆسەی خولقاندن و هاتنە ئارای پڕۆسەی جیاواز بوونە، کە داوای ئەوە دەکات شانۆ لە دەق دوور بخرێتەوە، ئەو دوورخستنەوەیە چەمکی موقەددەس لە دەق دەسڕێتەوە، سڕینەوە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی گوتاری دەقە، کاتێ ئەو گوتارە ئامادەبوونی نەما دەکەوێتە نێو پڕۆسەی جووڵە و فیکر، ئەوە بیرۆکەی سەرەکی ئەزموونی ئارتۆ بوو، بنیاتنانی زمانێکی نوێی شانۆیە، زمان سنوری وشە دەبڕێت، لە پانتایی بنیات دەنرێتەوە، بارگاویکردنی زمانی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ زمانێکی شانۆیی، بەڵام بارگاویکردن لەناو سیستمی دەلالی لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە پانتایی و بە ماتریالە بینراوەکانەوە دەخولقێنرێت. ئەوەش بە مەبەستی پڕۆسەی کەشفکردن و دارشتنەوەی زمان و ئیستاتیکا بوو، چونکە دەیویست لەڕێگەی خولقاندنەوەی زمانی مرۆڤی سەرەتاییەوە لە کایەیەکی جوانکاریەوە بەرەو کایەیەکی کولتووری هەنگاو بنێت. (مۆنیك بوری لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی شانۆی ئارتۆ و گەڕانەوە بەرەو ڕەگ و ڕیشەی شانۆکەی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شانۆی ئارتۆ لە شانۆوە بەرەو ئەنترۆپۆلۆژیاوە ڕۆیشتووە، کە ئەوەش دەتگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە کولتوور بەڕادەیەك ئامادەبوونی هەیە تاوەکو شانۆ لە ئیستاتیکاوە بەرەو کایەکی کولتووری دەبردرێت)

ئەنترۆپۆلۆژیا پەیوەندی نێوان شانۆ و هۆڵ بە تەنیا ناگۆڕێتە سەر پڕۆسەیەکی هاوبەشی نمایش، بەڵکو ئەو پڕۆسەیە ئامادەبوونی پەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژی نێوان ئەکتەر و بینەرە لەسەر بنەمای ئاشکرا کردن لەنێو سرووتدا، بەوەی هەریەك لە ئەکتەر و بینەر بەدوای ئاشکراکردنی خۆی دەگەڕێت، بە تایبەت بۆ ئەکتەر کە بەشدارێکی ڕاستەوخۆی ناو سرووتە، بینەریش لەناو ئەو سرووتەدا بەتەنیا بە دوای ئاشکرابوونی خودی خۆی ناگەڕێت، هێندەی مەبەستی گەیشتنە بە میتا ئاشکرا بوون، بۆ ئەوەی جیهانێکی تر بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش ئەو تاعونەیە کە ئارتۆ وەك ستراتیژی شانۆکەی لەو پەیوەندییە ئەنترۆپۆلۆژیە بەرهەمی دێنێت، چونکە بینەر بەدوای پاکبوونەوەی لەو تاعونە، کە ڕزگار بوون لەو تاعونە کاری شانۆیە، بەدوای ڕزگار بوونی

بینەر دەیەوێت لە بوونی میتافیزیکی خۆی دەرچێت و بوونێکی نوێ بدۆزێتەوە، ئەوەش زیاتر لە بیرۆکەی (مرۆڤی باڵا)ی نیتچە نزیکمان دەکاتەوە.
ئەو نزیك بوونەوەیە بە تەنیا گریمانەیەکی نێو تێگەیشتنی ئێمە نییە، کە شیاوی گومان کردنی ڕووکەشانە بێت، بەڵکو تێگەیشتنێکی فەلسەفیشە، چونکە لەزۆر ڕووەوە ئەو کاریگەرییە فەلسەفیەی نیتچە بەسەر تیڕوانینی شانۆیی ئارتۆ دەرکەوتووە، ئەگەر تازەگەری پایەکانی خۆی لەسەر عەقڵ دامەزراند و نیتچەش بە یەکەم ڕەخنەگر لە تازەگەری دەرکەوتبێت، بەوەی چۆن پرۆژە گومان کارییەکەی دیکارت «من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم» بە بنەمای تازەگەری خۆرئاوایی دادەنرێت، ئەوەی عەقڵ خاوەنی بێت تازەگەرییە و ئەوەی تازەگەریش بێت بەرهەمی عەقڵە، ئاواش ڕەخنەی نیتچە لە عەقڵانییەتی خۆرئاوایی بە سەرەتای ڕەخنەگرتن لە تازەگەری دادەنرێت. وەك چۆن ئەوەش لای ئارتۆ دەبینین کە کارکردن و پرۆژە ئەزموونکارییەکەی یەکەم ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی شانۆیە لەدژی تازەگەری شانۆیی، بە مانای هەر یەکە لە ئارتۆ و نیتچە بە خاوەنی بنەما تیۆرییەکانی ڕەخنەگرتن لە تازەگەری دادەنرێن، ئەو بنەمایە وای کردووە ئارتۆ زۆر کاریگەری نیتچەی بەسەرەوە بێت، بەهۆی ئەوەی (مرۆڤی باڵا)ی نیتچە چەمکێکە لەپشت تێگەیشتنە ئەزموونکارییەکەی وەستاوە، ئەوەیان چۆن؟ ئەگەر ئارتۆ لە شانۆکەیدا لەڕێگەی سرووتەوە مەبەستی تەقاندنەوەی ئەو تاعونەی ناخی ئەکتەر و بینەر بێت، بینەر لەو پرۆسەی پاکبوونەوەیە بەدوای بوونێکیتر بگەڕێت بۆ خۆی، ئەو بوونە خەون بینینە بە جەستەیەکی بەرهەم نەهاتوو گەڕانە بەدوای بوونێکی نوێ کە نیتچە ناوی ناوە مرۆڤی باڵا، ئەو مرۆڤە لای هەردووکیان پەیوەستە بە مردنی میتافیزیکیاوە، دیارە ئەو مردنە کە نیتچە خستیەڕوو چەمکێکی فراوانی هەیە تەنیا وابەستە نییە بە مردنی یەزدان بەڵکو «مردنی ئەوانەشە کە پەیوەست و پاشکۆی ئەو بوونەن، بۆیە ئەوە مەسیح نییە بە تەنیا دەمرێ، بەڵکو کڵێسا و مرۆڤیش بەشدارن لەو مردنە، بە مردنی مرۆڤ پێشنیاری مرۆڤی باڵای خستەڕوو، چونکە عەقڵ ئەو پەرستگایە بوو کە لە هەڵوەشاندنەوەی دەبێت ڕەخنەگرتن لە عەقڵ ببێ بە پەرستگای نوێ کە ئەو قەدەر و پێشهاتانەی پەرستگا کۆنەکان دەیانبردەوە ئاسمان، ئەوا لە هاتنی مرۆڤی باڵا، ئەو

مرۆڤە بۆخۆی دەبێ چارەنووس و قەدەری خۆی دیاری بکات» (رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، (لێکۆڵینەوەی فەلسەفی) ژمارە(١٤) کوردستان ٢٠٠٦، لاپەڕە ٩٥).

بەڵام دەروازەی فیکری نیتچە وابەستەیە بە مردنی یەزدانەوە، وەك چۆن ئەوەش دەروازەی شانۆکەی ئارتۆیە بەهۆی ئەوەی «شانۆی توندوتیژی یەزدانی لە شانۆ کردۆتە دەرەوە» (الکتابة والاختلاف/ جاك دریدا، ترجمة (کاظم جهاد) دار توبقال للنشر، الطبعة الاولی ١٩٨٨، ص ٧٩) لەلای ئارتۆ پاککردنەوەی شانۆ لە میتافیزیکیا سەرەتای ڕاستەقینەی لە دایکبوونی شانۆیە، ئەو پێکگەیشتنەی نێوان نیتچە و ئارتۆ بەرەنجامی ئیشکردنەوەیە لەسەر چەمك و بنەمای تیۆری، ئەگەر لای جیل دۆلۆزی ناسراو بە فەیلەسوفی نەوەی نیتچە پرسیاری فەلسەفە چییە؟ بریتی بێت لە فەلسەفە خولقاندنەوەی چەمکە، ئەوا دەبێت بڵێین چەمکە نیتچەییەکان سەرلەنوێ لەناو شانۆ بە مانا و دەلالەتی نوێ دەخوێنرێنەوە، ئەگەرچی چەمکەکان لە ڕووی پرۆسەی ناونانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵام لە کرۆکدا چەمکی نیتچەیین.

بۆیە چەمکی (توندوتیژی) ئارتۆ نە بەتەنیا شانۆیەکی خاڵیە لە تێگەیشتنی فەلسەفی و نە چەمکێکی فکری و ئەنترۆپۆلۆژی ڕووتە، بەڵکو ئەو چەمکە زیاتر لە چەمکی (هێز)ی نیتچەوە نزیکە، کە هێز مەعریفە بەرهەم دێنێت، کە لای میشێل فۆکۆ چەمکی هێز دەگۆڕێت بە دەسەڵات، ئەوە دەسەڵاتە مەعریفە بەرهەم دێنێت، بەڵام ئەو مەعریفەیە لای ئارتۆ چۆن بەرهەم دێت؟ ئارتۆ لەسەر چەمکی مەعریفە ناوەستێت هێندەی ئەوە توندوتیژیە شانۆ بنیات دەنێت، بەمانای مەعریفەکە شانۆیە، بۆیە ئەو کاتەی دەڵێت نە شانۆ بوونی هەیە و نە سەما ئەوە بۆ نەبوونی ئەو توندوتیژیە دەگەڕێتەوە، لێرەدا نەبوونی شانۆو بوونی لە ڕێگەی توند و تیژییەوە ئەو بوونە وابەستەیە بە مەعریفە (شانۆ)وە. ئامادەبوونی فرە جەستەیی لەناو سرووتدا وێنەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیە، لە شانۆدا وەزیفەکەی لەڕێگەی فرە جەستەیی ئەکتەر لەناو سرووت دەردەکەوێت، لەو سرووتەدا جەستە بە تەنیا نوێنەرایەتی ڕەگەزەکەی خۆی ناکات، هێندەی جەستەیەکە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستە.. جەستەیەکی نێرە مووکە، جەستەیەکە لەناو زەمەنی غەیبانیدا دەژی،

سنوورێکی نییە بۆ دنیای حەرام، جەستە لەناو سرووت جەستەیەکی حەرامکراو نییە، جەستەیەکە لەڕێگەی جوولە کردن خۆی ئازاد دەکات «دەتوانێت بەرەنگاری ترس بێتەوە، لەگەڵ غەیبانییەت بچێتەوە ناو پەیوەندییەوە»(ارتو والبحث عن ينابيع المسرح/ مونيك بورى، ترجمة (عبدالمجيد شكير) مجلة نزوى، من موقع www.nizwa.com)

ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنە بە ڕەگ و ڕیشە کولتوورییەکان، کە دەبێتە کەناڵی نێوان حەقیقەت و پێچەوانەکەی، بۆیە ئەو جەستەیە سنووری ڕەگەزی خۆی بەجێ هێشتووە، ئەنترۆپۆلۆژیا لەو ڕێگەیەوە پرسیارەکانی خۆی لە بارەی جەستەی مرۆیی دەگوازێتەوە بۆ پرسیار لە جەستەی ئەکتەر، جەستەی ئەکتەر دەبێت بە جەستەی کولتووری، جەستەیەکە هەڵگری تەواوی ئەو کولتوورەیە «کولتوور نووسراو نییە، وەك ئەفلاتون دەڵێت (فکر لەو ڕۆژەوە لە دەستدرا کە یەکەم وشەی نووسرایەوە) ئەگەر نووسیمان، مانای فیکر قەدەغە دەکەین لە جوولە کردن لەناو فۆڕمەکان، بەو پێیەی هەناسەدانێکی فراوانە» (المسرح و الالهة/ انطوان ارطو، ترجمة (سعيد كريمي) فكر و نقد، العدد٣٤)

شانۆ بۆ ئارتۆ هەمان وەزیفەی هەیە، شانۆ بەلایەوە نووسراو نییە و وەك کولتوور دەخوڵقێنرێت. پرۆسەی خوڵقاندن لەناو ریتوالدا ساتەوەختی ئامادەبوونی جەستەیە لە زەمەنی غەیبانی و دابڕانییەتی لە زەمەنی دەرەوەی سرووت، ئەوەش ئیشکردنەوەیەتی لەسەر چەمکی سرووت، خوڵقاندنی پەیوەندی جەستەکان بە یەکتریەوە، لە جەستەی تاکەوە بۆ جەستەی کۆ، لە جەستەی کۆوە بۆ جەستەی تاك، لە جەستەی نێرەوە بۆ جەستەی مێ، لە جەستەی مێینەشەوە بۆ جەستەی نێر، هەموو ئەو پەیوەندییە جەستەییانە ئامادەبوونی گوتاری ئەنترۆپۆلۆژی شانۆیە لەناو چەمکی سرووت لە ڕێگەی جەستەی ئەکتەرەوە چڕ دەکرێنەوە، مانای جیاواز و نوێ دەبەخشن، مانایەك پەیوەستە بە شانۆ وەك پرۆسەیەکی ئیبداعی و زانستی، ئەوەش گۆڕینی شانۆیە لە نووسینەوە بۆ خوڵقاندن.

# گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی

هەوڵێکی بەراییە بۆ خوێندنەوەی چەمك و تێگەیشتنە ئەزموونکارییەکانی گرۆتۆفسکی، لەسەر ئەزموونی میتا شانۆ، ئەوەش پڕۆسەی لەدایکبوونی ئەودیوی ماناکانی شانۆیە، تەنانەت بەدژی هەموو ئەو بنەمایانەش دەوەستێتەوە کە بیەوێ بیکات بە یاسای نەگۆڕ، هەر بۆیە دەمانەوێ قسە لە (گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی) بکەین، بۆ ئەوەی لەم دەروازەیەوە بچینە ناو دیدی ئەزموونکاری ئەو داهێنەرە و لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ئەزموونەکانی گفتوگۆو پرسیار بخوڵقێنین.

خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەتەنیا هاتنە دەنگی میتۆدێك نییە، بەڵکو خوڵقاندنەوەی چەمك و پرسیارکردنە لەناو واتاو ماناکانی نێو میتۆد، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین لە ئاستی میتۆدی بیریارە شانۆییەکان ستایشکار بین، ئەوە ستایشە نایەڵێت ئەزموونکار بین، چونکە توانای خوێندنەوە تیایدا سنووری زمان تێناپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوە سڕینەوە نییە، هێندەی ئیشکردنەوەیەکی نوێیە، پرسیارکردنەوەیە لەناو میتۆد، ئەوە پرۆژەیەکی گومانکاریە لەپێناو گەڕان بەدوای نهێنییەکی ئاشکرانەکراو، پرۆسەیەکە بەدوای خوڵقاندنی جیاوازی تێگەیشتن دەگەڕێت، جیاوازی تێگەیشتن لە گرۆتۆفسکی نەك وەك میتۆدێکی جێگیر و وەستاو کە مەبەستی ئەو نەبووە، بەهۆی گەڕانی ئەزموونکاری بەردەوامی، بەڵکو گرۆتۆفسکی بۆخۆی دژی ئەو گرۆتۆفسکیە وەستاوە، ئەوەش بەرەنجامی کەشف کردنی پەیوەندیەکانییەتی لە شانۆدا، بەتایبەت پەیوەندی نێوان (شانۆ و کولتوور) و (شانۆ و فەلسەفە) و (شانۆ و بینەر) ئەگەرچی ئەو پەیوەندییانە پێویستیان بە گفتوگۆی قووڵ هەیە، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەزموونکاریەتی گەڕانەوەی سەرچاوەیە بۆ ئەکتەر، بەواتای ئەو کاتێ بەرەو جەستەی ئەکتەر دەگەڕێتەوە، مانای وایە دەیەوێ سەرجەم پەیوەندییەکان جەستە بەرهەمی بێنێت، ئەوە سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ شانۆی ئەزموونگەری، کە جەستە زمانی شانۆ بێت.

چونکە توانای لەدایکبوونی ئەو پرۆسەیەی هەبوو، ئەو پرۆسەیە پەیوەندی نێوان شانۆ و فەلسەفەی لە شانۆ گۆڕی بۆ شانۆی فەلسەفی، چونکە ئەگەر شانۆ تا ساتەوەختی ئیشکردنی ئارتۆ

گوزارشت کردن بوویێت لە فەلسەفەی شانۆ، کە لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئەدەبی شانۆ بووە، ئارتۆ ئەدەبی تیا گۆڕی بۆ شانۆ خۆی، ئەوەش ڕێگایەکی درێژی لەکۆڵ گرۆتۆفسکی کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ شانۆ لەڕێگەی زمانی ڕاستەقینەی خۆیەوە، دوور لە گریمانەی نووسراوی نووسەر و پێکهاتە شێوەکارییەکان، شانۆی لەڕێگەی جەستەوە بردە نێو فەلسەفە.

بەوەش شانۆکەی بوو بە شانۆیەکی فەلسەفی، ئەوە بانگەشەیەکی هەڕەمەکی و ڕواڵەتخوازانە نییە، بەڵکو بەرەنجامی ئیشکردنی بوو، لەنێو چەندین زانستی وەکو (ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، سیمیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، فۆنۆلۆژی) بەڵام بەهۆی فراوانی ئەو زانستانە لە ئیشکردنی شانۆیی ناتوانین لەنێو ڕەهەندێکی دەست نیشان کراو تەماشایان بکەین، نەك هەر بۆ ئەزموونکارێکیتر، بەڵکو بۆ خودی گرۆتۆفسکی خۆشی، چونکە هەریەك لەو زانستانە بەمەبەستی نمایش کردنیان نەبوو لەناو شانۆ، هێندەی بنیاتنانی زانستی شانۆ بوو، زانستی شانۆ بەدوای شانۆیەکی فەلسەفی هاتە بوون، ئەوە سەرباری ئەو جیاوازییانەی کە کێشەیەکی دیالەکتیکی ئەزموونگەرییە لەبارەی ئەو ئەزموونەوە.

ئەزموونی گرۆتۆفسکی پرۆسەی دژە شانۆیە، بەواتای ئەزموونگەری بەلایەوە دژایەتی کردنی تەواوی ئەو هەوڵانەیە کە باس لە تازەگەری دەکەن، چونکە تازەگەرییەکی تەکنەلۆژیە، وەك چۆن ئەدەب و تەکنەلۆژیا ئاوێتەی یەکتر دەبن و شوناسی تازەگەر بەو شانۆیە دەبەخشن، ئەوە ئەگەر شوناسی تازەگەری بوویێت لە شانۆدا، کە برێخت و بسکاتور زیاتر بەرهەمهێنەری بوون، ئەوە گرۆتۆفسکی لەڕێگەی تواناکانی ئەکتەر کۆتایی بە پرۆژەی تازەگەری هێنا، ئەوەش سەرەتایەکی تر بوو بۆ شانۆی پاش تازەگەری، بەدوای ئەوەی ئارتۆ بنەمای تیۆریی بۆ ئەو شانۆیە هێنایە کایەوە، گرۆتۆفسکی بانگەشەی بۆ هاتنە دی ئەو قۆناغە نوێیە کرد، ئەوەشی لەڕێگەی وتەیەکی گرنگی دەرخست کاتێ وتی «ئێمە لە سەدەی میتا شانۆدا دەژین»(غروتوفسكي واشكالية صهر المسرحي باللا المسرحي/ عدنان مبارك، موقع مسرحيون)

کە کۆتاهاتن بوو بە کۆتایی هاتنی ئەو تازەگەرییەی کە لەسەدەی خۆی لەنێو گۆڕان و ئەزموونەکانی گەیشتە چلەپۆپە و ئیدی شانۆ پێویستی بە سەدەی میتا بوونی خۆی هەیە، ئەو

سەدە نوێیەش تێگەیشتن لەشانۆ بنەماکانی خۆی لەڕێگەی جەستەوە بنیات دەنێت، جەستەی ئەکتەر تاکە سەرچاوەیەکە، هەر ئەویش زاراوەی جەستەی قەدیسی بە ئەکتەر بەخشی، بەکارهێنانی زاراوەی قەدیس بۆ ئەکتەر پەیوەندی بە تێگەیشتنێکی ئایینییەوە نییە، هێندەی تێگەیشتنێکی کولتووریە، بەوەی ئەکتەر پیرۆزترین توخمە لە نمایشی شانۆییدا.
بەواتای گرۆتۆفسکی مەبەستیەتی هەموو پیرۆزیەك بە شانۆ ببەخشێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ناو لە ئەزموونەکەی دەنێت (شانۆی هەژار) کەچی ئەو لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەوانە ببنە یاسای کۆنکرێتی، بەڵکو بنەمای تیۆری ئەزموونەکەیەتی، بۆیە بڕوای وایە ئەوەی ڕێسایەکی پیرۆز لە شانۆ دروست دەکات ئەوە نەبوونی ڕێسایە، ئەوەش وای کردووە، گرۆتۆفسکی نەیەوێ ببێ بە گرۆتۆفسکیزم، بەڵکو ئەزموونگەری لە شانۆدا ناوی (گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی) پێ ببەخشێت.
ئەوەش سەرەتا پێویستی بە خولقاندنی ئەو پرۆسەی میتا شانۆیە هەبوو، چ لەڕووی گۆڕینی چێژی شانۆیی یاخود تێکشکاندنی هەموو ئەوانەی بە داهێنان و تازەگەری ناو دەبران، بەتایبەت کە تازەگەری خۆرئاوایی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە تەنیا جەنگ و کوشتاری بەرهەم نەهێنا بوو، بەڵکو دەیویست هونەر و هەموو جوانییە مرۆییەکان لە مرۆڤ بسەنێتەوە و بیداتەوە بە تەکنەلۆژیا، هەروەك چۆن تازەگەری تەکنەلۆژیای بۆ شانۆ هێنا، بەڵام لەو ڕێگەیەوە تواناکانی لە شانۆ سەندەوە، بەهۆی ئەوەی نمایشی شانۆیی لەوە دەردەچوو کە جەستەی مرۆیی بەرهەمهێنەری بێت، بەڵکو ئەوە تەکنەلۆژیا بوو پێکهاتە و تەنانەت ئیستاتیکاشی تیا بەرهەم دێنا، ئەو بوو بەشدارییەکی چالاکی دەکرد تەنانەت لەگەڵ دەرکەوتنی سینۆگرافیای شانۆییش دیسان تەکنەلۆژیا زیاتر خۆی پتەو کرد تیایدا.
دەرکردنی تەکنەلۆژیا لە شانۆدا.. دەسپێکی ئەزموونی جیاواز بوو، ئەزموونێك پێویستی بەوە بوو زمان و ئیستاتیکا و پانتایی و داڕشتنەوە و خولقاندن بە ئاقاری هاودژ ببات، گرۆتۆفسکی توانی لەڕێگەی تەکنیکی جەستەوە میتۆدێك بۆ نواندن دابنێت، کە تەکنەلۆژیای پێبکاتە دەرەوە، ئەو دەرکردنەش ساتەوەختێکی هەڵچوون و پاڵنەری سۆز نەبوو بۆ شانۆ، هێندەی مەعریفەی شانۆیی بۆی بەرهەم دەهێنا، چونکە ئەو دەسبەرداری هەموو ئەو پێکهاتە شانۆییانە دەبۆوە کە تەکنەلۆژیا بنیاتی

دەنا، بۆیە دژی ئەو ئیستاتیکایەش کاری دەکرد کە تەکنەلۆژیا دروستی کردبوو، ئەو هات لەڕێگەی میتۆدێکی سەربەخۆ بۆ ئەکتەر، ئەکتەری کرد بەو کائینە شانۆییەی کە بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە تەکنەلۆژیای تازەگەرییەوە نەبێت، تەنانەت چەمکی دەرهێنەریش لەناو ئەو میتۆدە سنووری دەسەڵاتەکەی دەگۆڕا. ئەوەش شانۆی پەیوەست دەکرد بە پرۆسەیەکی رۆحی و جەستەییەوە، کە ببێت بە هونەرێك خاوەنی زمان و شوناسی تایبەتی خۆی بێت، هیچ هونەرێك نەتوانێ هەڕەشە بێت بۆسەر بوونی، بەڵکو ئەوە شانۆبێت ببێت بە هەڕەشە بۆسەر هونەرەکانی تر، ئەوەش چەمکی نوێی ڕەخنەیی تایبەت بەخۆی هێنایە بوون، ئەگەرچی ئەو چەمکانە لەبنەماوە چەمکی نوێ نەبووبن، بەتایبەت لە ڕووی ڕەخنە یاخود زانستە مرۆییەکانەوە، بەڵام بەکارهێنانی لای گرۆتۆفسکی خاڵی کردنەوە بوو لەهەندێك ڕوودا یاخود بارگاوی کردنەوەیان بوو بە مانا و دەلالەتی شانۆیی وەك لە چەمکی (مردنی نووسەر) کە بەهیچ جۆرێك لەمانا بونیادگەرییەکەیەوە سەیری نەدەکرد.

بۆیە ئەو چەمکە بریتی نەبوو لە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکانی نووسین بۆ نووسەر هێندەی پێدانی ئەو دەسەڵاتە بوو بە خوێنەر، بەوەی خوێنەر بەرهەم هێنەرەوەی مانا بێتەوە لەناو دەق نەك نووسەر ببێتەوە بە تاکە سەرچاوەی دەق، کەچی لای گرۆتۆفسکی ماناکان ئەو چەمکە دەگۆڕێتە سەر ئەو ئاستەی کە نووسەر وەك هەر کەسێکی بەشداربوو بەشداری لە شانۆ دەکات، نەك فکری ئەو سەرچاوەی شانۆکە بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەق بەدوای ئامادەبوونی لەناو پرۆسەی نمایش نووسەر تیایدا بەرەو فەنابوون دەچێت، هەریەك لە دەرهێنەر و ئەکتەر سەرلەنوێ بەشداری لە نووسینەوە و بنیاتنانەوەی دەقەکە دەکات، ئەوەش کۆتایی هێنانە بەهەر شتێك کە ناوی پیرۆزی لێنراوە کە بەپیرۆزی دەق ناوبراوە، چونکە هیچ شتێك لەو ڕوانگەیەوە پیرۆز نییە، ئەوە دەرهێنەرە چ دێر و ڕستە و دەستەواژەیەك دێنێتەوە یاخود دەسڕێتەوە، چونکە نووسەر وەك هەر پێکهاتەیەکی تری شانۆ لەپێناو یەکەی نمایش کار دەکات. لێرەوە هەر دەسەڵاتێك کە بەدەسەڵاتی دەق و دەسەڵاتی نووسەر ناو دەبرێت، کۆتایی دێت، ئەوە مەرگی دەسەڵاتی نووسینە، ئەو مەرگە نووسەر و دەق بەیەکەوە دەکوژێت، لە پێناو دەسەڵاتی نمایش، دەسەڵاتێك شانۆ لە ئەدەب دەسەنێتەوەو دەیداتەوە بە شانۆ خۆی، ئەو دەسەڵاتە دەرهێنەر بنیاتی دەنێت، بەڵام نەك بۆ بەرزڕاگرتنی دەسەڵاتی

دەرهێنان، بۆ ئەوەی لە شوێنی نووسەر دەرهێنەر دابنێت، بەڵکو تاکە دەسەڵات لە شانۆدا دەبێت بە دەسەڵاتی ئەکتەر، ئەکتەر ئەو قەدیسە شانۆ بنیات دەنێت، هەر ئەویشە دەبێتەوە تاکە سەرچاوەیەك بۆ کارکردن، چونکە پەیوەستە بە خوڵقاندن و بنیاتنانەوە، ئەوەش بنەما و سەرەتا بوو بۆ میتۆد و ڕێرەوێکی نواندنی جیاواز، کە هەموو گروپە ئەزموونگەرییەکان بتوانن بیکەنە زەمینە بۆ کارکردن لەتەك پرۆسەی چۆنییەتی ئامادەکردنی ئەکتەر لەپانتاییدا.

## پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ

شانۆی هەژار شانۆیەك کە گرۆتۆفسکی ناوینا، هەوڵێك نەبوو بۆ درێژەدان بە شانۆی ئەزموونگەری، هێندەی هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی شانۆی ئەزموونگەری خۆی، چونکە زۆر وردبینانە لە ئەزموونەکانی پێش خۆی ورد دەبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕەگی ئەو شانۆیە، کاتێ دەبینین تەکنەلۆژیا لەڕێگەی شێوازەکانییەوە ڕووبەری شانۆکان بەناوی نوێگەری داگیر دەکات، ئەو دێت دژی ئەو نوێگەرییە دەوەستێتەوە، وەستان گەڕانە بەدوای پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ، لێرەوە جیاوازی گرۆتۆفسکی لەگەڵ ناوەکانی پێش خۆی دەست پێ دەکات.

ئەوەش لەدایکبوونی بیرۆکەی لابۆری شانۆییە لە پێناو تویژینەوەو گەڕان، تاوەکو دیدی ئاشکرا نەکراو بە پەیوەندییەکانی شانۆ ببەخشێت، دیارترین ئەو گۆڕانکارییەی کە پیادەی دەکات لەو تێگەیشتنەی «ستانسلافسکی»یەوەیە بۆ پەیوەندی نێوان ئەکتەرو بینەر، هەڵبەت نایەوێ لەو پەیوەندییە بگاتە ئەو تێگەیشتنەی برێخت بە تیۆری نامۆبوون ئەنجامیدا، وەك چۆن ئەکتەر لەلای گرۆتۆفسکی لەبنیاتنانی کارەکتەر چەندە لە دەرەوەی ئیشکردنی ستانسلافسکیدایە، بەهەمان شێوە ناچێتەوە سەر ئیشکردنەکانی پێش خۆی کە لە ستانسلافسکی جیابوونەوە لەهەوڵەکانی مایەر هۆڵد و تایرۆف و فاختانکوف، ئەوەش دیدی خوێندنەوەیەکی لایەنگرانەی ئێمە نییە، بەڵکو ڕەخنەگرتنی گرۆتۆفسکی خۆیەتی لەو هەولانە «ئێمە نامانەوێ ئەکتەر فێری ئەوە بکەین کە کۆمەڵە شارەزاییەك ئەنجام بدات کە لەسەری ڕێکبکەوین یاخود (جانتای فێڵەکان)ی پێ بدەین، ڕێگاکەشمان ئارەزوو کردن نییە بۆ بەرهەم هێنانی کۆکردنەوەی شارەزاییەکان» (نحو مسرح الفقیر/

**جيرزي كروتوفسكي، ترجمة (د. كمال قاسم نادر) وزارة الثقافة (بغداد) ١٩٨٢، ص ١٤)**

ئێمە لەو بۆچوونەوە زۆر بەڕوونی تێبینی ئەو خاڵە دەکەین، کە ئەو نەك هەر خوازیاری بۆچوونێکی هاوشێوەی مایەرهۆڵد نییە، بەڵکو زۆر بەڕوونی ڕەخنە ئاراستەی بایۆمیکانیك دەکات، هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەکتەر لەکردەیەکی ئەلتەرناتیڤ و جیاوازدا، واتە ئەکتەر توانا سەرسوڕهێنەرەکانی جەستەی دەرناخات، لێرەدا پێویستە جیاکارییەك بکەین لەنێوان (کاریگەری) و(سەرسامی).

سەرسامی بەرەنجامی جوولەی ئەکتەرە کە جوولاندنەوەکانی تووشی سەرسام بوونمان دەکات، بەڵام ئەو جولانە سەرباری ئەوەی توانای بنیاتنانی نمایشیان هەیە، بەڵام توانای بەجێهێشتنی کاریگەریان نییە لای بینەر، بەقەد ئەوەی بینین بینەر تووشی سەرسامی دەکات، هەرچی کاریگەرییە لەناو توانا و بزاوتەکانی ئەکتەر تووشی سەرسامیمان ناکات، هێندەی توانای بەجێهێشتنی کاریگەری هەیە لەلای بینەر، ئەو کاریگەریە بەرهەمهێنانی شارەزایی ئەکتەر لەوانەی ئەنجامی دەدات دەیگۆڕێت بە خولقاندنی پرسیاری جیاواز لەناو نمایش.

ئەکتەر لەو ئاراستەیەدا هەڵچوونە دەروونییەکانی ناخاتە ڕوو، بەڵکو لەتەك تواناکانی بزاوت لەناو هەستەکانی بینین و بیستن چڕی دەکاتەوە، گرۆتۆفسکی ئەوەش بۆ ئەکتەر لە کۆکردنەوەی شارەزایی دەگۆڕێت بۆ لابردنی بەربەستەکان، ئەوە گۆڕینی هەستە سروشتییەکانی ژیانە، بەوەی ئەگەر لەژیاندا ترس و دڵەڕاوکە مرۆڤ بشلەژێنێت لەڕێگەی شارەزایی ئەکتەر بەهەڵچوون و گریان، ئەوا لەڕێگەی لابردنی ئەو بەربەستانە ئەکتەر هەڵدەستێ بە سەماو گۆرانی، بەواتای لەڕێگەی ئاماژەکانی جوولە و دەنگ بینەر دەخاتە ناو دەلالەتە شانۆییە ئاشکرا نەکراوەکان، ئەوەش بەشداریکردنی بینەرە لەناو مانادا.

گرۆتۆفسکی هەر زوو ئەو ئاگاییەمان پێدەدات کە مەبەستی لە مانا تەکنیکییەکەی فۆڕم نییە بۆ فرە ئاماژەیی، هەروەك شانۆی خۆرهەڵاتی لەسەری ڕاهاتووە، بەڵکو ئەو فرە ئاماژەییە بە چڕکردنەوەی ئاماژە ناو دەبات، ئەوەی فرەیی وەردەگرێت ئەوە دەلالەتەکانی ئاماژەیە، نەك ئاماژە خۆی.

پەیوەندیی نێوان (شوێنی نمایش) و(شوێنی بینەر) وابەستە نییە بەڕووبەرێکی نەگۆڕ، بەڵکو ئەو پەیوەندییە وابەستەی پڕۆژە شانۆییەکەیە، کە توانای چوونە ناو یەکتریان هەیە، واتە سنوورێك

نییه ئەوانە لەیەکتری جیا بکاتەوە، ئەوەش ڕوانینە بۆ بینەر وەك بەشێکی چالاکی ناو نمایشی شانۆیی، بەهۆی ئەوەی ئیشکردن لەتەك شانۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چیتر لەگەڕانەوە بۆ ناو ئەفسانە پێویست بەو ئاوێتە بوونە ناکات، تاوەکو تەواوی ڕەهەندە مێژووییەکانی ئەفسانە بخرێتە ڕوو.

کە ئەو ڕەهەندە مێژووییە دۆڕا، هەڵبەت وەزیفەی بینەریش گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت، بینەر وەك ئەکتەر بەشداری لەچۆنییەتی سەیرکردنەوەی ئەفسانەدا دەبێت، ئەوەش لای گرۆتۆفسکی لە ئاوێتە بوونەوە گۆڕا بۆ ڕووبەرووبوونەوەی ئەفسانە.

## شانۆ وەک ئامانج لای ستانسلافسکی
## بۆ کردار لای گرۆتۆفسکی

لەنێوان گرۆتۆفسکی و ستانسلافسکی ئەوەی کۆیان بکاتەوە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە ئەو دوو داهێنەرە دوو میتۆدی تایبەت و سەربەخۆیان بۆ نواندن هێناوەتە کایەوە، بۆیە لەو بارەیەوە پیتەر بروك لە پێشەکی کتێبی (بەرەو شانۆی هەژار) دەنووسێت «گرۆتۆفسکی بێ هاوتایە لەو ڕێگایە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی بەپێی زانیاری من، بێجگە لەو هیچ کەسێك لە جیهاندا، لەستانسلافسکیەوە لەسرووشتی نواندن وفینۆمینۆ وماناکانی بتوێژێتەوە، سرووشت و زانستی پرۆسە بیرە –گیان- سۆزییەکەی لەسەر بەرەو قووڵایی تەواو ببات کە گرۆتۆفسکی پێی هەڵسا» (هەمان سەرچاوە/ص٩) بەواتای گرۆتۆفسکی بەدوای ستانسلافسکی میتۆدێکی سەربەخۆ بنیات دەنێت، هەموو ئەمانەی بەناوی میتۆد بنیاتنراون نەیانتوانیووە دابڕانی تەواوەتی لە ستانسلافسکی بخولَقێنن، تا هاتنی گرۆتۆفسکی، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو لەکوێ لە ستانسلافسکی جیا دەبێتەوە، ئەو تێگەیشتنە جیاوازە کامەیە کە بنیاتی دەنێت؟

ئیشکردنی گرۆتۆفسکی بۆ ڕەتکردنەوەی ستانسلافسکی نییە هێندەی پرۆژەیەکە بۆ ئەوەی ئەکتەر بە دەرەنجامی کەشف نەکراو بگەیەنێت، بۆ ئەوەش لەڕووی نەگەڕانەوە بۆ ستانسلافسکی گومانەکانی بە کۆمەڵە پرسیارێك دەگۆڕێت، چونکە ئینتیماکردنەوە بۆ کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر)ی ستانسلافسکی پێی وایە بۆ ئەو گرنگیەکی نییە، لەبەرامبەر ئەوانەی ئینتیما دەکەن بڕوای وایە «تۆ یان داهێنەریت، یان داهێنەر نیت. ئەگەر داهێنەر بیت، ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان ستانسلافسکی تێدەپەڕێنی، ئەگەر نا وەفاداریت، بەڵام نەزۆکانە، پێویست ناکات بپرسی: ئایا ستانسلافسکی ئەمڕۆ گرنگە؟ ئەگەر بۆتۆ گرنگ بێ لەخۆت بپرسە بۆچی؟ مەپرسە ئایا گرنگە بۆ خەڵکی تر؟ یان بۆ شانۆ بەشێوەیەکی گشتی؟» (وەڵام بۆ ستانسلافیسکی/ (١-٢) گرۆتۆفسکی، وەرگێڕانی (مستەفا قەسیم) گۆڤاری رامان، ژمارە (١٢٤) لا ١٧٩) لێرەدا دەبینین دوو ناونان وەك دوو چەمك ئاماژە پێدەدات (داهێنەر) و (وەفادار) داهێنەر بریتییە لەو شانۆکارەی

ئیشکردنەکانی ناچاری ناکات ئینتیما بۆ ستانسلافسکی بکات، بەڵکو ئیشکردنە جیاوازەکانی وا دەکات ئەو تێپەڕێنێت، هەرچی ئەوەیترە (وەفادار) ئەوە دڵسۆزیی نییە بۆ ستانسلافسکی هێندەی بە پیرۆزکردنییەتی تا ڕادەی دۆگما بوون، بۆیە دەبێ بە دۆگمایەکی نەزۆك، بەپێویست نازانێت کەسی دۆگما نەزۆکی بیرکردنەوەی خۆی بسەپێنێ بەسەر بەرامبەرەکان، چونکە ستانسلافسکی کە بۆ ئەو گرنگە مەرج نییە بۆ داهێنەرەکان لەکارکردندا گرنگ بێت، ئەو لۆژیکە نەگۆڕە لای دۆگما پێویست ناکات بیکات بە لۆژیکی شانۆ، بەڵکو دەبێ بە لۆژیکی ئەوەی کە نەزۆکانە کاری لەسەر دەکات، ئەوەش بنەمایەکی ڕۆشنی گرۆتۆفسکیە بۆ خۆ جیاکردنەوەی لە ستانسلافسکی.

سەرباری ئەوەی ئەوە ناشارێتەوە کە کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) بەرهەمی ئەو ڕۆژگارەی ستانسلافسکی و ئەو ژینگەیەو دۆخەکەی بووە کە ئەو تیایدا ژیاوە، ئەوە پەیوەستە بەوەی ناکرێ ئێمە بمانەوێ لەناو خۆمان بنیاتیان بنێینەوە، چونکە ئەو وەڵامانەی ستانسلافسکی لە پرسیارەکانی پێی گەیشتووە هەرگیز ئەو وەڵامانە نین کە خوازیاریەتی، بەواتای دەیەوێ پرسیارەکان بەوەڵامی تری بگەیەنن، ئەگەرچی سەرەتا سەرسام بووە بە ستانسلافسکی بەڵام کاتێ ویستویەتی بەدوای وەڵامی نوێ بگەڕێت ئەو سەرسامیەی بە ڕێزگرتن گۆڕیووە، تاڕادەی ئەوەی بەتەواوی لێی دوور دەکەوێتەوەو پێی وایە چیتر ناتوانێ بەوە ڕازی بێت کە پێشتر بە میتۆد ناسیویەتی، بۆیە دەست نیشانی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات و تەنانەت دەست نیشانی هەڵەی ستانسلافسکیش دەکات، چونکە ستانسلافسکی «هێشتا لەو باوەڕەدا بوو بە پەنابردن بۆ یادەوەری سۆزە جیاوازەکان دەتوانرێ ئەو سۆزانە جارێکی تر بهێنرێنەوە کایەوە، هەڵەکە لێرەدا بوو، کاتێك بڕوا بکەی کە هەستەکانمان پەیوەستن بە ئیرادەمانەوە، لەژیاندا بە پێچەوانەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە هەستەکان ئازادن لە ئیرادە، هەستەکان لەژێر ڕکێفی ئیرادەدا نین» (هەمان سەرچاوە/ لا ١٨٣) کەواتە گرۆتۆفسکی ویستویەتی هەموو ئەوانەی ستانسلافسکی لەپرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بنیاتی بنێت، تەواوی ئەو پرۆسەیە بخاتە ژێر ڕکێفی ڕەخنە، سەر لەنوێ لەسەر چەمك و ماناکان بوەستێتەوە، ئەوەش وەستانە بەڕووی شانۆی باو، یاخود بنیاتنانی پرۆسەی میتا شانۆیە، هەر میتا شانۆیە وا لە گرۆتۆفسکی دەکات شانۆ وەك پرۆسەیەکی پێرفۆرمانسی بۆ ئەکتەر تەماشا بکات، ئەوەی ئەو

دەیکات هەڵسانە بە کردارێك کە شانۆیە، ئەوەش تەواو دژی دنیابینی ستانسلافسکی بوو بۆ شانۆ کە پێی وانەبوو شانۆ کردار بێت، بەڵکو ستانسلافیکی شانۆی وەك ئامانج دەبینی، کەچی گرۆتۆفسکی ئاوا سەیری شانۆ ناکات «من لەو باوەڕەدا نیم بۆمن ئامانج بووبێ، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە، تەنیا کردارە، ڕووداوە، لەوانەیە ئەو کردارە زۆر نزیك بووبێ لەدەقی مەرگەساتێکەوە کە وەك بنچینەیەك بۆ کردارەکە وەرگیرابێ« (وەڵام بۆ ستانسلافیسکی/ (٢-٢) گۆڤاری رامان، ژمارە (١٢٥) لا ١٥٢) ئەوەش دەرختستنی تەواوی خەسڵەتە جیاوازەکانیانە لەیەکتری، بەواتای جیاوازییەکانیان جیاوازی میتۆدی کارکردنە بۆ ئەکتەر، بۆیە ئەگەر ستانسلافسکی دەروازەیەك بووبێت بۆ مایەرهۆڵد وفاختانکوف و ئیلیا کازان، ئاواش بۆ گرۆتۆفسکی دەرگای چوونە ژوورەوەیەکە کە تیایدا ماڵێکی سەربەخۆو جیاوازی تیابنیاتناوە، ئەوەش وای کرد بەتەواوی بتوانێ ڕێگاو پرۆژەیەکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێ، هەڵبەت ئەگەر بمانەوێ لەسەر تەواوی ئەو جیاوازییانە بوەستین لەنێوان ئەو دوو دەرهێنەرە پێویست بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ دەکات کە پێویستی بەچەندین ئارگۆمێنت هەیە بۆ قسەکانمان تاوەکو دوای ئەوە ئەوسا ڕووناکی بخەینە سەر جیاوازییەکانیان، ئەوەی لێرەدا لەو تەوەرە هەڵوەستەمان لەسەری کرد تەنها دەرختستنی بنەما سەرەتاییەکانی نێوانیانە بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتری وەك دوو شێوازی سەربەخۆ بۆ کارکردن، ئەوەش پێویستی بەتوێژینەوەی سەربەخۆ هەیە، بەڵام مەبەستی سەرەکی ئێمە دەرختستنی دیدی جیاوازی گرۆتۆفسکیە بۆ شانۆ، وەك چۆن لەرۆشنبیریی شانۆیی ئێمەدا گرۆتۆفسکی و ئارتۆ بەدرێژکراوەی یەکتری ناو دەبەن، کە مەبستمان لێرە ئەوەیە خەسڵەت و جیاوازییەکانیان لەیەکتری بخەینە ڕوو، ئەو چەندە لە ستانسلافسکی جیاوازە بە هەمان شێوەش لە ئارتۆ جیاوازە، بەڵام ئەوجیاوازیانە چییە؟ لەچی جیاوازن؟ ئایا چۆن ستانسلافسکی ناتوانێ بیگەیەنێتە دەرەنجامی تێگەیشتنی بۆ شانۆ ئاوا ئارتۆش تیۆرەکانی شتێکی ئەوتۆی پێ ناڵێت؟ ئاخۆ ئەوانەی ئارتۆ ئەیانخاتە ڕوو بۆ گرۆتۆفسکی رۆژگاری تێپەڕیووەو ئیدی ئێمە لەرۆژگارێکی تردایین و ئارتۆ ناتوانێ گوزارشت لە زەمەنی ئێمە بکات؟ ئەو پرسیارانە دەروازەی چوونە نێو دەرختستنی جیاوازییەکانی نێوان ئارتۆ و گرۆتۆفسکیە.

## ڕەخنەگرتن لەخەونەکەی ئارتۆ

زۆرجار وا راڤە دەکرێت کە گرۆتۆفسکی درێژکراوەی ئارتۆیە لەشانۆدا، یا گواستنەوەی تیۆری ئارتۆیە بۆ ڕووبەری کارکردن، ئەوە لەکاتێکدا گرۆتۆفسکی لەبەرامبەر ئارتۆ خاوەنی پرۆژەیەکی ڕەخنەیی تۆکمەیە. کێشەکە لای ئێمە گرفتی ناونانە، نەوەك گەڕانەوە بۆ تێکست، ئەوە بەرەنجامی توندوتیژیی شانۆکەی ئارتۆیە، کە بەراورد دەکرێ بە سەختی مەشقەکانی گرۆتۆفسکی، ئەوسا وەك یەك پرۆژە سەیر دەکرێت، ئەو گرفتەش بۆ ئێمە لە شانۆی عەرەبیەوە قەرز کراوە، بۆ چارەسەرکردنی ئیشکالیەتی ئەو گرفتە پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ ناو تێکست، ئەو گەڕانەوەیەش سەرەتایەکی تری خوێندنەوەمانە بۆ ناو تیۆرەکانی شانۆی ئەزموونگەری.

گرۆتۆفسکی دیدێکی تەواو ڕەخنەیی لەبەرامبەر تێڕوانینی ئەزموونکاری ئارتۆ بۆ شانۆ دەخاتە ڕوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە باوەڕی وایە کە دەبوو ئارتۆ لەسەر ناونانی شانۆکەی (توندوتیژیی) کە ناونانێکە پەیوەستیەکی ڕۆحی ئارتۆیە، کەچی بەهۆی ناونانەکە ئارتۆ نەیتوانیوە ڕۆشنایی بخاتە سەری، ئەوە وای کردووە نمایشگەلێکی خراپی پڕ لەتوندوتیژی جەستەیی ئارتۆ وەك باوکی ڕۆحی خۆیان تەماشا بکەن، ئەوەش سەرەتای ئەو ڕەخنەیەتی لە ئارتۆ، کە ڕەخنەیەکە دەروازە دەکات بۆ دیدێکی سەراپاگیری شانۆیی، بەهۆی ئەوەی (ئەفسوونی شانۆ) کە ئارتۆ زۆر لەسەری وەستاوە، لەسەر چەمکی ئەفسوون هەڵوەستە ئەکات و دەیەوێ ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە بخوێنێتەوەو پرسیاری ئاراستە بکات، چونکە بەلای گرۆتۆفسکی ئەو وێنە شانۆییەی ئارتۆ کە وێنەیەکی ئەفسوونییە بەتەواوی ڕوون نییە کە مەبەستی لەو وێنە ئەفسوونییەدا چییە، ئەوە لەکاتێکدا ئەو ڕۆژگارە هاتۆتە دی کە ئارتۆ بۆ شانۆ خەونی پێوە دەبینی، بەوەی پەیوەندی شانۆ و ژیان بچنە ئاستێکی واوە کە (گێڕانەوەی ڕووداو) و (گفتوگۆی گریمانکراو نەبێت لەگەڵ بینەر).

بەوەی شانۆ ببێت بە بوونێکی زیندوو بۆ ئەکتەر، بەهۆی ئەوەی ئارتۆ شانۆی بە لاسایی کردنەوەی ژیان نەدەبینی، چونکە ژیان بەلایەوە بۆ خۆی لاسایی کردنەوەیە، بۆیە شانۆی بە حەقیقەتی ژیان ئەبینی، نەوەك ژیان بە حەقیقەتی شانۆ سەیر بکات.

ئەو دەمەی ئارتۆ بەمشێوەیە بەراوردی لەنێوان شانۆ و ژیان ئەکرد، ئەو بەراوردکارییە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی پرسیاری گرۆتۆفسکی بەوەی ئەو ڕۆژگارەمان کە ئێستا شانۆ بەو ئاستە گەیشتووە ئەوە خەونی ئارتۆ نەبوو «ئایا ئارتۆ تەنیا لەو بارەیەوە قسەی نەدەکرد» (نحو مسرح الفقير/ جيرزي كروتوفسكي، ترجمة (د. كمال قاسم نادر) وزارة الثقافة (بغداد) ١٩٨٢، ص ٧٤)

ئەو پرسیارە دەرخستنی ڕەخنە ستراتیژەکەیەتی لە ئارتۆ، بەهۆی ئەوەی ئەو شانۆیەی ئارتۆ خوازیاری بوو هاتۆتە دی، کەواتە دەتوانین پرۆژەکەی ناوبەرین بە هاتنە دی خەونەکەی، ئەوەش سەرەتایەکە بۆ خەونی جیاواز، چونکە ئەوەی ئارتۆ لەپەیوەندی نێوان شانۆ و ژیان سەیری دەکرد، ئەو پەیوەندییە هاتۆتە دی، ئەوەی گرۆتۆفسکی ئەیەوێت هاتنە دی پەیوەندییەك نییە، بەڵکو کۆتایی هێنانە بە تەواوی ئەو پەیوەندییانە و لەدایکبوونێکی ڕاستەقینەی شانۆیە.

ئەوە ڕۆچوونە بەناو ئەودیوی گوتاری شانۆ، بۆیە پرۆژە ئەزموونکارییەکەی گرۆتۆفسکی چەندە لەڕێگای دەرگا کردنەوەی ئارتۆ هاتۆتە بوون، بەڵام بوێری و تێکشکاندنی هەموو ماناکانی شانۆ لەڕووی گوتار و دامەزراندن لای گرۆتۆفسکی خۆی بنیات ئەنرێت، واتە زەمینە و رەگی ڕاستەقینە بۆ شانۆیەکی ئەزموونی وجیاواز و ئەلتەرناتیڤ دەخاتەڕوو، کە لێرەوە ڕێگاکان بەرەو ڕێرەوی زانستی و راستەقینەی خۆیات بڕۆن، ئەوەش بەرەنجامی خوێندنەوەی ڕەخنەییەتی بۆ ڕابردوو، بەتایبەت بۆ ستانسلافسکی و ئارتۆ.

وەك لەتەوەری پێشوو لەسەر ڕەخنەگرتن لەدیدی ستراتیژیی ستانسلافسکی وەستاین، کە چۆن گۆڕان لە ستراتیژی گوتار لەشانۆی ستانسلافسکی بەرپا دەکات، بەهەمان شێوەش ڕەخنەی توند لەشانۆی توندوتیژیی ئارتۆ دەگرێت، کە سەرباری گرنگی و بەهاکەی ، بەڵام ئەزموونەکە لە شوێنێکدا ستراتیژەکەی توانای گەڕان و پشکنین لەدەست ئەدات.

تەنانەت ئەو دژایەتییەی ئارتۆ لەبەرامبەر شانۆی سوونەتی بەرپای کردووە، گرۆتۆفسکی بڕوای وایە کە ئەوە تەنیا ئارتۆ نەبووە بە دژی ئەو لۆژیکە شانۆییە وەستاوەتەوە، بۆیە ئارتۆ بەرابەری دژایەتی کردنی شانۆی سوونەتی سەیر ناکات، هەر بۆیە ئەگەر کارێکی وا بکات، خۆی رووبەرووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە «ناتوانین ئەوە قبووڵ بکەین کە ئارتۆ لەوەیاندا ڕابەر بوو، زۆر

لە شانۆکان لە ئەوروپای ناوەڕاست و خۆرهەڵات سوونەتی شانۆیی هەیە کە نالۆژیك و زیندووە، ئەگەر وانەبێت چۆن پۆلینی فاختانکوف و ستانسلافسکی بکەین» (هەمان سەرچاوە/ ص ٧٥) ئەوەش مانایە وایە دژایەتی کردنی لۆژیك لە شانۆدا، بەتەنیا ئارتۆ پێی هەڵنەساوە، بەڵکو چارەسەری ئارتۆ بۆ دژایەتی ئەو لۆژیکە شانۆییە جیاواز بووە، ئەو جیاوازییەش شانۆی بۆ کردووە بە هونەرێکی ئەفرێنەر کە گرۆتۆفسکی بە بایەخەوە لەسەر ئەو لایەنەش دەوەستێت کە بە بوێری و ئازایەتی ناوی دەبات، بەتایبەت کە نەیویستووە کۆپی دەقی ئەدەبی بێت، لەڕووی پێکهاتەی نمایش ئەو بەربەستەی کەوتبووە نێوان تەختەی شانۆ و هۆڵی بینەران، ئارتۆ ئەو بەربەستە ناهێڵێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی توانای تێکشکاندنی تەواوی ئەو بەربەستەی نییە، بەڵکو دێت بینەر ئەخاتە ناوەڕاست و ئەکتەریش بەدەوری بینەر و سووچەکانی تر ئەسوڕێنێتەوە ئەوە بەلای گرۆتۆفسکی گۆڕینی شانۆی بووکەشوشەی کلاسیکییە بە بەربەستێکی ترەوە، لەسەر ئەو هەوڵەی ئارتۆ زیاتر دەوەستێت و تاوەکو دەگاتە ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە بەر لە ئارتۆ راینهارت و مایەرهۆڵد هەوڵیان بۆ گۆڕینی پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر داوە دوای ئەوانیش دەرهێنەری پۆڵەندی سیرکۆس.

ئەفسانەی نوێ ئەو خەونەی ئارتۆ بوو کە دەیویست لەڕێگەی شانۆدا بنیاتی بنێت، ئەوەش خەونێکە گرۆتۆفسکی بە نەبوونی وردبینی ناوی دەبات، ئەوە خەونێکی لەبارچووە. پەیوەندی مرۆڤو ئەفسانە پەیوەندییەکە ئەو دووانە لەبەرامبەر یەکتری تووشی ناکۆکی ئەکات، چونکە گرۆتۆفسکی وەك چوارچێوەیەك یارێسایەك لە ئەفسانە ئەڕوانێت، کە خولقاندنەوەی پەیوەستە بە نەوە نوێکانەوە نەوەك بە شانۆ، هەرچەندە نکۆڵی لەو ڕاستیە ناکات کە شانۆ بەشداری کردووە لە گەشەسەندن و خولقاندنەوەی ئەفسانە، لێرەدا ئەو تێگەیشتنە خاڵێکی تری ناکۆکی جیاوازی و ناکۆکییانە لەگەڵ یەکتری، کەچی سەرباری ئەو جیاوازییانە ئارتۆ بە پێغەمبەر ناو دەبات و شانۆکەشی بە ئاستی دەروونی و نەخۆشییەکەی، واتە شانۆکەی بەرەنجامی ئەو دۆخە سایکۆلۆژیە بوو کە ئارتۆ هەڵگری بوو، لەم بارەیەوەش گرۆتۆفسکی دەڵێت «ئارتۆ وانەیەکی مەزنی فێر کردین کە کەس لە ئێمە ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، ئەو وانەیەش نەخۆشی ئارتۆ بوو، بۆ بەخت خراپیش نەخۆشی ئارتۆ جیاواز بوو لە نەخۆشی سەردەم، نەخۆشییەکەی شێتی

و چەوسانەوە بوو، ژیاری ئەمڕۆ گیرۆدەیە بە نەخۆشی درزبردن (شیزۆفرینیا) لە کەسێتی، ئەو درزبردنە لەنێوان عەقڵ و هەست و لەش و رۆحە، ناکرێ ڕێگا بە کۆمەڵگا بدرێ بۆ ئارتۆ کە تووشی نەخۆشییەك بێت جیاواز لە نەخۆشییەکەی خۆی، گرتیانە خۆیان و بە شۆکی کارەبایی ئەشکەنجەیاندا، هەوڵیاندا ناچاری بکەن بۆ دانپییانان بە فکری دەستپێشخەری عەقڵی: یاخود تووش بوون بە نەخۆشی کۆمەڵگا» (هەمان سەرچاوە/ ص ٨٠)

## چۆنییەتی ئامادەبوونی دەق لەلابۆرەکەی گرۆتۆفسکی

پڕۆسەی ئامادەبوونی دەق لە لابۆرەکەی گرۆتۆفسکی پەیوەستە بەو پڕۆژەی پشکنین و گومانی لابۆرەکە ئەزموونی دەکات، ئەوەش پەیوەستە بەو دیدە ئەزموونکارییەی کە دەق وەك بنەمایەکی سەرەکی پڕۆسەی بنیاتنانی نمایش سەیر ناکات، بۆیە کرۆکی نمایش دەق نییە، بەڵکو رووبەرووبوونەوەکە کرۆکی نمایشە.

ئەوەش لێدانە لە گوتاری باوی بنیاتنانی نمایش، رووبەرووبوونەوەش پەیوەست نییە بە بابەت و ناوەڕۆکەوە، هێندەی بریتیە بەنەستەوە، کە دەرخستنی ڕۆڵی گرنگی دەقە، بەڵام بنەمای سەرەکی نییە، ئەگەرچی بوونی دەق لە شانۆدا دەشوبهێنێ بە بوونی ئەفسانە بۆ شاعیر، دیارە ئەوە شاعیرە مانای کەشف نەکراو لەناو شیعر بۆ ئەفسانە ئەدۆزێتەوە، بۆ دەرهێنەری شانۆییش دەق کاتێ وەك گرنگی بابەت نەخوێنرایەوە، دەتوانرێ بونیادە نەوتراوەکانی کەشف بکرێت، ئەو پڕۆسەی کەشف کردنە پڕۆژەی پشکنینە لەناو شانۆدا، چونکە هەریەك لە برێخت و شکسپیر بە داهێنەری شانۆ نازانێت، بەهۆی ئەوەی تواناکانیان لەسەر کاغەز بۆ شانۆ بنیات ناوە، بۆیە بە داهێنەری ئەدەبی ناویان دەبات، تەنانەت ئەو دەرهێنەرانەش کە گۆڕانکارییەکانیان لەئاستی دەقی نووسراو بنیات دەنێن.

کەواتە مافی خۆمانە بپرسین ئەو دەیەوێت چی لەدەق بکات و چ گۆڕانکارییەك لە شانۆدا بەرپا بکات؟ بوونی پرسیارێکی لەو شێوەیە دەمانباتە سەر وتەیەکی خۆی کە زیاتر لە پرسیارەکەمان نزیکمان دەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ دەڵێت: «نامەوێ بکەومە پێشکەشکردنی ڕاڤەی ئەدەبی و چارەسەری ئەدەبی، سەبارەت بەمن ئەوەی گرنگە وشەکان نین، بەڵکو لەتواناماندایە بە وشەکان چی بەرهەم بێنین، ئەوەی دەیبەخشین بەژیانی وشەکانی دەقی وەستاو و گواستنەوەیان بۆ وشەی دەنگدار، زۆر لەوەش دوورتر ئەڕۆم، شانۆ پڕۆسەیەکە بەرهەمهێنەری وەڵامی کردارەکان و پاڵنەرە مرۆییەکانە لەڕێگەی بەرکەوتنی خەڵك لەگەڵ یەکتری، ئەوەش هەروەها کردەیەکی بایەلۆژی و رۆحیە» (نحو مسرح الفقير/ جيرزي كروتوفسكي، ترجمة (د. كمال قاسم نادر) وزارة الثقافة (بغداد) ١٩٨٢، ص ٥٦) تێگەیشتنەکە بۆ سەیرکردنی دەق ڕوونە، کە خوازیاری ڕاڤەکردنەوەی

دەق نییە لەتێڕوانینی ئەدەبیەوە، بەڵکو تەئویلی میتازمانە لەناو دەق، ئەو پرۆسەیەش خوێندنەوەی نەوتراوە، گۆڕینی وشەیە لە رووبەرێکی نووسراوی سەر کاغەز بۆ کردەیەکی بزاوتی بایەلۆژی و رۆحی، ئەوەش لەسەر ئەو بنەما تیۆریە وەستاوە کە هەمیشە دەق پێویستیەك نییە لە شانۆدا، چونکە شانۆ تەنها لە ئامادەنەبوون پێویستی بەچوونە ژوورەوەیەك هەبێت روو دەکاتە دەق.

دەق لەو ساتەدا تەنها ئینتیماکردنە بۆ ناو شانۆ... نەوەك خۆی شانۆکە بێت، ئەوە جووڵەو دەنگە شانۆ وەك پێویستی سەیریان دەکات، یاخود نەتوانین دەق وەك رێگایەك ناو بەرین، رێگایەك کە شانۆ پێیدا تێدەپەڕێت.. چونکە دەق شانۆ بنیات نانێت، هێندەی ئەوە ئەکتەرە لەو رێگایە دەچێتە ناو شانۆ، بۆ ئەوەی تەواوی یەکەی گوتاری نمایشی لەسەر بنیات بنرێت، ئەوەش گەیاندیە ئەو بۆچوونەی بڵێت«لەسەر ئەکتەرە کە بتوانێ لەرێگەی دەنگ و جووڵەوە زمانێکی دەروونی خودگەرێتی تایبەت بخوڵقێنێ، کاری ئەو هەر وەك کاری شاعیرێکی مەزنە کە لەرێگەی پەیڤەوە زمانە دەروونییە تایبەتییەکەی بخوڵقێنێت» (غروتوفسكي يخرج الامير الصاعد/ المقدمة: جان جاكو، الدراسة: سيرج اواكنين، ترجمة (د. جمال شحيد) الحياة المسرحية العدد (١٢/١١) ١٩٨٠، ص ١٢٧)

**یۆژینیۆ باڕبا**

**وزەی ئەکتەرو ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ**

ئەو کاتەی پەیوەندی نێوان زانست و شانۆ دروست بوو، ئیدی میتۆدی نوێ پێویستییەك بوو بۆ ئەوەی شانۆ لەناو تاکە ڕاڤەیەکی زانستی نەسووڕێتەوە، بەتایبەت لە بوونی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ، کە هەریەکە لە ئارتۆ و گرۆتۆفسکی خستبوویانە روو، بەڵام کاری هەریەك لەوان نەیتوانیبوو دوو ئەزموونی جیاوازبن لەیەکتری، بەوەی دوو پرۆژەی ئەنترۆپۆلۆژی هاودژبن، بەڵکو گرۆتۆفسکی توانی هەموو ئەو بنەمایانەی ئارتۆ لەئاستی تیۆریەوە بەرەو پراکتیك بگۆڕێت، سەرباری ئەوەی ڕێرەوێکی بۆ ئەزموونێکی نوێ هێنایە بوون، بۆیە ئەزموونی گرۆتۆفسکی شانۆیەك بوو بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەی گرۆتۆفسکی بوو، بەڵام نەیتوانیبوو پرۆژەیەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا بێنێتەدی، تاوەکو یەکێك لە خوێندکار و هاوکارەکانی بەو کارە هەڵسا ئەویش (یۆژینیۆ بارِبا) بوو.

بارِبا پرۆژەکەی لەگەڵ کۆمەڵە ئارەزوومەندێکی شانۆیی دەست پێکرد، ناوی لە ئەزموونەکەی نا (شانۆی سێیەم) ئەو شانۆیە لە بنەڕەتدا خەمی جوانکاری لەکاری شانۆیی کۆینەکردنەوە، بەڵکو دەیانویست بەرەو ئەو خولیا ونانە بێننە دی کە شاراوەن، بارِبا باوەڕی وابوو ئەو کارەش زیاتر لەرێگەی مەشق و ڕاهێنانی جەستەوە دێتە دی، بەدژی ئەو دژایەتی و سەرکوتکردنەوانە دەچۆوە کە لەدژی تاك ئەنجام دەدرێن. ئەوەش وای کردبوو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرووی کێشە ئیستاتیکییەکان بن، بەڵام نەك بەو مانایەی کە بگەڕێنەوە بۆ هونەرێکی میللی و لاساییکارانە، بەڵکو لەرێگەی زمانێکی جیاواز کە جەستە خولقێنەریەتی «ئەوەی داوای ئەوە دەکات شانۆ دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هونەرێکی میللی وەك ئەوەی هەبووە، ئەوەیان دەرکەوتنی جەهلە بە مێژووی شانۆ»

(نحو مسرح حي/ سامي عبد الحميد، دار الشؤون الثقافية (بغداد)٢٠٠٦/ص ٦٧)

لەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت کێشەی تاك بە میللی کردنی شانۆ نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ کێشەی مرۆیی لەڕێگەی دامەزراوێکی هونەری کە شانۆیە، هەر بۆ ئەوەش هەوڵی دەدا لەسەر دەقەکانی برێخت و دستۆفسکی قووڵ بێتەوە، چارەسەری بۆ ئەو دەقانە و بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی بووە هۆی لەدایك بوونی تیۆرێکی ئیستاتیکی فرە ڕەهەند

بەهۆی ئەوەی شانۆگەرییەکانی لە گۆڕەپان و شەقام نمایش دەکرد.
بەوەش شانۆی گەیاندە ئەو ئاستەی کە شوێن بریتی نییە لە بیناسازی، بەڵکو بریتیە لەهەر رووبەرێك کە شانۆی تیا نمایش بکرێت، شوێن لەکاری ئەواندا بریتی نییە لە شانۆکەی، بەڵکو ئەو بایەخەی نییە، هێندەی بۆچوونیان وایە نووسەر و ئەکتەر لەهەر شوێنێ بوون شانۆ لەوێدایە، لەوەشدا تا ئاستێکی زۆر سوود لە ڕاگوزاری کۆمیدیای دیلارتێ وەردەگرن، بەهۆی ئەوەی ئەکتەر پێویستە خاوەنی بونیاتێکی فرەیی گوزارشت کردن بێت، تاوەکو بتوانێ ڕاگوزەر بکات، لێرەدا ئەکتەر دەبێتە کەناڵی پەیوەندی نێوان دەق و نمایش، بەهۆی ئەوەی لەسەر بونیادی دەقەوە ڕاگوزەر دەکات بۆ نمایش، بۆ ئەوەش پێویستیان بەو جۆرە دەقانە دەبێت کە توانای ئینتیماکردنی هەبێت بۆ ئەکتەر. ئەوەش زمانی فرەیی بە ماتریالەکان دەبەخشێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو هاتنە دەرەوەیە لە بیناسازی شوێن توانی دەلالەتی باو تێك بشکێنێت بۆ فرەیی.
کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بارِبا خستنە ڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵناسی، هەر بۆیە کۆمەڵناسی بەشێکی سەرەکی بووە لە شانۆکەی بۆ تەکنیکی ئەکتەر، ئەو لە نێوان سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیاوە مومارەسەی شانۆی کردووە، بەڵام بەهۆی بەهەند وەرگرتنی کێشەی تاك و توێژینەوە لەژیانی تاك، پەیوەندی زیندەگی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەلای نەبۆتە جێی بایەخ، بەڵکو ژیانی تاك و توێژینەوە لەبارەیەوە جێی سەرنجی شانۆکەی بووە، ئەو فۆرمە خۆرئاواییەی بووە فۆڕمی باو لەشانۆدا و توانیویەتی خۆی بەسەر تەواوی کولتوورە جیاوازەکان بسەپێنێ، کەچی شانۆی سێیەم وەك شانۆی توندوتیژیی و شانۆی هەژار بایەخ بە کولتووری خۆرهەڵات دەدات، ئەو بایەخەی بارِبا بە کولتووری خۆرهەڵات کە شانۆی سوونەتی جگە لە ئەزموونی ئارتۆ و گرۆتۆفسکی هەمووان لەسەر کولتووری خۆرئاوا ئیشیان ئەکرد، بۆیە بارِبا لەنێوان شانۆی سوونەتی و ئەزموونەکەی خۆیدا بەو شێوەیە بەراوردێك دەخاتە ڕوو.
«بۆ ئەوەی بتوانین ڕاڤەی پەیوەندی بکەین لە نێوان شانۆی سێیەم و شانۆی سوونەتی، لەسەرمان پێویستە بەراوردێك بکەین لەگەڵ هەندێك دۆزینەوەی زانستی، بۆ نموونە: زوومەکانی بینین.. کاتێ میکرۆسکۆب خولقێنرا چەمکی سروشت تا ئاستێکی مەزن فراوان بوو، ئەو

پرسیارەی هێنایە پێشەوە کە پەیوەست بوو بەو جیهانەی لەخوار بینینەوەیە یا ئەو سروشتەی تر، سەبارەت بە من شانۆی سێیەم دیاردەیەکی هاوشێوەی خوڵقاندووە، هەر فۆڕمێك یەکگرتوو بێت بە شانۆی سوونەتی شیاوو خوازراو نییە، ئەوانە دوو جیهانی جیاوازن پێویستە ملکەچی بکات بۆ یاسا جیاوازەکان» (اوجینیو باربا و مسرح اودین/ الحیاة المسرحیة، العدد (١١/١٢) شتاء-ربیع ١٩٨٠/ ص٤٦)

دەتوانین ستراتیژی ئەزموونە شانۆییەکەی لەوەدا بناسین کە شانۆی سێیەم پڕۆژەی پشکنین و دۆزینەوەی ئەو نەبینراوانەیە کە ئەزموونکارانی بەر لەو توانای بینینی نهێنییەکانیان نەبووە، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین شانۆی سێیەم دەیەوێ پیاچوونەوە بەسەر ئەو شتە فەرامۆش کراوانە بکات کە ئەزموونە شانۆییەکانی پێش خۆی نەیانبینیووە.

ئەو بینینە پێویستی بە سیستمی جیاواز هەیە، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی شانۆ و بینەرە، بەهۆی ئەوەی شانۆکاران چەندین مانگ خەریکی کارکردن دەبن بۆ ئەوەی نمایشێك دروست بکەن، زۆرجار نمایشەکە تەنها یەك ڕۆژ نمایش کراوە، بەواتای کاری چەندین مانگ لە گەڕان و پشکنین بە ڕۆژێك خراوەتە ڕوو، بۆیە ئەو پەیوەندییەی لەو ڕۆژەدا لەگەڵ ئەو بینەرە دروستی دەکەن «ئەو بینەرەی گرووپی شانۆی سێیەم بەدوای دەگەڕێن بینەرێکی سوونەتی نییە، ئەو بەتەنیا نمایشی بۆ ناخرێتە ڕوو، بەڵکو بابەتی پێ دەدرێ بۆ بیرکردنەوە، هەروەها چۆنییەتی خوڵقاندنی پەیوەندی هاوبەش کە لەوەمان کەمە و ئێمەش پێویستییەکی زۆرمان پێیەتی» (اوجینیو باڕبا و مسرح اودین/ ص٤٦)

ئەوەش بنیاتنانی سرووتێکی تایبەتمەندو سەربەخۆی شانۆی سێیەمە، بەهۆی ئەوەی لەڕێگەی ڕاگوزرەوە دەیانەوێ خەونە سەرکووت کراوەکانیان لەناو ئەو سرووتە شانۆییە ئازاد بکەن، چونکە بەشێك لە خەونەکانیان بەو هیوایەوە پارێزگاری لێ دەکەن کە لەناو شانۆ بیهێننە دی، بەتایبەت دوای ئەوەی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە سیاسەت بۆ ئەوان هیچ خەونێکی پێ نییە، بەچاوی گومانەوە سەیری ئایدیۆلۆژیاکان دەکەن، ئەوەش لە خەونی ئایدیۆلۆژیەوە بۆ خەونی تاك دەڕوات.

بەشداری هەر ئەکتەرێك وەك داکۆکیکارێك بۆ خەونی تاکەکان، شانۆ ئەو تاکانە لەخۆی کۆ

دەکاتەوە و دەیکات بە خەونی کۆمەڵگایەکی تاکخوازی، کۆمەڵگایەك تاك تیایدا بوونی هەبێت نەوەك دەسەڵاتی کۆمەڵی خەونی تاکەکان بکوژێت.

لێرەدا لەو پرۆسە ئەزموونکارییە هاوکێشە شانۆییەکە بریتی دەبێت لە (ئەکتەر+ دەرهێنەر+ دەق+ شوێن) ئەکتەر ئەو ڕەگەزە گرنگەی ئەو ڕووبەرە شانۆییە، کە پێویستە دەق بکەوێتە خزمەتی تواناکانی، نەوەك ئەکتەر بچێتە ژێر دەسەڵاتی دەقەوە، دەرهێنەر ئەو کەناڵی گەیاندنی پەیوەندییەی نێوان ئەکتەرو دەقە، ئەو کەناڵە کاتێ ئەو دووانە بەریەك دەکەوێنێت.. دەبێتە هۆی بنیاتنانی نمایش، شوێن دوا خاڵی ناو ئەو هاوکێشەیەیە، چونکە وەك ئەوانیتر ئەو بایەخە گرنگەی نییە، چونکە شانۆی سێیەم باوەڕی وایە ئەوان لەهەر شوێنێك بن دەتوانن شانۆ نمایش بکەن.

ئەو تێگەیشتنە ئەنترۆپۆلۆژیە بۆ شانۆ بەرەنجامی پرۆژە ئەزموونکارییەکانی ئارتۆ و گرۆتۆفسکیە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و باربا دەیەوێت ئەو هەوڵانە یەك بخاتەوە، بەواتایەکیتر بنەما تیۆرییەکانی لەوان وەردەگرێت، دەیەوێ لەڕووبەروو مانایەکی ناتەبا و جیاوازدا بیخاتەوە ڕوو، ئەو وەك گرۆتۆفسکی لەسەر گرنگی و بەسێنترال بوونی ئەکتەر پێداگیری دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لە گرۆتۆفسکی جیای دەکاتەوە، ئەوەی ئەکتەر وەك قەدیس سەیر ناکات، هێندەی دەیەوێ وەك جەستەیەکی مرۆیی گوزارشت لە بوونی مرۆڤبوونی خۆی بکات، بۆ ئەوەش پشت دەبەستێت بەو ئەکتەرانەی کە پەیمانگاو قوتابخانەکانی شانۆیان وەك خوێندن نەخوێندووە، بۆیە شانۆکەی لە شانۆیەکی ئارەزوومەندانەوە دەبێتە شانۆیەکی ئەزموونگەری.

سەبارەت بە دوالیزمەکانی جەستە، بەوەی جەستە بەتەنیا هەڵگری ڕەگەزی خۆی نییە، بەڵکو هەڵگری ڕەگەزی بەرامبەریشیەتی، ئەو تێگەیشتنەش سەرەتا لەدیدی ئەنترۆپۆلۆژی ئارتۆ بۆ شانۆ دەرکەوت، ئەو دەمەی جەستەی لەوە دەرکرد بەتەنیا تاکە خاسیەتێکی هەبێت بەوەی یان نێر بێت یان مێ، یاخود یا خاوەنی جەستەیەکی زبر بێت یان هێمن، شەڕانی بێت یان ئیرۆسی، بۆیە بەدوای ئارتۆ چیتر جەستە بەتەنیا خاوەنی یەك تایبەتمەندی نییە «بەڵکو جەستەیەکە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستەیەکی نێرە مووکە، ئەوەش جەستەیەکە تەواوی دوالیزمەکانی جەستە تێك دەشکێنێ، شتێ نییە پێی بووترێ (جەستەی ژن/ جەستەی پیاو) و (جەستەی ڕەش/

جەستەی سپی) و (جەستەی شاریی/جەستەی لادێی) و (جەستەی ناسك/جەستەی بزر) و (جەستەی سووك/ جەستەی قوورس) و (جەستەی زیندوو/جەستەی مردوو) « (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، زنجیرەی (٢٢) کتێبی دەزگای شەفەق چاپخانەی ئاراس (هەولێر) ٢٠٠٩/ لا ١٢٤).

لەو چارەسەرییە بارِبا چەمکێکی نوێ بە دارِشتەیەکی ترەوە دێنێتە ناو شانۆ، ئەویش چەمکی (وزە)ی ئەکتەرە، وزە دەبێتە چەمکێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ خوێندنەوەی ئیشکالیەتی جەستە، بەتایبەت لەرِێگەی ئەو چەمکەوە دەیەوێ ئەو دەمامکە ساختەیە لابەرێت لەسەر رِەگەزەکان، بەوەی ئەکتەری مێینە خاوەنی وزەی مێینە بێت و ئەکتەری نێرینە خاوەنی وزەی نێرینە بێت، سەرەتا چەمکەکە بۆ ناو پێناسە سەرەتاییەکان دەگەرِێنێتەوە، دواتر رِەخنەی ئاراستە دەکات، بەوەی وزە مانای هێزو کارکەر دەگرێتەوە، کە بوونی وابەستەی هاوار و دەمارگرژیەتی ماسوولکە کراوە، لەکاتێکدا وزە بریتیە لە ئامادە بوون.

لابردنی ئەو دەمامکی گرژی و هاوارە لەسەر وزەو ناسینی وەك ئامادە بوون سرِینەوەی هەموو ئەو ناونانەیە کە لەرِێگەی رِەگەزەوە وزەی پێ بارگاوی کراوە، ئەو دەمەی ئەوەمان لەسەر وزە نەهێشت، دەکەوینە بەردەم ئامادە بوون.

کە بریتیە لەو پرِۆسەیەی «رِۆڵی ئەکتەر (کورِ بێت یا کچ) ئاشکرا کردنی ئەو خواستە تاکانەیە بۆ وزە، وەپارێزگاریکردنی وزە وخودگەرێتی» (طاقة الممثل/ أوجينيو باربا واخرون، ترجمة (د. سهير الجمل) أكاديمية الفنون وحدة الاصدارات المسرح (٣٣) ص ٢٨٤)

تێکشکاندنی دوالیزمەکانی جەستە بۆ بارِبا پەیوەندی بە کەشف کردنی نهێنییەکی تایبەت هەیە، بەوەی هەریەك لە رِەگەزەکان بەشێکی رِەگەزەکەی تری گرتۆتە خۆی، چارەسەری ئەو بۆ جەستە، پەیوەستە بە ئەنترۆپۆلۆژیای جەستەوە، بەهۆی ئەوەی دەیەوێ چارەسەرەکە پەیوەندی بە ژیارەوە هەبێت کە مرۆڤەکان خاوەنین، ئەوەش دوالیزمی (رِەگەز/ کەسێتی) بۆتە هۆی ئیشکالیەتی ناو ژیار، بۆ ئەوەی زیاتر ئەو لایەنە رِوون بکەینەوە نموونەیەك دێنینەوە، با ئەویش شانۆگەری (ماکبێس) بێت، رِەگەزی ئەکتەر رِەگەزێکی مێینەیە کە رِۆڵی (لیدی)

یاری دەکات، بەڵام ئاخۆ ڕەگەزی کەسێتی لیدی مێینەیە؟ ئەو دەمەی خەونی تاج لای لیدی دەبێ بە خەونی کوشتن، ئێمە لەڕەگەزی کەسێتی لیدی وەك نێرینە سەیر دەکەین، لەکاتێکدا ئەو مێینەیە، بەواتای لەیەك کاتدا هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە.
کەواتە ئەو دوالیزمە (ڕەگەز/ کەسێتی) لەناو خۆیدا پەیوەندی نێوان (ئەکتەر/ کارەکتەر) ە، پەیوەندییەك لەئاستی ڕەگەزی تەواو ناکۆکە، ئەوەش بۆتە بەشێکی زۆری ژیاری کۆمەڵگاکان. کەواتە وزە بریتیە لەتوانای تەکنیکی عەقڵی و جەستەیی ئەکتەر لەچۆنییەتی بەکارهێنانی لەناو نمایش، ژیار و کولتوور توانای ئەوەیان هەیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا وزە ڕێڕەوەکەی بگۆڕێت و تەکنیکیتر بدۆزێتەوە، دەبێ لەو کاتەدا ئەو خاسیەتە کۆمەڵایەتییانە بەهەند وەربگرین، کە کولتورێك سیفاتی پاڵەوانەکانی بەو شێوەیە پاوان ناکات بەسەر ڕەگەزەکان، بەڵام ئەو دەمەی بەشێکی زۆر لە کولتوری خۆرهەڵات بەپێی یاسای دارستان کارەکتەرە ترسنۆك و بێدەسەڵاتەکان دەدات بە مێینە و بە دەگمەن (نورا وئەلیکترا ئەنتیگۆنا) لەشانۆی خۆرهەڵاتدا دەبینین، دەبێت ئەکتەری مێینە وزەی بخاتە بەردەم ئەو گومانە ئەنترۆپۆلۆژیە، بەوەی ئەو جەستە نییە، بەڵکو خاوەنی جەستەیە، کە ئەکتەر بریتی نەبوو لەجەستە، بەڵکو خاوەنی جەستە بوو، واتا وزە بوونی نییە، کە وزەش بوونی نەبوو، واتە نەبوونی ئامادەبوونە، بۆ ئەوەی ئامادەبوون لەناو شانۆ بوونی هەبێت دەبێت جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییە بکرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان وزەو جەستە، ئەوەش بنەمای چارەسەری ئیشکالیەتی ئەو پەیوەندییەیە کە بارِبا شانۆی سێیەمی پێ ڕزگار کردووەو نەیهێشتووە لەناو ئیشکالیەت بمێنێتەوە، کە ئەمڕۆ گرووپە ئەزموونگەرییەکان زۆر بەبایەخەوە بۆ چارەسەری ئەو ئیشکالیەتە دەگەڕێنەوە، هەمیشە کە بیانەوێ ئامادەبوونی شانۆ ببێتە بنیاتنانی دنیایەکی خوڵقێنراو ئەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەنترۆپۆلۆژیە بۆ وزە دەگەڕێنەوە، تێگەیشتنێك یۆژینۆ بارِبای گەیاندە ئەو دەرەنجامەی بڵێت «ئێمە لەسەر جەستە یا دەنگ کار ناکەین، ئێمە لەسەر وزەکان کار دەکەین» (الجسم المتمدد/ اوجينيو بارِبا، لە کتێبی (طاقة الممثل) هەمان سەرچاوە، لا ٢٩٦)

## تاداشی سوزوکی: ئەزموونکارێکی شانۆیی

ئێمە چۆن دەتوانین ڕەهەند و گوتارێکی تر بە شانۆ ببەخشین؟ ئایا شانۆ بریتیە لە پرۆسەیەکی کۆنکرێتی و هاوکێشەیەکی ماتماتیکی؟ هەمیشە ئەوە گومانە بەرەو پرسیاری جیاوازمان دەبات، ئەوە پرسیارە لە ئەزموونە جیاوازەکان نزیکمان دەکاتەوە، ئێمە هەمیشە خەونی گەڕان نایەڵێت وێستگەیەك بدۆزینەوە بۆ پشوودان، بەڵکو خەون بەرەو پانتایی ڕەنگە جیاوازەکانی شانۆ ئاشنامان دەکات.

هەر کاتێ ئەزموونێك سنووری خۆی دەست نیشان کرد، ئەوە مردنی ئەزموونەکە ڕادەگەیەنێت، ئەزموونکاریەت هەمیشە لە گەڕان و پرسیاری جیاوازدایە، هەر بۆیە دەرچوون لە یاسا باوەکان هەوڵدانە بەرەو گەڕان بۆ ئەزموونی نوێ و ناتەبا، ئەوەش پێویستی بە ئاگاییەکی شانۆیی قووڵ و گەڕانە بەناو تیۆر و میتۆدە جیاوازەکان، قسەکردنەوەیە لەسەر پەیوەندی نێوان شانۆ و زانستە مرۆییەکان، ئەوانەی لەو پەیوەندییە دەدوێن، دەبێت کەسانێك بن بێئاگا نەبن لە زانستەکان، چەندە دەبێت لە شانۆ نزیك بێت هێندەش پێویستی بە ئاشنا بوونی ئەو زانستانە هەیە، زانستەکان توانای ئەوەیان هەیە هەمیشە بەرەو بیرکردنەوە لە ئەزموونی جیاواز بمانبات، ئەو پەیوەندییە سەرەنجام لەناو ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی چڕ دەبێتەوە، ئەگەر ئەو پەیوەندییە لای ئەنتوان ئارتۆ بریتی بوو بێت لە پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و شانۆ، تا لە دواجاردا ئەو پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆی خوڵقاند، ئەوا زانستەکانی تر بێ لایەن نەبوون لە ئاوێتە بوونیان بە شانۆدا، دیارترینیان کە مەبەستی ئەو نووسینەی ئێمەیە ئەزموونی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) ە.

تاداشی سوزوکی لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٩)ی شاری شیمیسی یابانییە, لەماڵێك پەروەردە بووە کە مۆسیقای کلاسیکی خۆرئاوایی ئەبیستێ, وەك چۆن گوێبیستی گۆرانییە سوننەتییەکانی شانۆی بووکە شوشە بووە, لە ساڵی ١٩٥٨ لە زانکۆی تۆکیۆ زانستی ئابووری سیاسی ئەخوێنێت و لە ساڵی ١٩٦٤ بڕوانامەی دەرچوون وەرئەگرێت, ئەوە وای لێ دەکات ببێت بە خاوەنی بیروبۆچوونی چەپخوازی, لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا پەیوەندی دەکات بە یانەی شانۆیی کە سەربە زانکۆ بوو, کە بە شانۆی( دا سیدای ئازاد) ناوی دەرکردبوو, لە سەر

میتۆدی ستانسلافسکی لێکۆڵینەوەی کردوو چەند دەقێکی چەپخوازی کە لەلایەن نوسەرانی ڕووسیەوە نوسرابوون بۆ شانۆ دەریهێنان, ساڵی(١٩٦٠) بۆ (١٩٦١) سوزوکی کرا بە سەرۆکی لیژنەی شانۆی ئازاد, زۆر توندبوو لەسەر خەمە هونەرییەکان زیاتر لە خەمە سیاسییەکان, پێنج دەقی دەرهێنا سیانیان هی ئارسەر میللەر و چیخۆف و سارتەر بوون, دووانەکەی تریشی هی هاوکارەکەی بوو لە یانەی شانۆی (مینۆرا بیتسۆ یاکۆ). دەقەکانی نوسەرانی شانۆی ئەبسێرد (یونسکۆ و ئەدامۆف و ئەراباڵ و ئیدوارد ئەلبی) لەو کاتەدا بڵێسەیەك بوو تەواوی خەیاڵگەی ئەوی داگیرکردبوو, نەخوازەڵا بەکارهێنانی تەکنیکە ئەزموونگەرییەکان ئەوەی پەیوەندی بە توخمی شوێن و کاتی شانۆییەوە هەبوو. لە ساڵی (١٩٦١) سوزوکی و بیتسۆ یاکۆ تیپی خۆیان دروست کرد, ئەو تیپە بەشێك بوو لەو ماوەیەی کە دەرکەوتبوون بە (شانۆی نهێنی) ناسرابوون, سوزوکی بەدوای ڕێگایەکدا ئەگەڕا بۆ ڕزگاربوون لە واقعیەتی شانۆی (شینگیکی) هاوچەرخ, کە خاوەنی کاریگەرییەکی خۆرئاوایی بوو, توانی شێوازێك بهێنێتە کایەوە کە زیاتر ئەندێشە ئامێز بێت و دووربێت لە واقیعەوە.

دەقەکانی (بیتسۆ یاکۆ) خاوەنی زمانێکی خوڵقێنراو و درەوشاوەیە, وە ڕێبازی دەرهێنانی سوزوکی متمانەی کردبووە سەر تەقاندنەوەی تواناکانی جەستە, ئەویش یەکی گرتبووەوە بۆ خوڵقاندنی نووسینەوەیەکی نوێ, کاریگەری وریاکردنەوە بوو بۆ ماوەی نێوان (١٩٦٢-١٩٦٧) ئەوەش ئەو ماوەیەیە کە سوزوکی پێنج شانۆگەری (بیتسۆ یاکۆ )ی دەرهێنا, ناسراوترینیان شانۆگەری ( فیل) بوو لە ساڵی (١٩٦٢), سوزوکی بە شێوەیەکی هاوسەنگ شانۆگەرییە کۆن و هاوچەرخەکانی دەردەهێنا, دواترینیان (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)ی تنسی ولیامس ساڵی (١٩٦٧) بوو. ساڵی (١٩٦٦) سوزوکی ناوی تیپەکەی گۆڕی و ناوی نا (تیپی شانۆی واسیدای بچووك) بەرنامە سەرسوڕهێنەرەکەی بە دەقێکی بیتسۆ یاکۆ دەستی پێکرد, بەناونیشانی (دەرگەوان) هەر لەو ساڵەشدا شانۆگەرییەکی تری هەمان نووسەری دەرهێنا بەناوی (شووکردنی مناڵێکی بچووك), ئەو نمایشە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا بۆ نووسەر و دەرهێنەرەکەی, ئەو ڕۆژەیان هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی شانۆییە بچووکەکەیان لە سەر قاوەخانەی تۆکیۆ, کە (١٢٠)

کورسی ئەگرتە خۆی, لەو تاقیگە بچووکەدا سوزوکی پەنای ئەبردە بەر فیلّی شانۆیی, بۆ ئەوەی ئەکتەرەکان بتوانن تا ئەو شوێنەی شیاوە گوزارشت بە جەستە و دەنگیان بکەن, ئەو شێوازەکەی خۆی نزیك دەکردەوە لە شێوازی شانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی, سوزوکی لە کۆتایی شەستەکاندا بڕوای وابوو کە نواندن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەکتەرە بۆ توانا گوزارشتە زاتیەکانی و نەوەك بۆ ڕاڤەکردن یان وەرگێڕانی دەقی شانۆیی بۆ نووسەر. لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی وجوودی سوزوکی ڕاڤەی ئەکتەری ئەکرد لە رووبەڕووبونەوەی لەگەڵ بینەر, کە ئەوەش جۆرێك بوو لە خۆسەپاندنی خود, لە ئەنجامی ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی بینەر و ئەکتەر, هەردوولا مرۆڤایەتی هاوبەشیان بۆ ئاشکرا ئەبێت, کە بارگاوی کراوە بە رووخان و وێرانە.

تیپەکەی سوزوکی کۆمەڵێك نمایشی ئەزموونگەری بەرهەم هێنا کە لە دەقی خۆرئاوایی و یابانی و هەروەها لە کابوکی وەریگرتبوو. سوزوکی لەو باوەڕەدا بوو کە گرنگی دەرهێنەر و پرۆسەی دەرهێنان لەگەڵیا ئامانجی هاوکاری کردنی ئەکتەرە بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی کەسێتی بە رۆڵەکەی, ئەوەش لە ڕێگەی ئەو شێوازە داهێنراوە زیندووەی وا دەکات, ڕۆحە نوستووەکان لەناوەوە بەئاگابێنێت, ئەکتەر لێرەدا پلەیەکی بەردەکەوێت, بە بەراورد بە دەقی شانۆیی, (ئازارە دراماتیکییەکانی گەورەمان مەسیح) لە ساڵی (١٩٦٩) نمایشێك بوو بووە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایەك, کە گوزارشت کردن بوو لەکۆلاژکردنی دیمەنە ناسراوەکانی شانۆی خۆرئاوایی و کابوکی, بە شێوازی سوریالی ڕێکخرابوو, ساڵی(١٩٧٠) بەشی دووەمی ئازارەکانی مەسیحی نمایش کرد, لە کۆتایی حەفتاکاندا کارو چالاکییەکانی تیپەکەی بەرەو کۆتایی چوو, بۆیە ساڵی (١٩٨٠) هەوڵی سەرلەنوێ دامەزراندنی لە تۆکیۆی پایتەخت دایەوە, لە ساڵی (١٩٨٢) فێستیڤاڵی جیهانی (تۆگۆ)ی سازکرد کە تیایدا زۆربەی هونەمەندە ناسراوەکانی جیهانی بانگهێشت کردبوو, لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك دەقی یابانی دەرهێنا, لەوانە (کلیت منسترا) و (دیۆن زۆس) لە ساڵی (١٩٩٠) و (رووخانی ماڵی ئاتریۆس) کە لە دەقی کلیمنسترا ئامادە کرابوو, کە لە ساڵی (١٩٨٣) لە هۆڵی شانۆیی ئیمپراتۆری (فادەن ١٩٠٠ کورسی) نمایش کرا. هەروەها هەردوو دەقی (بافوسییەکان و کلیمنسترا)ی بە هەردوو زمانی یابانی و ئینگلیزی نمایش کرد.

سوزوکی لە کارەکانیدا بەرەومرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) کاری نەکردووە، بەڵکو لەناو کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا)وە پەیوەندییەکەی خوڵقاندۆتەوە، هەموو پرسیار و گومانەکانی بەرهەمی ئەو پەیوەندییەیە، هەر بۆیە ئەو لە کارکردن زیاتر لەسەر چەمکە کۆمەڵناسییەکان کار دەکات، بە تایبەتی کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی کارەکانی، کولتوور وەك چەمکێکی کۆمەڵناسی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بیرکردنەوەو میتۆدی کارکردنی هەیە، ئێمە هەوڵ دەدەین لەسەر چەند رەهەندێکی ئەزموونەکەی بدوێین، هەروەها چەمك و زاراوەکانی تا چەند بە مانای نوێ بارگاوی کراوە؟ شانۆکەی لەناو چ پۆلین کارییەکە؟ دەچێتەوە سەر چ قۆناغێك و ڕەخنەکانی ئاراستەی کوێ دەکات؟ ئایا ئەو ئەزموونە بە تەنیا ئەزموونێکی خۆرهەڵاتی یا ڕاستر بڵێین یابانییە؟ ئەو ئەزموونە توانای خۆناساندنێکی سەربەخۆی هەیە بەوەی وەك ئەزموونێکی دەوڵەمەند بیناسین کە بتوانین سوود لە تێڕوانینەکانی وەربگرین؟ ئێمە هەوڵ دەدەین لە تەواوی ئەو نووسینەدا لەسەر ئەو پرسیارانە ئیش بکەین.

ئیشکردنی سوزوکی لە شانۆدا گەڕانەوەیە بەرەو چەمکی کولتوور بەهۆی ئەوەی ئەو چەمکە لەناو دەلالەتی سۆسیۆلۆژیەوە (کۆمەڵناسی) بارگاوی کراوە، بۆیە ئەویش هەر لەناو ئەو زانستەوە سەیری ئەو چەمکە دەکات، ئەگەر کولتوور خاوەنی چەندین پێناسەی جیاواز بێت، لە جۆری «کولتوور بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر و، هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و دابونەریت و ترادسیۆنەکان، بە کورتی گشت ئەو فێربوون و عادەتانەی کە مرۆڤێك وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت» (دەروازەکانی کۆمەڵناسی/ مەنوچێهر موحسنی، وەرگێڕانی (کۆمەڵێك وەرگێڕ) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر **٢٠٠٢**، لا **١٠٣**) بەڵام بەهۆی ئەوەی سوزوکی زیاتر بایەخ دەدات بە کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان و جەخت لەسەر بۆچوونەکانی ئەوان دەکاتەوە، بۆیە دەبینین لە تێڕوانینەکانیدا ئەو پێناسەی کۆمەڵناسی ئەمریکی سامنێر زۆر بە ڕوونی هەست پێدەکەین کە دەڵێت «کولتوور بریتییە لە کۆمەڵێك داب و نەریت و ترادسیۆن و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی» (هەمان سەرچاوە).

گەڕانەوەی ئەویش بۆ شانۆی کۆنی یابانی بەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسییە، بەڵام لەوە

دەچێت پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە بۆچی بایەخ بە کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان دەدات؟ بەر لە هەر شتێك ئەو جیاکارییەی کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان دەیکەن لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە کولتورییەکان بۆ خۆی دۆزینەوەی ئاراستەیەکی نوێیە بۆ کاری شانۆیی کە بتوانێت دیاردەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە شانۆدا جیا بکاتەوە، کۆمەڵناسی ئەمریکی «زیاتر بایەخ بە (پەیوەندییەکان) دەدات نەك (بونیاد) و (دامەزراوە)، کێشە تایبەتەکانی کۆمەڵگای ئەمریکایی، واتە ململانێی نەژادی، کەمایەتییەکان و تاوانکاری (بە تایبەت تاوانکاری لاوان) زەمینەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بووە و دەبێت، کەم کتێبی کۆمەڵناسی ئەمریکایی هەیە باسی کێشەی نەژادی نەکردبێ« (کۆمەڵناسی گشتی/ مەنوچێهر موحسنی، وەرگێڕانی (موسڵح ئیروانی) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٥، لا ١٧٧)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی سوزوکی بایەخ بە کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان دەدات، بەوەی بایەخدان بە پەیوەندییەکان بەلایەوە گرنگترە، بەڵام پەیوەندییەکان لای ئەو چییە؟ ئەوەیە ئەو پرسیارەی پێویستە بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین.

پەیوەندی هەریەك بە جەستەکانەوە، خوڵقاندنی پەیوەندی گروپێکی کۆمەڵایەتییە کە دەیەوێ لە ڕەفتارەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بیگوازێتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە گروپێکی شانۆیی، ئەو پەیوەندییە بەرەنجامی کوشتن و لابردن و نەمانی جیاوازییە جەستەییەکانە، کە نمایش جەستەی تاك دەگۆڕێتە سەر جەستەی کۆ، ئەو کۆیە شوناسی کۆمەڵایەتی گروپی ئەکتەرانە، ئەوەش دەبێتە لەدایکبوونی کۆمەڵگایەك کە بەزمانی خۆی بە (کۆمەڵگای ڕۆشنبیری) ناوی دێنێت.

کێشەی شوناسی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگی ئەو ئەزموونکارەیە، بۆیە بۆ دوو جۆر لە وزە پۆلینی دەکات (وزە ئاژەڵییەکان) و (وزە نائاژەڵییەکان) ئاژەڵییەکان دەگوازێتەوە بۆ جەستەی مرۆڤ و گیاندار هەرچی وزە نائاژەڵییەکانە بە وزە تەکنەلۆژییەکان ناوی دەبات، ئەو پۆلینکارییە شوناسی ئەزموونەکەمان تێدەگەیەنێت بەوەی لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنیتی دەکات، ڕەخنەگرتنی لە مۆدێرنیتی گەڕانەوەیەکی نۆستالۆژی نییە بۆ سەردەمی شانۆی بەر لە مۆدێرنیتی، ڕاستە ئەو ئاماژە بۆ شانۆ کۆنەکانی یابانی دەکات، بەڵام ئەو باسکردنە هێندەی

ئاماژەکردنە بۆ وزەیەکی ئاژەڵی کە توانای خوڵقاندنی شانۆی هەبووە، مەبەست گەڕانەوە نییە بۆ ناو گریمان و دەلالەتەکانی جیهانی سوونەتی ئەو ئەزموونانە، بەڵکو دژوەستانەوەیە بەرامبەر بە مۆدێرنیتی بەوەی نەیتوانی شانۆ بەرەو پێشەوە بەرێت، چ لەڕووی تەکنیکی هونەرییەوە، چ لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەوە تەکنەلۆژیا بوو باڵی تەواوی بەسەر سەرجەم پەیوەندی و تەکنیکەکان و هونەردا گرتبوو، بۆیە ئەو دژایەتییەی بۆ مۆدێرنیتی سوزوکی دەکات بە یەکێك لەو شانۆکارانەی ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنیتی دەکەن و میتۆدی کارکردنیشی ئاراستەیەکی نوێی تیا دەخوڵقێنێت بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی.

میتۆدی کارکردنی بریتیە لە سەر لەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەکتەر، لە ڕێگەی هەستەکانی جەستەوە، بە تایبەت بایەخدانی تایبەتی بە قاچەوە لە ڕێگەی لێدان لە زەوی، ئەوەش هەر زوو پەیوەندی جەستە و زەوی دەکات بە پەیوەندییەکی ئەزەلی بەوەی جەستە تەنانەت لە مردنیش دەسبەرداری ئەو پەیوەندییە نابێت، چونکە بۆ زەوی دەگەڕێتەوە، ئەو پەیوەندییە پرۆسەیەکە بۆ لابردنی جیاوازی ڕەگەزی و نەژادی، بەکارهێنانەوەی یادەوەری لەلایەن ئەکتەر و گەڕانەوە بۆ کولتووری جەستەی خۆی، بە مانای ئەکتەر خاوەنی کولتوورێکی تایبەتە کە ئەو کولتوورە شوناسی ئەوی بنیاتناوەیەیە، لەو میتۆدەدا ئەکتەر ئەو کولتوورە دەگەڕێنێتەوە نێو ساتەوەختی کارکردنیدا، مۆسیقا لە ڕاهێنانی ئەکتەردا بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێ سەرەتا بۆ دەربڕینی هەموو ئەوانەی ناخی بۆ بەتاڵ بوونەوەو لێدان بە قاچەکان لە زەوی، تا بە تەواوی خاو دەبێتەوەو بە تاڵ دەبێت لەهەر تورە بوون و گرژی و دڵە ڕاوکەیەك، بەدوای خاوبوونەوەی قۆناغی دووەمی ڕاهێنانەکە مۆسیقا لە ڕێگەی ڕەزمێکی سلۆ و نەرمەوە هەڵی دەستێنێتەوە، ئەوە پرۆسەیەکی سەرەکییە بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، دیارە ئەو میتۆدە جەختی زۆر دەکاتە سەر شانۆی یابانی بە تایبەت لە گەڕانەوەی بۆ ئەو ڕابردووە، کە کەسانێکیش بە میتۆدێکی تایبەت بە یابانی دەبینن، کە بۆ شانۆکارانی تر پەیڕەو کردنی زەحمەتە، بەڵام سوزوکی پێداگرییەکی زۆر دەکات لەوەی ئەو میتۆدە تایبەت نییە بە یابانییەکان، بۆیە زیاتر ئەو پێداگیریە لەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکییەکان دەکات «هەندێك لەوانەی چاودێری ڕاهێنانەکانمیان کردووە، وای دادەنێن بە تەواوی یابانییە و

لەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکییەکان ناگونجێت، بیانووی دروستکراو ئەوەیە کە قاچەکانی ئەوان لە قاچی یابانییەکان درێژترە، لە واقیعدا مەسەلەکە قاچی درێژ نییە» (الثقافة هي الجسد/ تاداشي سوزوكي، ترجمة (علي كامل) المدى العدد (٢١) ١٩٩٥، ص ١٢٩) بەڵکو بەلایەوە لەدەستدانی وردبینییە لەلای ئەمریکییەکان، بە تایبەت ئەو کاتەی هەموو خەیاڵیان لای قاچ دانە لەزەوی پێی وایە ئەو کاتە ئەکتەرە ئەمریکییەکان ئەو وردبینییە لە دەست دەدەن. ئەو ئەزموونە وەك لە وتەکانی سوزوکی دەردەکەوێت دەکرێت وەك ئەزموونێکی جەستەیی بگوازرێتەوە بۆ شانۆی کولتوورەکانی تر، بە تایبەت بۆ ئەو گروپ و کولتوورە جیاوازانەی کە کارکردنیان لە شانۆدا بەدژی ڕێرەوی شانۆی مۆدێرنیتیە، مەرج نییە ئەو تێڕوانینانە هەمووی وەك ئەوەی ئەو خوازیارە پەیڕەو بکرێت، بەڵام میتۆدێکە دەتوانێ سەر لەنوێ لە پرۆسەیەکی جیاوازدا ئەکتەر ئامادە بکاتەوە. دیارە سوزوکی سەرباری ئەوەی دەیەوێت کۆمەڵناسییەکی تایبەتی لە شانۆدا بخولقێنێت، بەڵام لەو زانستە شانۆییە پۆست مۆدێرنیتیەدا نەیتوانیوە بە تەواوی دەسبەرداری ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و تێڕوانینە ئەنترۆپۆلۆژیاکان بە تایبەت بۆ مرۆڤی یابانی واز بهێنێت، بۆیە زۆر جەخت لەسەر بۆچوونەکانی ئەنترۆپۆلۆژیستی یابانی (شنۆ بۆ ئۆریگاکی) دەکاتەوە، بە تایبەت لە ڕووی پەیوەندی جەستە بە زەویەوە، ئەگەرچی ئەوە مانای وانییە کە ئەو نەیتوانیبێت بەرەو زانستێکی شانۆیی نوێ ڕێگا ببڕێت، بەڵکو میتۆدەکەی ئەو بە تەنیا خولقاندنی زانستێکی شانۆیی نییە، بەڵکو بنیاتنانی ریبۆرتوارێکی شانۆیی ئەزموونگەریشە کە دەتوانرێت پیادە بکرێت، ڕیبۆرتوارێك هیچی کەمتر نییە لە ریبۆرتواری ئەزموونکارە مەزنەکانی شانۆ و دەرگا کردنەوەیەکی جدیشە بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بەر لە مەشق و خولقاندنی تواناکانی، ئەوەش نووسینەوەیەکی نوێیە بۆ ڕاهێنان و میتۆدی شانۆیی.

# بەشی دووەم

# تاراوگەو شانۆ

ئەزموونی شانۆکاری کورد لە تاراوگە ئەزموونێکی هێندە درێژ نییە یاخود ئەو ئەزموونە لە سەرەتای سەفەری شانۆکاری کورد بۆ تاراوگە نەیتوانیوە خۆی بناسێنێت، ئەگەر هەشتاکانی سەدەی بیستەم یەکەمین سەفەری شانۆکاری کورد بۆ شانۆکانی دنیا دەست پێ بکات، بەڵام ئەوە سەفەرێکە شانۆکار ون دەکات و ناتوانێ بوونی خۆی نەك وەك شانۆکارێك لە ئاستی جیهان بخاتە ڕوو تەنانەت وەك شانۆکارێکی کوردیش ون دەبێت، بۆیە سەرەتای ڕاستەقینەی ئەزموونی تاراوگەی شانۆکاری کورد لە دوای راپەرینی بەهاری نەوەت و یەك دەست پێدەکات ئەو سەفەرە بەتەنیا ئاشنا بوون نییە بە شانۆی گەلان، بەڵکو هەوڵدانە بۆ خۆسەپاندن لەناو گوتاری شانۆی جیهانی وەك لەلای شانۆکاران نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر دەیبینین یاخود هەوڵدان بۆ ئاشنابوون بە کولتووری شانۆی نەتەوەکانی ترەوە وەك لە هەوڵەکانی دانا رەئوف لە شانۆی سویدی و ئەزموونەکانی باکۆ سۆرانی لەشانۆی بێ سنوورو سەفەرە سیندیبادییەکەی میدیا ڕەئوف لە سوریاوە دەست پێدەکات و دواتر لە دانیمارك دەگیرسێتەوە.

ئەگەر ئەو چەند ناوەی ئێمە درەوشاوەترین ناوەکانی شانۆکارانی تاراوگە بێت لەپێناو خۆسەپاندن لەنەخشەی شانۆی دنیادا، ئەوا نابێت هەندێك ناویتر کە ویستویەتی هەوڵەکانی لەئاست شانۆی کوردی بەردەوامی هەبێت بە گرنگ سەیر نەکرێت وەك کارەکانی کامەران رەئوف و شەماڵی عەبە رەش و شادان فوئادو سیروان رەحیم و فرمێسك مستەفا و ریزان ساڵح و تەلار هیرانی و هەوڵەکانی د. فازڵ جاف و تیپی شانۆی ئارارات.

ئەگەرچی ئێمە هەر کاتێك قسە لە ئەزموونی تاراوگە بکەین وێنەیەکی ناتەواومان لەبەر دەستە ئەویش بەهۆی ئەوەی لەلایەك ئەرشیفێکمان لەبەردەست نییە کە بیکەینە زەمینەی تویژینەوە لەڕووی نووسین و وێنەو ڤیدیۆ و تویژینەوەی نووسراو و دایەلۆگ لەڕوویەکیتریشدا هەوڵەکان چونکە نەبینراون لە ناوەوەی وڵات ئەوەش دیسان وێنەیەکی ناتەواو دەبەخشێتە پڕۆژەکەمان، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە نابێت دەست بدەینە کارێك مادام هیچ زەمینەیەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە، ئەو نووسینە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ قسەکردن لەئەزموونی تاراوگەی شانۆکاری کورد بۆ

ئەوەش سێ ئەزموونمان هەڵبژاردووە کە لە ناوەوەی کوردستان نمایشکراون، ئەوانیش (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) میدیا ڕەئوف، (سووتوەکانی جەنگ)ی سەلام مەجید و ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش و چەند بەشێك لە ئەکتسیۆنی (بێ سێبەر) کە لە وۆرك شۆپێکی نیگار حەسیب نمایشکرا، ئەوەش دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ قسەکردن لەو پرۆژەیە کە زۆربەی نووسین و تێکستەکان لە ئاستی تیۆری بوونە ئێمە ویستومانە دیدی بینراوی خۆمان لە توێژینەوەی گوتاری ڕەخنەیی بەرجەستە بکەین، هەر نەبێت زەمینەیەك بۆ ئەزموونێکی گرنگی قسە لەسەر نەکراو بێنینە بوون.

## پرسیارە رەخنەییەکان لە نمایشی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)

کاتێ ڕەخنە وەك ڕووبەرێکی دەلالی بۆ زمان بیەوێ نمایشی شانۆیی بخوێنێتەوە، ئەوا پڕۆسەی خوێندنەوە لەناو زمانی وتراو ناوەستێت، بەڵکو زمانی وتراو ئەبێ بە ئەیقونەیەك بۆ چوونە ناو زمانی بینین، تاوەکو شانۆ وەك پڕۆسەی بینین و چێژ و ڕەخنە وەك میتۆد و زانست بخوێنینەوە، ئەوەش ڕزگارکردنی نمایشە لەناو ستایشکردن و یاخود هەر تۆمەتێك کە توانای سەلماندنی نییە، لێرەوە ڕەخنەی شانۆیی ڕزگارکردنی شانۆیە لەستایشی بێ بنەما و هەروەها وەستاندنی تۆمەت و ناشیرین کردنیشە، ڕەخنە دێت بۆ ئەوەی تەواوی پێکهاتەی نمایش بخوێنێتەوە، لەم ڕوانینەوە، ئێمە هەوڵ ئەدەین لەسەر پڕۆژەیەکی شانۆیی هەڵوەستە بکەین، کە بەڕێوبەرایەتی شانۆی سلێمانی تیایدا میوانداری شانۆگەری (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) کردووە، ڕۆژانی ٢٩و٣٠ی تەموزی ٢٠١٠ لەسەر شانۆی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە سلێمانی نمایش کرا، نووسینی (تەلال نەسرەدین) و وەرگێڕانی (رەئوف بێگەرد) و نواندنی (میدیا رەئوف بێگەرد) سینۆگرافیا (حەیدەر ئەبوحەیدەر) ئەم شانۆگەرییە یەکەمجار لە ١٩٩٨ لە دەرهێنانی (هادی ئەلمەهدی) لە سوریا نمایش کراوە و دواتریش لەچەندین وڵاتی تری دنیا پێشکەش کراوە، تا سەرەنجام ئەم هەوڵە لەو سەفەرە درێژەیدا گەیشتەوە ئامێزی شانۆی کوردی.

## نووسینەوەی تێکستی مەرگی ژن

چارەسەرکردن بۆ کێشەی ماڵ، بەتەنیا گرفتێکی کولتووریی نییە، بەڵکو ئەفسانەییشە، هەر لەگەڵ سەفەری ئۆدیب دەست پێدەکات، کە لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو ماڵ گەورەترین تراژیدیا دەخوڵقێنێت، ئۆدیب یەکەم کارەکتەری ناو شانۆیە کە گەڕانەوە بەرەو ماڵ.. بۆی دەبێت بە لەدایکبوونی تراژیدیا، لەنمایشی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) ماڵ تراژیدیای مەرگ دەخوڵقێنێت، بەهۆی ئەوەی تاکە کاراکتەری نمایشەکە، ئەو ژنەی بەهۆی عەشقەوە لەماڵ دێتە دەرەوەو لەگەڵ خۆشەویستەکەی ژیان دەباتە سەر و بەرەو ماڵێکی تر دەڕوات، بەڵام سەرەنجام خۆشەویستەکەی وەك عاشقێك نامێنێتەوە، بەڵکو وەك پیاوێکی ترسنۆك بەدوای ئەوەی خۆشەویستەکەی سکی پڕ بووە بەجێی دێڵێت.

پرسیارکردن لە ئێرەبوون لەناو ئەم نمایشە پرسیار نییە لەکارەکتەر بەقەد ئەوەی پرسیارە لەناسینی ماڵ، چونکە هەر لەسەرەتاوە شوێن کە ماڵە وەك ڕووبەرێکی ترسناك خۆی دەخاتە ڕوو، بەهۆی ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی هاتنی برای ئەو ژنە ئەکەین کە بێت خوشکەکەی بکوژێت، ئەو ترسە بۆ کارەکتەری ژنەکە پرسیاری ئەوەمان ڕووبەروو ئەکاتەوە، کە ئەو کارەکتەرێکە توانای ئەو یاخی بوونەی تیا نەبووە، بەتایبەت کە دەبینین ئەو لەدەست بونیادە تەقلیدییەکانی ماڵ و زەبروزەنگی خێزان ڕای نەکردووە، بەڵکو تەنها عەشق هۆکارێك بووە بۆ ڕەدووکەوتنی و بەجێهێشتنی ماڵ، دواتر دەبینین براکەی نایەت، چونکە وەك لەگێڕانەوەی کارەکتەر بۆمان دەردەکەوێت کە براکەی کەسێکی ترسنۆك و بێدەسەڵاتە، لەکۆتاییشدا دوای ئەوەی منالی ئەبێت و بەرەو ماڵ ئەگەڕێتەوە، ئەو گەڕانەوەیە تەسلیمبوونە بە مردن، بۆیە کۆرپەکەی ئەکوژن وخۆشی تەسلیمی مردنێکی مەجازی ئەبێت، چونکە ئەو مردنەی ژنەکە ون بوونە لەناو دوو پارچە قوماشی سوور و سپی ناو چوارچێوەیەك کە مردنێکی جەستەیی نەبوو، بەڵکو مردنێکی فکریی بوو، ئەوەش کوشتنی توانای ژنە وەك بوونێك، نەوەك وەك جەستە، چونکە مردنی خود واتە مەرگی ڕەگەزێتی، بەپێچەوانەی مەرگی جەستە کە تەنیا زەبروزەنگ بنیات ئەنێت، ئەوەش دەنگی تورەبوون دێنێتە کایەوە، بۆیە ئەو مەرگەی کارەکتەر مەرگێکی خودیی بوو نەك جەستەیی.

دیارە نووسەری ئەم تێکستە (تەلال نەسرەدین) ناوێکی تازەیە بۆ شانۆی کوردی، پێشتر بە کارەکانی ئاشنایەتیمان نەبووە، هەڵبەت، ئەو تێکستەش ناتوانین وەك تێکستێکی فەلسەفی قووڵ سەیری بکەین، بەقەد ئەوەی تێکستێکە سەرباری نەبوونی مانای کرنۆلۆژی بۆ بەدوا یەك نەهاتنی ڕووداوەکان، بەڵام تێکستێکە سادەبوونی وای کردۆتەوە، لەزۆر شوێندا وەك تێکستێکی ریالیستی خۆی بخاتە ڕوو، ئەگەرچی دیدی نمایشکار ویستبێتی ئەو ریالیستی بوونە لەزۆر شوێندا ڕەنگ نەداتەوە، کە لە ئێستادا دێینە سەر ئەو بابەتە.

## جەستەی ئەکتەر لەنێوان کردەی بایەلۆژی و پرۆسەی شانۆیی

تاکە ئەکتەری ئەم نمایشە (میدیا رەئوف) لەڕێگەی گوزارشتی دەنگ و جەستە دەیەوێت شانۆیەکمان پێشکەش بکات کە بریتی بێت لە (وشە، گۆرانی، سەما، ترس، شادی، توڕەبوون، ڕق، خۆشەویستی) ئەوەش کارێکی ئاسان نییە و ئەرکی ئەوی زۆر سەخت کردبوو، بەهۆی ئەوەشەوە سەرەتا لە ڕیتمێکی کزەوە نواندن دەست بە جووڵەکانی دەکات، لە مۆسیقایەکی نزم ئەچێت، مۆسیقایەك پڕیەتی لە ترس، بۆیە کەمتر هەست بە جووڵە ئەکەین، بەقەد ئەوەی زیاتر ئێمە ئەبیستین، بەواتایەکی تر گێڕانەوە کردەی وتنە نەوەك ڕووداو بێت، ئەوە ببووە هۆی ئەوەی نەتوانین تواناکانی ئەو ئەکتەرەمان بۆ دەربکەوێت کە تاچەند گوزارشتەکانی ئەمانخاتە ناو ئەو سرووتە شانۆییەوە، بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵەکە کە جوانترین وێنەی ناو ئەم نمایشەیە تواناکانی ئەکتەر بەرز دەبێتەوە، هەروەها لەگەڵ گۆرانییەکان، جەستە گوزارشتەکانی بەرەو چەندین فرە ئاماژەیی ئەبات، ئەوەش هەوڵێکی میدیایە بۆ ڕزگارکردنی تێکست لەناو دیدگای ریالیستیانە و هێنانی بەرەو پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ لە گەیاندنی ماناادا، چونکە دیدی نووسەر وای کردبوو بەشێکی زۆری نمایشەکە بەتایبەت لە سەرەتاوە لەناو تێگەیشتنێکی تەبایانەدا نەتوانێ ڕەهەندێکی کراوە بە ئەکتەر ببەخشێت، بەتایبەت لەڕووی ئامادەبوونی جەستەوە، چونکە سەپاندنی سادەیی لە وشەدا وای کردبوو، جەستە بکەوێتە ناو دەسەڵاتی وشەوە، ئەوە ئەگەر میدیا رەئوف ئەکتەرێکی بەتواناو بەئاگای ئێمە نەبوایە نمایشەکە بەرەو داخران لەناو وشەدا وەك خستنە ڕووی

کارێکی ئەدەبی دەمایەوە، بەڵام تواناکانی ئەم ئەکتەرە توانی بەشێکی تێکستەکە ڕزگار بکات، لێرەدا پێویستە هەڵەیەکی میتۆدی ڕاست بکەینەوە، ئەویش لەبەکارهێنانی جەستەیە کە هەندێك پێیان وابوو دیمەنی سێکسکردنەکە ئامادەبوونی دەسەڵاتی جەستەیە لەناو نمایشدا، لەڕاستیدا ئەوە پەیوەندی بە ئامادەبوونی جەستە نییە لە شانۆدا، بەقەد ئەوەی توانا و بوێری ئەو خانمە ئەکتەرە بە سەلیقەیەکی هونەری بەرز خستیە ڕوو، جگە لەوە هەموو ئەو ناوبردنە بە کاری جەستەیی پێویستی بەوەیە جیاوازی جەستە لەنێوان شانۆ و بایەلۆژیا جیا بکەینەوە، چونکە سێکسکردنەکە گوزارشتێکی بایەلۆژیی بوو وەك دەرخستنی دیدێکی خودگەرایی، بەڵام ئەوە ئامادە بوونی جەستە نەبوو، بەڵکو لەو ئاستەدا جەستە نائامادە بوو، چونکە تەنیا ئەو وێنەیەی دەخستە ڕوو، بەبێ کاریگەری بۆ بەرهەم هێنانی پرسیار لە جەستەی ئەکتەر، کە ئەوەش زیاتر ڕووبەڕووی دەرهێنەر دەبێتەوە نەوەك ئەکتەر، بۆیە ئەوەی بەناوی جەستە لە شانۆدا لای هەندێك لە بینەران ڕاڤە کرا لەڕاستیدا ئەوە کردەیەکی بایەلۆژی جەستەیی بوو نەوەك پڕۆسەیەکی شانۆیی.

## ماتریالەکان لەچڕبوونەوەی زەمەنی دەرهێناندا

بەهۆی ئەوەی نمایشەکە شانۆیەکی مۆنۆدرامیە بۆیە شێوازی دەرهێنان ڕاستەوخۆ پشت بە تواناکانی ئەکتەر دەبەستێ، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا کردەی دەرهێنان لەڕێگەی ماتریالەکانی (چوارچێوە، قوماش، کورسی) پرسیاری جیاواز لەسەر کێشە فەلسەفییەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ماڵ ئەخاتە ڕوو، دیدی دەرهێنان لەبەردەم تێکستدا دیدێکی تۆکمە نییە بەهۆی ئەوەی لە زۆر شوێندا لە بەردەم تێکست دەوەستێت و ڕێگا بەوە دەدات تێکست قسە بکات و دەرهێنان بێدەنگ بێت، ئەو بێدەنگیەش سووڕانەوەیە بەناو بازنەی دایەلۆگ و دەرهێنەر تیایدا ون دەبێت، ئەگەرچی ئێمە لەسەر ئەم نمایشە ناوی هیچ دەرهێنەرێك نابینین، جگە لەوەی ئاماژە بۆ یەکەم نمایش کراوە کە هادی ئەلمەهدی دەرهێنەری بووە، بەڵام ئاخۆ ئەم نمایشەی ئێمە بینیمان هەر هادی دەرهێنەری بوو؟ یاخود ئەکتەر خۆی دەرهێنەر بوو؟ یا کەسی تر؟ ئەوەش ڕوون نەبوو، هەرچۆنێك بێت لە هەندێك شوێن بەتایبەت سەرەتای دەست کردن بە نمایشەکە هەست بە غیابی

دەرهێنەر دەکەین، بەڵام دواتر لە ئەنجامی قووڵ بوونەوە لەناو وێنە شانۆییەکەو سەماو گۆرانی جووڵەکان چڕدەبنەوە سەر سیستمێکی دەلالی، کە ئەکتەر لەتەك ماتریالەکان دەیەوێ پرسیاری تراژیدی ماڵ بخاتە ڕوو، یەکێك لەو ماتریالانە کە شوێنگەیەکی بەهێز دەخاتە ڕوو (کورسی) ە، کە هێمایە بۆ دەسەڵاتی نێرینە، هەمیشە هەموو تاوان و گوناهەکەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە، لێرەدا کورسی ئەبێت بە ڕەمزی پیاو، قوماشەکان لەڕێگەی ڕەنگی جیاوازەوە هەر لەسەرەتادا دەلالەتی خۆیان دەخەنە ڕوو «سوور، سپی، ڕەش» دەشێ پرسیارەکەی ئێمە لێرەدا لەوەوە دەست پێ بکات کە بۆچی ڕەنگ توانای گۆڕینی دەلالەتی نەبوو، وەك چۆن مناڵ ئەبێت بە قوماش، ئەی بۆچی پاکیزەیی ئەبێت لەناو ڕەنگی سپیدا گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، لەلایەکیترەوە کاتێ ئێمە چوار چوارچێوەمان هەیە سێ قوماش و ڕەنگی جیاواز چوارچێوەکانیان داپۆشیوە، چوارچێوەیەکی بەتاڵمان هەیە کە ئەوە ئاماژەیە بۆ چاوەڕوانی، چاوەڕوانی هاتنی برا بۆ کوشتن یاخود ڕزگارکردنی لەلایەن خۆشەویستەکەی کە کورسی بووە بە ڕەمزەکەی، ئەگەرچی قوماشە سپییەکە وەزیفەیەکی ئەوتۆی نەبوو، ڕەنگە ئەوە ناو ببرردرێت بۆ نەبوونی پاکیزەیی لەناو ماڵ، بەڵام ئاخۆ ئەوەندە بەسە بۆ بڕوا پێهێنانمان، چونکە ئەوە توانای بەشێکی چالاکی هەبوو بۆ دارشتنەوەی پانتایی، وەك چۆن کۆکردنەوەی سێ چوارچێوەکە و داپۆشینیان بە قوماشی ڕەش هەوڵێکی بینراوی دیارە بۆ شاردنەوەی یادەوەری ماڵ کە تیایدا زەمەن بوونی نامێنێت، هەر لەبەر ئەوەش میدیا سەعاتەکەی فڕێ دەدات، بۆیە کۆتایی نمایشەکە فڕێدانی کۆمەڵە ئاماژەیەکی بینراوە بۆ پرسیارکردن لە تراژیدیای ماڵ ئەوەش توانای ئەوەی هەیە دەرگایەکی تر بکاتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی تر کە خوێندنەوەیەکی فێمێنیستیانە بێت بۆ نمایشی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) ئەویش خوێندنەوەیەك نییە ئێمە خۆمانی لێ بدزینەوە، بەڵکو ئەیکەینە دوا تەوەری ئەم نووسینە.

## شانۆی فێمێنیستی

گەڕان بەدوای شانۆی فێمێنیستی دەبێت لە شانۆی کلاسیکیەوە سەیری بکەین، کاراکتەرە ژنەکانی وەکو ئەنتیگۆنا بە نموونەی دەنگی نارەزایەتی ژن دەردەکەون، ئەوە ڕەگ داکوتینە بۆ لەدایکبوونی شانۆیەکی فێمێنیستی، یاخود لە تێکستە شانۆییەکانی یۆرپیدس، ئامادەبوونێکی پتەوی ژن لەناو ئەفسانەوە دەبینین، کە دەبنە سەرەتایەك بۆ لەدایکبوونی هێزی ژن لە شانۆدا، دەتوانین ئەو هەنگاوانە وەك سەرەتایەك سەیر بکەین، ئەوە دەبێتە دەرگا کردنەوەیەکی پتەو بۆ نووسەرانی وەکو هنریك ئەپسن، لە شانۆگەری (ماڵی بووکە شووشە) کە کارەکتەری نورا وەك دەنگدانەوەیەکی ژنانە لەکۆتایی شانۆگەرییەکەدا ماڵ بەجێدێڵێت، چونکە چیتر ڕازی نابێت وەك بووکەشووشە سەیر بکرێت، یاخود لای لۆرکا لە شانۆگەری (ماڵی بەرنادا ئەلبا) ژنان شانۆ داگیر دەکەن، هەموو هەوڵەکان چەندە گرنگی خۆیان هەبووە، بەڵام شانۆی فێمێنیستی کە بووە بە خاوەنی گروپ و نووسەرو دەرهێنەری تایبەت بە خۆی، لەجۆری کەسانی وەکو جۆزیف فیرال، شانۆیەکە بەرهەمی تێگەیشتنە لە تێکستە فەلسەفییەکان، بەتایبەت کتێبەکەی سیمۆن دی بۆ فوار بەناوی (ڕەگەزی ئەویتر) هەرچەندە لەئێستا شانۆی فێمێنیستی زیاتر لەژێر کاریگەری بۆچوونە فێمێنیستیەکانی ژۆلیا کریستیفا زیاتر نزیکە.

دیارە ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئێمە توێژینەوەیەکی تیۆریمان نییە لەسەر ئەم شانۆیە، ئەوەش ناچاری کردین بەم شێوە ڕاگوزەرە ئاماژە بۆ ئەم شانۆیە بکەین، نەبوونی توێژینەوە لەم بوارەدا خەوشێکی ترسناکی ئێمەیە کە زۆر هەوڵی شانۆییمان فەرامۆش کردووە، چونکە ئێمە زۆرجار لەڕابردوودا هەوڵی لەم شێوەیەمان هەبووە، بەڵام نەبوونی توانا بۆ خوێندنەوەی فێمێنیستی وای کردووە ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەییە فەرامۆش بکرێت، هەڵبەت کاتێ لاپەڕەکانی قۆناغی شانۆی ئەزموونگەری کوردی هەڵئەدەینەوە دەبینین چەند هەوڵێکی شانۆیی هەبووە ئەتوانرا لە ڕوانگەی ڕەخنەی شانۆی فێمێنیستی بخوێنرێتەوە، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا ئێمە ڕەخنەگرێکی وا بە ئاگامان نەبووە تا ئەو هەوڵانەمان لەم ڕوانگەیەوە بۆ بخوێنێتەوە لەوانە «ڕۆژی سێیەم لەچاوەڕوانی گۆدۆ، لەچاوەڕوانی سیامەند» هەروەها زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکانی هاوڕێیانی گەزیزە کە لەو دیدەوە نەخوێنراوەتەوە.

## خوێنی ڕۆژهەڵاتی وەک شانۆیەکی فێمێنیستی

ئەو کاتانەی خوێندنەوەمان بۆ ئەم نمایشە توانای ئەوەی هەیە دەرگا لە خوێندنەوەیەکی تر بکاتەوە، بۆ ئەوەی وەك شانۆیەکی فێمێنیستی نمایشەکە بخوێنینەوە، بەڕاستی نازانین خۆمان لەو خوێندنەوەیە بەدوور بگرین.

ئەم نمایشە لە تەوەری ژنبوونەوە پرسیار دەخولقێنێت، پرسیار لەبارەی شوناسی ڕەگەزیەوە، ئەگەرچی پرسیارگەلێك کە زەبروزەنگی پیاو و بەرپرسیاریەتی کردنی لەهەموو ئاستەکانی ژیان، بەهۆی ئەوەی ژیانی نوێ ئەبێتە هۆی زەبروزەنگ، ئەوەش پرسیاری ئەوەمان ڕووبەروو ئەکاتەوە کە ژن بۆچی ماڵی باوك بەجێ دێڵێت، ئاخۆ عاشق بوون تاکە هۆکارێکە، بۆ یاخی بوون لە ماڵ؟ بۆ ئەوەی بگەین بە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەبێت لە پرسیاری بابەتیەوە بەرەو خودگەرێتی شانۆ بڕۆین، چونکە ئێستا پێویستمان بەوەیە بزانین تایبەتمەندییەکانی ئەم نمایشە وەك شانۆیەکی فێمێنیستی تەنیا لە بابەتەوەیە یاخود لەبونیادە پێکهاتووەکانی شانۆ؟

ئێمە ژنێك لەسەر شانۆ دەبینین، گۆرانی ئەڵێت.. سەما ئەکات.. یادەوەری ئەگێڕێتەوە، هەرەشەی ئێستا لەسەر یادەوەری باس دەکات، ئێستا هیچ نییە جگە لە گەمەیەکی یادەوەری هەموو ئەمانە پێویستی بە چڕبوونەوەیە لەناو ماتریالەکان و یەکەی گوتاری بابەت، ئەوەش پێویستی بە دیدێکی دەرهێنانی ڕێکخەر هەیە کە پەیوەندییەکە لە ئاماژەوە بگۆڕێت بۆ بەرهەم هێنانەوەی دەلالەت، تێکشکاندنی وێنەی باوی دەلالەت ئاماژە بۆ دەلالەتی جیاواز و فرە دەلالەتی بەخشینەوە بە ئاماژە، چونکە چوارچێوەکان و قوماشەکان جگە لە ئامادەبوونیان وەك بینراو پێویستیان بە کەشف کردنی نەبینراو هەبوو بۆ بێزاربوون لەسیستمی زەبروزەنگی پیاو، بەتایبەت کورسی کە دەبوو وێنەیەکی قێزەونی ئەو دەسەڵاتە ڕەگەزیە بخاتە ڕوو، کە هەڵوەشاندنەوەی تێکشکاندنی وێنەی ماڵ نییە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی مانا مەجازیەکانی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتاری پیاو بوونە، بەڵام کاتێك کورسی وەك مانایەکی ڕەمزی بۆ ئامادەبوونی دەسەڵاتی ڕەگەزی نێرینە

تێکناشکێت، بەقەد ئەوەی وەك تارماییەك دەمێنێتەوە، ئەوەش دوورمان دەخاتەوە لەرەهەندێکی ئاماژەکاری بۆ بونیادی دەلالەت، بەڵکو وەك بابەتێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەخاتە ڕوو، کە ئەوەش دەبێ بە بنەما بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی، بەڵام پێویستی بە دەقی فراوانتر و پتەوتر هەیە لەڕووی زمان و دارشتنەوە، چونکە ئەوەیە دەمانگەیەنێتە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو، کە پرسیار نییە لە نووسەر، بەڵکو ئیدی پرسیارە لە کارەکتەری نمایشەکەمان، کە ئەو هۆکارەی ژن ماڵی باوکی تیا بەجێ دێڵێت، تەنیا مەسەلەیەکی ڕەدووکەوتنەوە پەیوەست نییە بە بونیادە تەقلیدییەکانی ماڵەوە؟ ئاخۆ ئەوە تەنیا پەیوەندی بە عەشقەوە هەیە؟ ئەگەر وابێت ئەی زۆربەی تێکستە فۆلکلۆرییەکانی ئێمەش هەر لەو تەوەرەوە یاخی بوونی ژنی کورد بانگەشە ناکەن؟ ئایا شانۆی فێمێنیستی (کوردی) ئەگەر دەربکەوێت، بەو ئاگاییەوە خۆی دەخاتە ڕوو؟ ئاخۆ ئاگایی ژنی کوردی بۆ یاخی بوون لە سیستمی ماڵ خەونی ئازادی تەنیا وابەستە ئەکات بە ژیان لەگەڵ پیاوێك و دواجار پیاوەکەش ئەبێت بە جەللاد؟ هەموو ئەو پرسیارانە پێویستە لەو نمایشە و لەدیدی نمایشە فێمێنیستەکانی کوردی بکەین، چونکە سەفەری هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لەماڵ هەر لە ئۆدیبەوە تا نورا و کارەکتەرەکانی شانۆگەرییەکانی هنری میشۆ ولاش نۆرین و سترێندبێری و ئەپسن، سەفەرە لەپێناو ڕزگاربوون لەماڵ، بەڵام کاتێ ڕزگار بوون لەماڵ هیچ هۆکارێکی فەلسەفی لەپشتەوە نەبێت پێویستە بەدوای دیدی تێکستی فەلسەفی و دەرهێنانیدا بگەڕێین تاوەکو تواناکان لەناو دەنگ و جەستەی ئەکتەردا لەپاڵ بونیادەکانی تر یەکبخەین، بەتایبەت بۆ شانۆکارێکی جدی وەکو میدیا رەئوف کە بەیەکێك لەدەنگە چالاکەکانی شانۆ سەیری دەکەین، بۆیە جدیەت بوونی پرۆژەکەی میدیا وا دەکات سووربوونی ئێمە لەسەر نمایشەکە و لەسەر گوتارە ڕەخنەییەکە ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەییە بێنێتە بوون، کە بەیەکێك لەو هەوڵانە دەرکەوت کە توانای گفتوگۆ و پرسیاری لەلای نێوەندە شانۆییەکە هێنایە بوون.

# پۆلین کردنی دنیا لەشانۆگەری
## (سووتوەکانی جەنگ)

گۆڕینی پرسیاری گەڕانەوە بەرەو ماڵ بۆ پرسیاری تراژیدیای شەڕ، ئەگەرێکی ئەو ساتەوەختە ڕەخنەییەی ئێمەیە لەبەرامبەر شانۆگەری (سووتوەکانی جەنگ) کە لەرۆژانی ۳و۲۰۱۰/۸/٤ لەسەر شانۆی هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە سلێمانی نمایشکرا، ئەم شانۆگەریە لە تێکستێکی نووسەری سویدی لاش نۆرین وەرگیراوە، وەرگێرانی: دلاوەر قەرەداخی، ئامادەکردن ودەرهێنانی: سەلام مەجید، نواندنی: شەماڵی عەبە ڕەش، شادان فوئاد، شنۆ شەماڵ، قادر سەمەد، سەرەتا لەسەر تێکستی نووسراو دەوەستین و دواتر لەسەر تێکستی نمایش و ئەو جیاوازییانەی لە پرۆسەی ئامادەکردن دەکەوێتە نێوان ئەم دوو تێکستە و پەیوەندییان بە نواندن و دەرهێنان و سینۆگرافیاوە، بۆ ئەوەی رەهەندە شاراوەکانی نمایشەکە بخەینە ڕوو. لەشانۆگەرییەکانی لاش نۆرین ماڵ تەوەری سەرەکی گفتوگۆ وململانێکانی مرۆڤە، کێشەی ماڵ تەوەری سەرەکییە، ئێمە لە نووسینێکی تردا لەسەر تەواوی دنیابینی لاش نۆرین بۆ ماڵ تویژینەوەمان کردووە، بۆیە لێرەدا ناگەڕێینەوە سەر ئەو دنیا بینییە، هێندە لەسەر چەند لایەنێکی شانۆگەری (شەڕ) دەوەستین، ئەم تێکستەش وەك یەکێك لەتێکستەکان ماڵ تەوەری سەرەکییە، باوك دوای ئەوەی لەشەڕ ئەگەڕێتەوە دەبینێت بەسەر وێرانەدا دێتەوە، بەهۆی ئەوەی براکەی هاوسەرەکەی مارەکردووە و کچە گەورەکەی لەپێناو ژیان بووە بەسۆزانی و تەنانەت کچە بچکۆلەکەشی لەو بەدڕەوشتیە بەدەر نییە، ئەو دەمەی ئەویش لاقە کراوە، هیچ پاکیزەییەك لەناو ماڵ نەماوە، شتەکان بەر لە شەڕ بەپێی سیستمێکی ئەخلاقی بەڕێوە دەچوون، بۆیە ژنەکەی بە هاوسەرەکەی دەڵێت «شتەکان وەك جاران نین.. منیش کەسەکەی جاران نیم» دوای شەڕ سیستمێکی تری تایبەت هاتۆتە دی، تا دەگاتە ئەوەی باوکەکەش کە بەکوێری گەڕاوەتەوە ماڵەوە، دەیەوێ لەگەڵ کچەکەی سێکس بکات.

**باوك:** مەمك وهەموو شتێکت هەیە

**بێنینا:** نا

**باوك:** من دەستی لێ دەدەم

**بێنینا:** دێشێت

**باوک:** ڕاوەستە، تکایە.

**بێنینا:** بەرم دە.

**باوک:** لەلام بمێنەوە

**بێنینا:** باوکە

**باوک:** دەبێ یەکێك لەلام بمێنێتەوە

**بێنینا:** باوکە، مەکە

**باوک:** تۆ هیچ باوکت نییە، تۆ هیچت نییە، هەروەها منیش

**بێنینا:** هەی دزێوی قورمساخ، تۆیش ڕێك وەك ئەوانی تر وایت

ئیدی کچەکە دەگاتە ئەوەی کە هیچ منالێك لە ئارادا نییە، بەواتای ئیدی ماڵ پاکی لەدەستداوە، بەگەڕانەوەی باوك ماڵ نەك تەنها پاکی بۆ نەگەڕایەوە، بەڵکو باوکیش تەسلیمی ئەو سیستمە ئەخلاقیە خراپە بوو کە شەڕ لەدەروونی مرۆڤەکان پاکی تیا کوشت، بۆیە سەرەنجام هەمووان لەناو سیستمێکی ئەخلاقی بەدگومانیدا ماڵ بەجێ دێڵن و باوك بەتەنها دەمێنێتەوە، مانەوەی باوك لە ماڵەوە ئامادەبوونە لەناو ڕووبەرێکی تراژیدیی تاریك کە قەدەری نادیاری ماڵە بۆ باوك. تێکستی نمایش هاتنە دەرەوەیە لەماڵ، کارەکتەرەکان لەماڵ هاتوونەتە دەرەوە، لەوێستگەیەکی شەمەندەفەردا چاوەڕوانی هاتنی شەمەندەفەر دەکەن، کچە گەورەکەی ناو تێکستەکە بوونی نەماوە، وەك چۆن کچە بچووکەکە کاراکتەرێکی پاکییزەیەو شەڕ ئەوی پیس نەکردووە، ئەوەی پیس بووە دایك و ئیڤانە، باوك ناگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵکو دەگاتە ئەو وێستگەیە، ئەو سەرە ڕێگاو وێستگەی شەمەندەفەرەی وەك ماڵ سەیری دەکەنەوە، هاوسەرەکەی و ئیڤانی برای بەر لەوەی ئەو شوێنە بەجێ بێڵن و رابکەن، ئیڤان ئەشکەنجەیەکی زۆری براکەی دەدات، باوك بەدەم گریانەوە، لەباوەشی کچەکەیدا بەدەم گۆرانییەکەوە نمایشەکە دەگەیەنێتە کۆتایی. پرسیاری سەرەکی بەدوای نەمانی ماڵ ئەوەیە، ئەگەر لای لاش نۆرین باوك (ئۆدیب) ئاسا دەگەڕێتەوە ماڵەوەو بەسەر تراژیدیا دێتەوە، بەڵام لەنمایشەکەدا باوك بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟ ئەو دابەش کردنەی خێزان بەوەی (ئیڤان و ژن) پیس بوونەو (باوك و کچ) پاکییزەکانن، ئەوە دابەش کردنێکە بۆ جیاکردنەوەی دنیا بەپێی دوالیزمەکانی

(بەهەشت و دۆزەخ) (پاکیزە و پیسی ) پیسی و ناشیرینی ڕادەکەن و پاکیزەکان دەمێننەوە ئەوەش خاڵی جیاوازی بنەڕەتی نێوان تێکستەکەی نۆرین و نمایشەکەی سەلام مەجیدە، چونکە ئەو دەنگەی لەناو تێکستی نووسراو پێمان دەڵێت کە پاکی لەهیچ شوێنێك بوونی نییە، لێرەدا پاکی لە ململانێدایە لەگەڵ ناشیرینییەکان، ئەوە جەنگێکە یەکلا نەبۆتەوە. ئەگەر لاش نۆرین کۆتایی شانۆگەرییەکەی وەك پرسیارێك خستبێتە ڕوو بەوەی دوای ئەوەی لەماڵ دێنە دەرەوەو دایك ئەیاندۆزێتەوە هاتنە دەرەوە لە ماڵ دەبێ بە حەقیقەتێکی کۆمەڵی، بۆیە بەدوای سێمیرا ئەینێرن کەچی باوك لە ماڵەوە هەستی پێدەکات، دوای ماڵئاوایی لە یەکتری سێمیرا ڕەفزی ئەوە دەکاتەوە کە ماڵ بەجێ بێڵێت، هەڵبەت قسەکردنی ئیڤان ئاشکرابوونی پیلانەکەیە، بۆیە مانەوەی سێمیرا دەیەوێ دڵنیامان بکاتەوە کە ئەو قوربانییە نەك گوناهبار، بەڵام لەماڵێك کە هەمووان پیس بووبن بە باوکیشەوە چ سیستمێك جارێکیتر ماڵ ڕێك دەخاتەوە؟ بۆیە ماڵ بەمانەوەی باوك و سێمیرا توانای بەرێوەچوونی نییە، بەڵکو بۆ گەڕانەوەی حورمەت بۆ بوونی مرۆیی هەریەکێکیان دەبێت سێمیرا لەگەڵ ئەوانیتر ماڵ بەجێ بێڵێت، ئەوە تەنها باوکە لەماڵ بمێنێتەوە تا هەست بکات ماڵ وەك چاوەکانی تاریکە، هەڵبەت ئیڤان لەتوانای دایە کە سێمیرا بە ڕاکێشانیش بێت لەماڵ بکاتە دەرەوە، بەواتای بۆ کچە بچکۆلەکە لەنێوان مانەوە و بەجێهێشتنی ماڵ پرسیارێك دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییە کە ئاخۆ ئەو دوانە بەیەکەوە لەماڵ دەژین؟ یاخود باوك بەتەنیا لەماڵ دەمێنێتەوە؟ کە ئەوەی دواتریان گریمانی زیاتری لێ دەکرێت، ئەو دوو پرسیارە بەرەنجامی ئەو گومانەیە کە لاش نۆرین بۆ دەرهێنەری بەجێ دێڵێت، کە چارەسەری بکات، بۆیە چارەسەری دەرهێنەرەکەی ئێمە دابەشکردن و پۆلین کردنە لەنێوان باشی و خراپی نەوەك بەتەنیا مانەوەی باوك لەماڵ، ئەو دابەش کردنە چەندە دیدێکی ئایدیالیستیانەیە بۆ دنیا، لەهەمان کاتدا خاڵی نییە لەتێگەیشتنی سیاسیانە بەهۆی ئەوەی ئەیەوێ وەك دەرەنجامە ترسناکەکانی فاشیزم بۆ دنیا بیخوێنێتەوە، ئەو دەمەی باس لە ڕەشبگیری خەڵك دەکات، کە شەڕ دەرەنجامە ترسناکەکانی وای کردووە گەڕان بەدوای مانەوە ببێتە هۆکاری سەرەکی، کە ئەوە بیانوویەکی کەمخوێنی ئیڤان و هاوسەرەکەیەتی. بۆیە پرۆسەی ئامادەکردنەوەی تێکست سادەکردنەوەی تەوەری سەرەکی پرسیاری گەڕانەوەی مرۆڤە

بۆ  ماڵ، ئەوە وەرگرتنەوەی دایەلۆگە بۆ ئەوەی جارێکیتر لە ڕووبەرێکی سادەدا دابڕێژرێتەوە، بەپێی تێگەیشتنێکی کوردی بۆ شەڕ و دنیای ئێمە پرۆسەی داڕشتنەوەی تێکست بنیات دەنرێتەوە، ئەوە نووسینەوەی مانا نییە، هێندەی سادەکردنەوەی مانایە لەناو ماناکاندا، هەر بەهۆی ئەوەی لەکۆتاییدا باوك لە باوەش و لاوانەوەی کچەکەیدایە، ئەو چارەسەرە هەر چۆنێك بکەوێتەوە، سەرەنجام دیدێکی رۆشن و ڕەوانە بۆ خستنەڕووی کۆمەڵگای دوای شەڕ. سینۆگرافیای نمایشەکە ڕووبەرێکی ئاماژەکاری دیدی نمایشە، بەهۆی ئەوەی ئەتوانین لەو ڕوانگەیەوە زەمەنی نمایش بخوێنینەوە، کە زەمەنی وێرانەی دوای شەڕ و زەمەنی چاوەڕوانی کردنی ئومێد و خەونی مرۆڤە، بەڵام پەیوەندی نێوان ئەکتەر و سینۆگرافیا پەیوەندییەکە توانای ئاوێتە بوونی بۆ سەر یەك نییە، ئەوەش کارنەکردنی ئەکتەرە لەگەڵ سینۆگرافیا بەوەی ئاوێتەی یەکتری نابن، تەنانەت لە بوونی ڕووناکی دیمەنەکانیش، ئەوە جگە لەوەی دیکۆر توانای بینینێکی زۆری تەرخان کردبوو کە توانی بووی وێنەی نەبینراوی شانۆمان بۆ بخولْقێنێت، بەڵام کێشەکە لە کارنەکردنی ئەکتەرە لەتەك سینۆگرافیا، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرهێنەر دیدێکی شاعیریانەی بۆ نمایش نەبوو، هێندەی دیدێکی ڕەوانی بۆ گەیاندنی وشەیە بۆ بینەر، کە سینۆگرافیا لەلای ئەودا تەنیا ئاماژەیە بۆ ناسینی شوێن، ئەوەش وای کردبوو کە نەتوانێ سوود لە تواناو سەلیقەی هونەری هونەرمەند (سیروان جەمال) لە بەرجەستەکردنی سینۆگرافیای شانۆگەرییەکە سوودمەند بێت. بۆیە ئەوە سینۆگرافیا لەناو مانای زەخرەفەیی ئەهێڵێتەوە نایەڵێت فەلسەفەی نائومێدی و شەڕ بخاتە ڕوو، چونکە ئێمە لەمانا زەخرەفەییەکەوە توانای ئەو بینینەمان هەیە، بەڵام کاتێ ئەکتەر نابێتە بزوێنەری ئەو هێزەی بینین، مانای وایە سینۆگرافیا هەر لەناو زەخرەفە بوونی ئەمێنێتەوە، بۆیە سینۆگرافیا لەهونەری بینینەوە نابێت بە پێکهاتەی دەنگی و بینراوی شانۆ. لەم نمایشەدا ئێمە چوار ئەکتەر ئەبینین، (قادر سەمەد) و (شادان فوئاد) ناتوانن سەرنجمان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بەهۆی ئەوەی ڕیتمێکی سادە بەسەر نواندنەکەیان زاڵە کە ئەوە وای کردووە ئەکتەر ببێتە کەناڵێك بۆ گواستنەوەی دایەلۆگی سەر کاغەز بۆ ئێمە، ئەو وتنەوەی دایەلۆگە هەستێك لەناخی کارەکتەر ناوروژێنێ، بۆیە گوزارشتەکانی جەستە بەشداری لە دەربڕینی دایەلۆگ ناکات، شادان

فوئاد دوای تەمەنێکی درێژ لە شانۆدا ئەو خانمە چاوەڕوانی زیاترمان لێی دەکرد لەوەی لەم نمایشەدا بینیمان، چونکە ئەو سستی و ئازادنەبوونەی لە نواندن وای دەکرد ئێمە خۆمان لەبەردەم وزەی زیندووی ئەکتەر نەبینین، هەرچی (شنۆ شەماڵ)ە هەوڵی ئەدا ڕۆحی کارەکتەرێکی پاکییزەمان بۆ نیشان بدات، لەڕێگەی دەربڕینە هەستییەکانی کارەکتەر، هەرچەندە پێویستی بە قووڵ بوونەوەی زیاتر هەبوو کە بۆ گەیشتن و نزیکبوونەوەی زیاتر لە نمایشەکە، هەرچی (شەماڵی عەبە ڕەشە) کەسمان گومانمان لە توانای مەزنی ئەو ئەکتەرە نییە، ئەو کە دێتە سەر شانۆ تەواوی ڕیتمی نمایشەکە دەگۆڕێت، ئەگەرچی یەك شێوە ئەدای دەربڕین وا دەکات ئێمە نەتوانین تەواوی ڕەهەندە ترسناکەکانی ناخی کاراکتەر بخوێنینەوە، کە دیارە ئەو ئەکتەرێکە توانای هەیە زۆر لەوە زیاترمان پێ ببەخشێت، کە جێگەی نیگەرانییە ئەو ئەکتەرە هەر تەنیا ئەوەندەی پێ بەخشین، هەرچەندە بوونی ئەو وای کرد نمایشەکە بتوانێ بەرەو بەرزبوونەوەو ئاستی نمایش بەرەو پێش بەرێت، بۆیە ئەوەی نمایشەکە لەدوایین ساتەکان لە شکست ڕزگار دەکات دیدی دەرهێنانی نییە، بەڵکو توانای شەماڵی عەبە ڕەشە لەڕێگەی دەرخستنی رۆحی باوکێکی کوێری گەڕاوەی دوای شەڕ.

# لابۆری شانۆی لالش
# دەنگ وەکو سەرچاوە

گفتوگۆکردن لەبارەی ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش ڕووبەرێکە بۆ گفتوگۆکردن لەپرۆژەی ئەڵتەرناتیڤ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەزموونەکانی ئەو لابۆرە شانۆییە لە کوردستان نەبینراون، بۆیە ئەوەی ئێمە ئاشنایەتیمان پێیەوە هەیە پەیوەندی بە ڕووبەری نووسراوی نووسینەوەیە، ئەوەش وابەستەیە بەو وتارە ڕەخنەییانەی بەزمانە جیاوازەکان لەسەر ئەو لابۆرە نووسراون، یا تێڕوانینی ئەزموونکاری شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداغی لەڕێگەی گفتوگۆو نووسینەوە خستوویانەتە ڕوو، ئەوەش دەروازەیەکی تیۆریی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو ئەزموونە.
بەدوای گەڕانەوەی نیگار حەسیب بۆ کوردستان، بەتایبەت لەو وۆرك شۆپەی کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بۆ کۆمەڵە گەنجێکی شاری هەولێر لە ڕۆژانی ٢٧-٣٠/٤/٢٠١٠ لەیەکێك لەهۆڵەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ئامادەی کرد و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێرەوە میوانداری کرابوو، کە بەشێك لە میتۆدی مەشقی لابۆری شانۆی لالشی تیا خستە ڕوو، ئەوە جگە لە نمایشکردنی فلمێك کە مەشق بوو لەگەڵ شانۆکارانی ئۆکرانی، هەروەها لەڕۆژی سێیەمی مەشقەکان نیگار بە نمایشکردنی چەند ئەکسیۆنێکی پرۆژەی (بێ سێبەر)ی نمایش کرد، بۆیە ئەو وتارەش بەرەنجامی ئەو دۆخەیە کە نیگار هێنایە بوون، کە چیتر پرۆژەی لابۆری شانۆی لالش پرۆژەی نەبینراو نییە، بەڵکو ئەوە سەرەتایەکە بۆ گفتوگۆی جدیتر و خوڵقاندنی دایەلۆگی کراوە لەپێناو تێگەیشتن لە ئاسۆ و ڕوانینەکانی ئەو پرۆژە ئەلتەرناتیڤە، کە ترسی لەنێوەندی عەقڵە متبووەکە هێناوەتە کایەوە، ئەوەش ترس نییە لە پرۆژەیەك بەقەد ئەوەی ترسە لەو دۆخەی کە چیتر نەتوانن شانۆکار بوون بۆ کەسانێك ببێت بە پیشە، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بەعەقڵی ئەفرێنەر، ئەگەر تا ئێستا هەندێك ویستیان کارەکانی ئەم لابۆرە بەبیانووی نەگەڕانەوە بۆ ناو کوردستان بەوە بدەنە قەڵەم کە ئەوە ئاست لاوازی ئەو لابۆرەیە، بەڵام ئەمڕۆ کە سەرەتای ئەو پەیوەندییە دروست ئەبێت ئیدی هەموو ئەو قسانە ئەچنە ناو حیکایەتێکی بەسەرچوو، بەوەی ئەگەر ئەو حیکایەتە هەر حیکایەتخوانەکان خۆیانی پێ دادگایی بکەین ئەگەینە دەرەنجامێکی کۆمیدی، چونکە هەندێك جار قسەی ئەوە ئەکەن گوایە نۆزدە ساڵە شەماڵ عومەر نەهاتۆتەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی لەو ماوەیە لێرە بوونە چیان کردووە، ئەگەر زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی مانگی ڕەمەزانیشیان بۆ حیساب بکەین لەگەڵ کورتە فیلمەکانیش هێشتا بە دەرەنجامی کۆمیدی لێی دێنە دەرەوە.

## مەشق و ئامادەکردنی مرۆڤ

راهێنان و مەشقەکان بەشێك نین لە نمایشی شانۆیی، ئەوەش خاڵی دەسپێکە بۆ وەستان و جیابوونەوە، مەشق پرۆسەی ئامادەکردنی مرۆڤە.. نەك ئامادەکردنی ئەکتەر، ئامادەبوونی مرۆڤ پرۆسەی ئازادبوونی مرۆڤە لە تەواوی ئەو کۆتانەی کە کۆمەڵگا گریمانی دەکات.

هەرچی ئامادەکردنی ئەکتەرە پرۆسەیەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەکتەر تا بەپێی پێداویستی تێکست و دەرهێنەر سنوورەکان دەست نیشان بکرێت، بەڵام کاتێ ئامادەبوون وەك مرۆڤ شوێنی ئامادەبوونی ئەکتەر ئەگرێتەوە، ئەو ساتە مرۆڤ نەك هەر لەدەسەڵاتی تێکست و دەرهێنان رزگاری دەبێت، بەڵکو لە دەسەڵاتی نەریت و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانیش ئازاد دەبێت، ئەوەش لە مەشقەکانی لابۆری شانۆی لالش لە تەواوی بوونی مرۆیی دەردەکەوێت، بۆیە دەنگی سەرکوتکراو لەناو مەشقەکان ئازاد دەکرێت، ئازادبوونی دەنگ.. ئازادبوونی نەستی مرۆڤە، ئەوە کرانەوەی مرۆڤە لەناو خۆی، گەڕانەوەیە بەناو دەهالیزەکانی رۆحی، دابڕانییەتی لە دنیای واقیع و ئینتیماکردنە بۆ دنیایەکی کەشف نەکراو.. دنیایەك کە بەر لە مەشقەکان نەیناسیوە. بۆیە لەو کاتەدا ئەو جووڵە بۆ دەنگی نادۆزێتەوە، بەڵکو دەنگ هێزێکی خولقێنەری بینراوە کە توانای جووڵاندنی جەستەی هەیە، ئەوە هێزی دەنگە ئەبێتە هۆی جووڵە، چیتر جووڵە بریتی نییە لە جووڵاندنی زیادەڕەوی دەست و پەنجەکان، بەڵکو دەستەکان تەنیا لەکاتی پێویستدا دەجووڵێن، چونکە تەواوی جەستە گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات، واتە هەموو جەستە دەجووڵێتەوە، جووڵە شێوەی جیاواز لەگەڵ یەکتری وەردەگرێت، ئەوەش بەشداریکردنێکی هاوبەشی مرۆڤە لەگەڵ یەکتری کاتێ بەیەکەوە دەنگ ڕیتوالێکی تایبەت بنیات دەنێت، ئەوە تەوزیف کردنی ڕیتوال نییە لەناو مەشقدا، بەڵکو نەستی چەپێنراو لەڕێگەی دەنگەوە ڕیتوالی خەونی لەدەستدراو و ساتی شکستە خودگەراکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤی مۆدێرنیتی بەپێی کۆژیتۆکەی دیکارت مرۆڤێکی

عەقڵانی بێت بەوەی بوونی وابەستەی بیرکردنەوە بێت، ئەوا مرۆڤ لە لابۆری شانۆی لالش بوونی وابەستەیە بە ئامادەبوونی دەنگەوە.. ئەوەش پرۆسەی بە بینراوکردنی دەنگە، دەنگ ئەبێ بە چڕکردنەوەی وزە لەناخی مرۆڤ، وزە دەنگی نەبینراو ئەگۆڕێت بۆ دەنگی بینراو، ئەوەش چەمکێکی نوێ دێنێتە ئەو ڕووبەرە کە جەستەی ئاهەنگسازە، جەستەیەك دەنگ ئەیجووڵێنێت ئەیخاتە ساتی شادی و ئازار.

## نیگار حەسیب،. فەیروزی شانۆ

لەناو مەشقەکاندا ئەوەی زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ بەتەنیا جۆری مەشقەکان نییە کە دەنگ توانای بزواندنی تەواوی جەستەی هەیە لەشێوە وەرگرتنی تەکنیکی، بەڵکو مەشقەکان لەناو دەنگی نیگار حەسیب بۆ خۆی ئەتمۆسفێرێکی تایبەت بە مەشقەکان دەبەخشێت، ئەو کە خۆی سەرپەرشتیاری مەشقەکان دەکات، لەهەمان کاتدا تۆنی دەنگەکانی پاك کردۆتەوە، ئەوەی ئەو لەسەرەتادا وەریگرتووە وەك تەکنیکی دەنگی بەکاری دێنێت، تا تەواو لەناو بونیادێکی دەلالی دەنگی سەربەخۆ دەبێتە هێزێکی چالاك بۆ بوونی مرۆیی.

بۆیە دەنگ دەبێتە تۆڕێك لە ئاماژە کە هەڵگری توانای خود و جەستەیە، ئەوەش خودی مرۆییە، ئەگەر دەنگی فەیروز لە گۆرانی وتندا دەنگێك بێت توانای بەجووڵە کەوتنی ناخی هەبێت لەڕێگەی ئەو جووڵەیەی کە دەنگ بنیاتنی دەنێت، ئەوا جێی خۆیەتی لەبەرامبەر دەنگی نیگار ئەو دەستەواژەیە وا لێبکەین کە نیگار حەسیب.. فەیروزی شانۆیە، چونکە ئەو توانا موعجیزەیەی لە دەنگی فەیروز بەدی دەکرێت، هەمان توانای خوڵقێنەرە کە لە دەنگی نیگار حەسیب دەردەکەوێت، توانایەك زمانی شانۆ.. زمانی گۆرانی تایبەت بە شانۆیە، ئەوە گۆرانی نووسراوی سەر کاغەز نییە، بەڵکو گۆرانی شانۆ ئەو هەستانەن کە ڕۆح لەناو قوڕگدا لەساتی شادی و ئازار لەڕێگەی دەنگەوە دەینووسێتەوە، ئەوەش ئامادەبوونی دەنگە کە وشە ڕەهەندە فاشیزمیەکەی کوژراوەو دەنگ لەناو فرە ڕەهەندی ئازادی کردووە، بەوەی ئیدی ئێمە خاوەنی یەك وێنەی نەگۆڕ نین، ئەگەر وشە یەك وێنەی نەگۆڕی هەبێت، ئەوا دەنگ خاوەنی چەندین وێنەی جیاوازە، ئەوەش شانۆ لەتاکە ڕاڤەکردن دەگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەی فرە تەئویلی، لێرەدا دەنگی نیگار ئەمانخاتە سەر چەندین هەوڵی تەئویلکاری بۆ ئاماژەی دەنگ، بەوەی ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو زانستێکی مرۆیی تایبەت کە ئەنترۆپۆلۆژیایە، ئەوەش ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگە، بۆیە دەبێت لەڕێگەی ئەو زانستەوە لە دەنگ بدوێین، ئەوە دوان نییە لە تێگەیشتن بۆ سەنتەری مانا بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی دەنگە وەك ئاماژەیەك لەناو فرە دەلالەتیدا، ئەویش خوڵقاندنی پرسیارە جیاوازەکانە.

## ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ

ئەوە تێگەیشتنێکی نائەورووپییانەی دەنگە لە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش، میتۆدێکی داهێنەرانەی شەماڵ عومەرە، ئامادەبوونی دەنگ لە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش دامەزراندنی گوتاری ئەڵتەرناتیڤە لە شانۆی ئەزموونگەری، ئەو گوتارە بەتەنیا پەیوەست نییە بەساتەوەختێکی پڕۆژەی پشکنینی ئەزموونێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو بەرەنجامی بەریەکەوتنی دەنگە لەتەك کولتووره جیاوازەکان، لەو ساتەوەختەدا دەنگ ئەو دەربڕاوەی وشەی دەنگی نییە کە گوزارشت لەساتی ئاگایی و هەستە ناخییەکانمان دەکات، دەنگ ئاماژەیەکی کراوەی تەئویلە، بۆ ئەوەی بتوانین تەئویلی دەنگ بکەین دەبێ جەستەیەکی ئامادەی ناو سرووت بین، کاتێ دەبین بە جەستەی ئامادە ئیدی گرفتمان لەوەدا کۆ نابێتەوە کە دەنگ کورت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەنگە خاوەنی چ مانایەکی ڕووداوە، هێندەی پێویست بەوە دەکات لەناو سرووت ئێمە ساتە هاوبەشەکانی چێژی شادی و چێژی ئازار ئەوەی بارت بۆ خوێندنەوە دەیخاتە ڕوو هەستی پێبکەین. (١)

ئەو کاتانەی گەیشتین بەو هەستە ئیدی گوتاری ناوەکی ڕۆحمان ئازاد دەبێت، ئازاد بوونی گوتاری ناوەکی فڕێدانەوەی کردەی نەستیە، بەڵام کردەیەك خۆی ڕزگار کردووە لەمانا باوەکانی نەست لەشانۆی ڕیتوالی، ئەوەش بەرەنجامی گەڕان و پشکنینی لابۆری لالشە، کە بەدوای شانۆیەکی ئەڵتەرناتیڤ دەگەڕێت، تەنانەت بەسەر تێڕوانینە ئەزمونگەرییە دەرکەوتووەکانیش، (٢) چونکە دەنگ دەبێ بە سەرچاوەیەك بۆ گوتاری بەرهەمهێنان، ئەو گوتارە زەمەنی ئەدەبی تێکست دەکوژێت(٣) بەهۆی ئەوەی زەمەنی ئەفرێنەر شوێنی دەگرێتەوە، ئەوەش زەمەنێکە تێکست دەچێتە ناو پرۆژەی ڕووخان و وشە دەبێت بە دەنگ و جەستەش دەبێتە دەنگ، هەموو بونیادەکانی شانۆ دەنگە.(٤)

دەنگ بنیاتنانی سرووتە، ئەوەش دەنگ دەبێ بە میکانیزمێك بۆ بەشداریی کولتووریی، کە پەیوەست نییە بە دەنگی چەندین ئاهەنگسازەوە، تاکە ئاهەنگسازێك توانای ئەوەی هەیە کە لەڕێگەی توانا دەنگیەکانەوە هەڵگری چەندین کولتوور بێت بۆ خولْقاندنی سرووت، ئەوەش

وەزیفەی شیعری پانتایی لەناو گوتاری نمایش دەگۆڕێت بەوەی شیعری پانتایی بەتەنیا جووڵە بنیاتی بنێت، بەڵکو دەنگ دەبێتە میکانیزمی لەدایکبوونی شیعری پانتایی.
دەنگ زمانێکی نوێ دێنێتە بوون کە زمانی دەنگە، ئەو زمانە دۆزینەوەی وێنەیەکی ڕەها نییە بۆ مانا، بۆ ناونانی ماتریالەکان، بەقەد ئەوەی ئەو زمانە پەیوەندییەکی نوێ دەخولقێنی، ئەویش ئامادەبوونی ئێمەیە لەناو چەمکی ئاهەنگدا، چونکە ئێمە لەناو دەنگ نابێت ئەو هەستە تەرخان بکەین بۆ بیستن، بەڵکو دەنگ بینین داگیر دەکات،(٥) ئەو داگیر کردنەش کوشتنی زەمەنی کرنۆلۆژییە بۆ دەنگ، چونکە دەنگ رووبەرێکی زمانەوانی دەلالییەو ناکرێ ڕاڤە بکرێت، بەڵکو پێویستی بە فرە تەئویلیە، ئەوە پرۆسەیەکی هیرمنیۆتیکیە بۆ دەنگ، تەئویلکار لەناو دەنگدا وابەستە نییە بە زەمەنێکەوە، ئەو لە یادەوەرییەوە دێتە ئێستای زەمەنی تەئویل کردن و بەهەردوو زەمەنەکەشەوە لە زەمەنی داهاتوو دەدوێن، دوان لەو هەڕەشەو مەترسییانەی دەنگ لە ئامادەبوون دەیخاتە ڕوو، بۆیە دەنگ لەو لابۆرەدا بوونێکی زیندووە.. بوونێك لە جەستەی ئاهەنگسازەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئێمەی ئاهەنگساز، ئەوەش پەیوەستە بەو فۆڕمەی کولتووری کوردی لە کردە کۆمەڵییەکانەوە بەرهەمی دێنێت «مارسێل موس لەتوێژینەوە ئەنترۆپۆلۆگیەکەیدا لەبارەی جەستەو تەکنیکی ژیانی ڕۆژانە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە تەکنیکی جەستە بەرهەمی تاکە کەسی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە سیفاتی سۆسیالی کۆمەڵگاکەیەوە، ئەمەش دەرەنجامێکی لەبارە، چونکە جەستە یەکەمین و سرووشتیترین ئامرازی مرۆڤە بۆ دەربڕین»(٦)
ئەوەش پەیوەستە بە یادەوەری ئاهەنگسازەوەو لەناو ڕووبەری ئاهەنگ دەیگەیەنێتەوە بە ئێمە، ئەوەش دەنگە کە زەمەنەکانمان زەمەنی بوونی مرۆییمان بەیەکەوە دەگەیەنێت، بەڵام بەیەك گەیشتنێك لەناو خۆرئاوادا کەچی لە تێگەیشتنێکی خۆرهەڵاتیەوە سەر لەنوێ دەنگ دەخاتە پرۆسەی ئامادەکردنەوە، ئەوەش ئامادە بوونی سەرلەنوێمانە، دەنگ دەبێ بەو گیانە زیندووەی هەمیشە بەرەو کەشفکردنی نهێنی و نەزانراو ناخمان ئازاد دەکات، ئەوەش بۆ خۆرهەڵاتی ئازادبوونییەتی لە ڕابردوو، بۆ خۆرئاواییش ئامادەبوونی جیاوازە لەناو کولتوورەکەیدا. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەکسیۆنی پڕۆژەی (بێ سێبەر) کە نیگار لەچوارچێوەی وۆرك شۆپەکەدا نیشانمانیدا.

## ئەکسیۆنی پڕۆژەی: (بێ سێبەر)

لە درێژەی ئەو وۆرکشۆپەدا نیگار چەند ئەکسیۆنێکی لەپڕۆژەی (بێ سێبەر) نمایشکرد، ئەوە پرۆژەیەکی ئەڵتەرناتیف بوو بەوەی دەنگ لە ئاماژەیەکەوە بەرەو فرە دەلالەتی دەردەکەوت شێوەی نمایشەکەی بازنەیی بوو، بەڵام ئەوە مانای وا نەبوو کە جووڵەی بازنەیی بسەپێنێتە سەر کارەکە، بەڵکو هەریەکێك لە ئێمە لەهەر لایەك باین سەرەنجام ئێمە دەبووینە بەشێك لە نمایشەکە ئەوە بەشداری کردنێکی هاوبەشی ئێمە بوو لەگەڵ نیگار لەناو چەمکی ئاهەنگ، دەنگ تەواوی جووڵەی دەجوولاند بەهیچ جۆرێك نەیدەویست جووڵە بۆ دەنگ بدۆزێتەوە، بەڵکو دەنگ هێزێکی چالاك بوو کە توانای بە جوولاندنەوەی جەستەی هەبوو، دەنگ وا دەکات جووڵە بکەوێتە دۆخی جیاوازەوە.. ئەوە وێنەی دەنگی بوو کە دەلالەتی جیاوازی ئەبەخشی لە ئاهەنگی خەمناکەوە بۆ ساتی پەیوەندیی غەریزییەوە بۆ گریان بەرامبەر بە رۆحی بێدەنگکراو، ئەوەش شینێکی دەنگ بوو بۆ بێدەنگی و بۆ دەنگی سەرکوتکراو، سەرەنجام ئێمە لەناو کۆمەڵە دەلالەتێکی دەنگەوە یادەوەریمان ئەڕۆیشتەوە سەر جۆرە ڕیتمێك لە دەنگ، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری دەنگ لەڕاستیدا تەنیا لەتۆنی دەنگەکانەوە وا هەست ئەکەین دەنا تۆنی دەنگەکان بەتەواوی پاککراوەتەوە، ریتمی ئەو گۆرانیانەی ناو یادەوەریمان وەکو تەکنیکی دەنگی بەکار هاتوونەتەوە، چونکە ئێمە گۆرانی ئەبیستین، بەڵام بەهیچ شێوەیەك گۆرانی گۆرانی نەبوو، ئەو ڕووبەرەی نمایشی تیا دەکرێ، ئامادەبوونی دەنگ نییە لە پانتاییدا، بەڵکو دەنگ بۆ خۆی ئامادەبوونی پانتاییە، وەك چۆن ئامادەبوونی دەنگ هێزی خولقاندنی جەستەیە.. بەهەمان شێوەش دەنگ دەبێتەوە پانتایی، ئەو فاکتەرەی لەپشت ئەو لۆژیکەوە وەستاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نایەوێ دەنگ تەوزیف بکاتە سەر بۆشایی کریستالی، بۆ ئەوەی بینەر بەرەو سەرسامی بێنێت.

لابۆری شانۆی لالش لەبەرامبەر دوالیزمی (کاریگەری/ سەرسامی) ئەوەی بۆخۆی یەکلا کردۆتەوە کە کاری ئەوان سەرسامی دروست کردن نییە، چونکە «شانۆ کاریگەری پێویستە نەك سەرسووڕهێنان،

سەرسوورِهێنان کاری ئەفسوونبازەکانە، ژیانی سەردەم ئیدی ئەفسوونبازی گەرەك نییە»(٧).
سەرسامی دۆخێکە کە بینەر ساتەوەختی بینین سەرسام دەبێت بە جوولە، بەلام ئەوە زیاتر لە گەمەی لێبووکی سێرك دەچێت، هەرچی کاریگەرییە توانای ورووژاندنی پرسیاری هەیە لە ناخی بینەر بەوەی  دەنگ لەناو چ سیستمێك دەیەوێ چرکە ساتی مرۆییمان بجوولێنێت، کاریگەری وا دەکات تێگەیشتنی جیاوازی بینەران بمانخاتە بەر کۆمەڵە مانایەکی جیاواز، ئەوەش پەیوەستە بەو زمانە فرەییەی دەنگ دەیخاتە ڕوو، کە نیگار وەك خۆی دوای ئەکسیۆنەکە لەگفتوگۆی ئێمە لەگەڵیدا ئەوەی خستە ڕوو کە «کاتێ شەماڵ عومەر دەنگێکم پێدەگەیەنێت، من دەنگەکە لەژێر زەویەوە لەقاچەکانمەوە پێم دەگات» ئەوەش وا دەکات هەموو ماتریالێك ببێت بە دەنگ، ئەو پارچە قوماشە سپییەی بەکاری دێنێت، دەبێتە دەنگێکی بینراو، هێزی دەنگ دەیجوولێنێت، وەك چۆن ئەو پارچە قوماشە ڕەشەی پۆشاکەکەی لێ دەکاتەوە وێنەیەکی دەنگی بە جەستە دەبەخشێت کە جەستە دەبێ بەبینراوی دەنگ، دەبێتە بەشێکی تر بۆ بنیاتی دەنگ کە ئاماژەی بینراو پێك دێنێت، ماتریالەکان دەبنە دەنگ... جەستە دەبێتە دەنگ.. پانتایی دەنگە.. ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو چەمکەی کە لابۆری لالش ناوی دەنێت «دەنگ وەکو سەرچاوە»

## دەنگ وەکو سەرچاوە

کاتێ دەنگ وەکو سەرچاوە وەردەگرینەوە، مانای وایە بنیاتی شانۆ لە دەنگەوە ئینتیما دەکات، ئەوەش بەتەنیا بنیاتنانی زەمینەیەك نییە لەسەر دەنگ، بەڵکو چارەسەری ئیشکالیەتی دەنگە لە شانۆدا، شانۆی ئێمە بەدرێژایی مێژوو هاوارو قیژە و هەڵچوونی دەستکرد بەناوی دەنگ کوشتوویەتی، بۆیە کاتێ دەنگ وەکو سەرچاوە سەیر دەکەینەوە، دەبینین بەر گوتارێکی هاودژ دەکەینەوە، ئەوەی بەناوی دەنگ خۆی دەنواند لەڕاستیدا ئەوە هاواری بێدەنگی بوو.. ئەوە بێدەنگی مەرگ بوو، کە دایەلۆگێکی نووسراو دەگوازرایەوە بۆ قیژە و هاواری دەستکرد، لەو ڕێگەیەوەش جووڵەی بۆ دروووست دەکرا، ئەوە وێنەیەکی لاسایی کاری هەڵخەڵەتێنەری ژیان بوو.

لێرەدا ئەو سەرکێشییە دەگمەن و ناوازەیەی لابۆری شانۆی لالش دەیهێنێتە بوون لەڕاستیدا بەتەنیا گەڕانەوە نییە بۆ دەنگ، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ مەعریفەی دەنگ، ئەوەش داڕشتنەوەی مەعریفەی شانۆیە، بەدرێژایی مێژووی ئێمە هیچ هەوڵێکی هێندە بوێر و چاونەترسانەمان نییە بەو شێوەیە پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ بخاتە ڕوو(٨) کە ئەوە شانۆیەکی ئەلتەرناتیڤە، شانۆیەك کە گرۆتۆفسکی بە دژە شانۆ سەیری دەکات، مەبەستیشمان گۆڕانە لە تەواوی گوتارو بونیادە پێکهاتووەکانی شانۆ، بەوەی شانۆ لە دەرەوەی تێکستی نووسراوی کاغەز و پەیوەندی بیناسازی تەقلیدی شانۆ و دایەلۆگ و هەموو ئەو بنەمایانەی کە لە ڕابردوودا بە بنەمای سەرەکی شانۆ سەیر کراون، ئەوا لەو هەوڵە چاو نەترس و بوێرانەی لابۆری لالش هەموو ئەو بنەمایانە دەبنە بنەمای لەکار کەوتوو، چونکە چیتر ئەوانە بنەمای شانۆ نین، شانۆ مەشقە.. ئامادەبوونی دەنگە، ئەو ئامادەبوونەش ئامادەبوونی شانۆیە.

دەنگ نایەوێ ڕاڤەی جووڵە بکات، چونکە جووڵە بریتی نییە لە ڕووداو، هێندەی دەنگ بۆ خۆی ڕووداوەکەیە، چونکە دەنگ سەرەنجام دەبێتە توێژینەوەیەکی جەستەیی، بەهۆی ئەوەی ئامادەبوونی دەبێتە هێزی بزواندنی جەستە، ئەوەش ناو دەبەن بە مارێکی خەوتوو لەناویاندا، هەر

کاتێك ئەو مارە جوولا ئەوانیش دەجوولێن، هەناسەدان و چاوکردنەوەی مارەکە و دەمکردنەوەی هاوتەریبە بەکارکردنی ئەوان «لەو بارەیە شەماڵ عومەر دەڵێت: ئەو کاتەی باس لەدەنگ دەکەم، وەك ئەوە وایە باس لە بوونەوەرێکی زیندوو بکەم.. بەڵێ ئەو بوونەوەرێکی زیندووە.. ئەو منە.. ئەو ئێمەیە» (٩)

ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ دەنگ وەك سەرچاوە، ئەو دەمەی دەنگ دەبێ بە بوونەوەرێکی زیندوو مانای وایە شانۆ دەنگ بە بینراو دەکات، ئەوە بە بینراوکردنی دەنگە، بۆیە شەماڵ بوونی خۆی لەگەڵ بوونی دەنگ لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ کراوی بەردەوام دەبینێتەوە، ئەوەی واش دەکات دەنگ بوونەوەرێکی زیندوو بێت و مردوو نەبێت ئەوەیە کە دەنگ گریمانەی نووسینی سەر کاغەز ناسەپێنێ، بەڵکو لەناخی مرۆڤدا دێتە دی کە لە مارێکی خەوتوو دەچێت، هەر کاتێك مارەکە جوولا.. ئەوە دەنگ دێتە بوون، هاتنێك کە توانای جوولاندنی تەواوی جەستەی هەیە، ئەوەش کارێکی ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکو لەئاستێکی پیشەگەرانەی دانپیانراو بەرهەم دەهێنرێت، هەروەك نیگار حەسیب لە ئەکسیۆنی (بێ سێبەر) بۆی خستینە ڕوو.

دیارە لە دەرەوەی ئەو دانپیانانەی ئێمە بە ئاستی بەرزی دەنگ، کەسانی تریش کە ئەزموونێکی دیاریان لەو بوارە هەیە(١٠) دان بەو حەقیقەتە دەنێن، ئەوەتە تۆماس ریچارد لەبارەی ئەزموونی لابۆری لالش دەڵێت»شێوازی بەکارهێنانی دەنگ و جەستە، میتۆدی کارکردنتان و ڕادەی بەرزی پرۆ فیسیۆنالیتان تووشی سەرسووڕمانی کردم»(١١)

## جەستەی ئاهەنگساز

جەستەی ئاهەنگساز چەمکێکی لابۆری شانۆی لالشە کە لە شوێنی ئەکتەر بەکار دێت، بۆچی بە ئەکتەر ئەوترێت جەستەی ئاهەنگساز؟ ئایا ئەوە چەمکێکی ئەڵتەرناتیڤی ڕووتە؟ یاخود ئامادەبوونی چەمکێکی ئەڵتەرناتیڤی پەیوەست بە پرۆژەکەیە؟ ئەو دەمەی نیگار لەئەکسیۆنی (بێ سێبەر) دەبینین ئێمە چاوەڕوانین ئەو وەك ئەکتەرێك سەرنجمان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەکتەر نییە وەك چۆن گۆرانیبێژیش نییە بەمانای گۆرانی بێژ، بەڵکو بەمانای ئەکتەرێکی گۆرانیبێژی ئۆپێرایش نە گۆرانیبێژێکی ئەکتەرە نە ئەکتەرێکی گۆرانیبێژە، بەڵکو ئەو بوونێکی ترە، ئەوەیە وا دەکات چەمکێکی تر ببێتە پێویستی لەشوێنی ئەکتەر، بۆیە ئەو چەمکە جەستەی ئاهەنگساز چەمکێکی ئەڵتەرناتیڤی ڕووت نییە، چونکە پەیوەستە بە بوونی پرۆژەکەوە.

ئاهەنگساز دەنگ وەك بونیادێکی کەرنەڤاڵی ئەکات بە نووسین.. نووسینێك بە بینراوکردنی دەنگە، ئەوە نووسینێك نییە بکرێتە سەر کاغەزەوە، بەڵکو نووسینێکە ئاهەنگساز لەڕێگەی دەنگەوە دەیخولقێنێت، کە بریتیە لە خولقاندنی چەمکە سەرەکییەکانی ناو ژیانمان، بۆیە ئاهەنگساز لە لابۆری شانۆی لالش شانۆیەك بەرهەم دێنێت کە گۆرانییە بۆ مرۆڤایەتی، ئەو دەتوانێ ئەو جیاوازییە ڕەگەزی و ئەتنی و ئاینیانە لەڕێگەی دەنگەوە لابەرێت، لێرەدا دەنگ لەناو کولتوورو مێژوو بەرەو یەکخستنی ئەو دووانە دەڕوات، ئەوەش بەشداری کردنی هەریەکێکیانە لەناو ئەویتر، بەوەی کولتووری دەنگ و مێژووی دەنگ گوتارێکی هیومانیستیانە بنیات دەنێت، ئەویش بەدەنگ کردنی ماتریالەکانە.. بەدەنگ کردنی پانتاییە.. ئەوە بەدەنگ بوونی جەستەیە.. دەنگ هێزێکە تیایدا جەستە تواناکانی دەنگ دەگۆڕێت بۆ جووڵە.. ئەوە لەدەرکەوتنی تیشکی خۆر دەچێت، ئەو پرۆسەیە کە سەرەنجام جەستەی ئاهەنگساز بەرهەم دێنێت ئامانج تیایدا «بریتییە لە بیرۆکەی (ئامادەگی جەستەیی ) پرسیاری جەستەییانەی (لابۆری لالش) لەویادا چڕ دەبێتەوە کە ئەو سەرچاوانە کامانەن کە هێزو وزەی خۆمانی لێوە وەردەگرین، هەروەها لە کوێوە ئەو سەرچاوەیە ڕێچکەی خۆی دەگرێ کە تیایدا لەیەکساتدا نومایشکار و بینەرانیش هەست بە ئامادەیی و وزەی ڕیتواڵی و دڵنیایی جەستەی خۆیان دەکەن»(١٢)

بۆ ئەوە پێویستمان بەوەیە زیاتر لەسەر جەستەی ئاهەنگساز بوەستین، کە جەستەیەکە دەتوانین لەڕووی میتۆدیەوە پۆلینی بکەین و لەسەر پۆلینکارییەکەش هەڵوەستە لە ئەزموونی لالش بکەین، بۆ ئەو کردە پۆلینکاریە پەنا دەبەینە بەر تێکستێکی تیۆریی ئاندری کلافل(١٣) بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەکمان بکات، جەستەی ئاهەنگساز بەپێی بۆچوونەکەی کلافل جەستەیەکە پۆلینی دەکەینە سەر حەوت بەش، ئەگەرچی ئێمە تەنیا وەك پۆلینکار و دابەش کردنەکە پەنای دەبەینە بەر دەنا لەبنەڕەتدا دەمانەوێ ئەو دابەش کردنە بەپێی ئەزموونی لالش بخوێنینەوە:

١- جەستە و ئاهەنگساز: ، سەرەتای ئەو پۆلین کاریەش قسەکردنە لە پەیوەندی نێوان جەستە و ئاهەنگساز کە دواتر بەیەکەوە چەمکەکە دروست دەکەن، بەوەی جەستە و ئاهەنگ لەپەیوەندییەکی هارمۆنی بەیەکتری دەگەن، ئەوەش لە لابۆری لالش بەیەکگەیشتنی جەستە و دەنگە لەناو مەشقدا، چونکە جەستە تاکە میکانیزمێکە کە توانای گفتوگۆی هەبێت لەبارەی ئاهەنگەوە، هەرچەندە ئەوە دەنگە توانا بە جووڵە ئەبەخشێت، ئەو توانایەش گفتوگۆکردنە لەسەر ئاهەنگ.. گفتوگۆیەك لەبنەڕەتدا دووانە لەبارەی وزەوە، دیارە چۆن کلافل ئاهەنگسازو وزە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەهەمان شێوە لابۆری شانۆی لالش وزە فەرامۆش ناکات، وەك چەمکێکی تری ئەزموونکاری لابۆرەکەیان کاری لەتەکدا دەکەن.

٢- جەستەی بەزمەسات: گەڕانەوەیە بۆ ناوبردنەکەی میخائیل باختین، ئەوەش پەیوەستە بە تەواوی ئەو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر جەستەی خود، ناوبردنی بە بەزمەسات پەیوەستە بە بێ بەهابوونی جەستە، جەستەی ئێمە بەرهەمی دۆخێکی سەرکوتکاریە چ لەناو کولتوورەکەمان، یا لەناو نمایشی شانۆییدا، بۆیە جەستە وەك بەزمەساتێك بۆ فریودان سەیرکراوە، ئێمە لێرەدا کاتێ نیگار حەسیب لەناو ئەکسیۆنی (بێ سێبەر) دەبینین جەستەی نیگار بەدژی هەموو ئەو هێرشانە دەوەستێتەوە، جەستەی ئەو جەستەیەك نییە کە هەڕەشەو کۆتی کولتووری لەسەر بێت، بەڵکو جەستەیەکە خۆی ئازاد کردووە لەتەواوی هەڕەشەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکان.

**٣- سڕینەوەی جەستە:** سڕینەوەی جەستەیی سڕینەوەی ڕەگەزە، ئەوەش پەیوەستە بە خۆشاردنەوە، چونکە خۆشاردنەوە یەکێکە لەتەکنیکە بەراییەکانی جەستەی ئاهەنگساز، کە لەناو ڕووخساری نێرینەیی.. مێینەیی تیا دەردەکەوێت و لەناو ڕووخساری مێینەش توانای دەرکەوتنی نێرینەیی هەیە، واتا سڕینەوەی ڕەگەزی جەستە، ئەو سڕینەوەیەش لەمەشقەکانی لابۆری لالش دەبینین بەداخەوە لە وۆرك شۆپەکەی هەولێر ئێمە تەنیا کوڕەکانمان بینی، چونکە دوای ئەوەی لەرۆژی یەکەم کچان بوونیان هەبوون لەدووەم رۆژدا کەسیان نەهاتنەوە ناو مەشقەکان کە دیارە ئەوە ئیشکالیەتێکی تر بوو لە نائامادە بوونی مامۆستایانی پەیمانگاو دوورکەوتنەوەی کچان کە باس کردنی لێرەدا بەپێویست نازانین، بۆیە ئەوەی لەناو مەشقەکان دەردەکەوت وەك جەستەی ژن تەنیا نیگار خۆی بوو، بۆیە ئامادەبوونی نیگار لەتەك ئەو گەنجانە هەموو ئامادەبوونێکی ڕەگەزی سڕیبۆوە و ئامادەبوونێکی جەستەی مرۆیی هێنابووە بوون.

**٤- پڕبوون و بەتاڵبوونەوە:** جەستەیەکی ئامادەکراو بۆ ناو نمایش بوونی نییە، بەڵکو جەستەیەکی بزۆز کە هەمیشە توانای ئەوەی هەبێت جەستەیەکی تر لەناو خۆی دروست بکات، کلافل بۆ ئەوەش نموونە بە کونکردن و کەلێن دروست کردن دێنێتەوە لەناو جەستە تاوەکو جەستەی ئامادە بەتاڵ بکرێتەوەو جەستەیەکیتر لەناو بەتاڵکردن پڕ بکرێتەوە، واتە بوونێکی تر بێنێتە کایەوە، ئەوەش لەنێوان گۆرانییەکان زۆر بەڕوونی هەستمان پێی دەکرد کە جەستەیەك نییە گۆرانییەکان بیجوولێنێت، بەڵکو دەنگ توانای خولْقاندنەوەی جەستەی هەیە.

**٥- پاککردنەوە و توانەوە:** ئەو دوو ئاراستەیە پەیوەندیان بە جەستەی ئاهەنگسازەوە هەیە لەساتی ئامادەبوون، کاتێ باس لەپاککردنەوە دەکەین نە مەبەستمان لەو پاکژبوونەوەیەیە کە شانۆی یۆنانی باسی دەکات، نە مەبەستمان ئەو تاعونەی ئارتۆیە کە دەبێ شانۆ بیتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەکتەر و بینەر بەیەکەوە پاکژ ببنەوە، بەڵکو پاککردنەوە ئاراستەیەکی ناو جەستەی ئاهەنگسازە، بەوەی ڕاهێنان و مەشقەکان شێوەی پەرستنێکی پەرستگایی وەردەگرێت، بەوەی ئەو لەناو پەرستنی جەستەدا بژییێت، ئەو بە پیرۆزکردنەوەیە بۆ جەستە پاککردنەوەی جەستەیە لەناو ئەو دەروونە جەستەییەی خود، بەوەی مەشقەکان دەیکات بە خاوەنی جەستەیەکی نوێ، ئەو جەستە نوێیە

کە مەشقەکان پاکی دەکەنەوە، ئەوسا لەناو جەستەی ئاهەنگساز ئەیتوێننەوە، لێرەوە گرنگی مەشقەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەر لەهەر شتێك پێویستە جەستە پاکبکرێتەوە، تاوەکو لەناو ڕووبەری مەشقەکان بتوێتەوە و جەستەیەکی نوێ بێنێتە بوون کە جەستەی ئاهەنگسازە.

**٦- پێچەوانە:** ئاهەنگ بۆ خۆی پێچەوانەوە کردنەوەی دیدی باوە بۆ دیدێکی تر، ئەوە پێچەوانە کردنەوەی ساتی زەمەنی و کولتوورییە، ئاهەنگساز لە پێچەوانەوە کردنەوەدا تواناکانی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی نەستی خەفەکراو بکاتە ئاگایی کۆمەڵایەتی، لەوێشەوە ئامادەبوونی کولتووریی یادەوەری جەستە بێت، بۆیە پێچەوانە کردنەوە پەیوەستە بەو توانەوەیەی کە جەستە دێتە ناویەوە، ئەوەش ئاوێنەیەکە توانای بینینی نهێنییە شاردراوەکانی ناخی ئێمەی هەیە، یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەتەك ئاهەنگساز ئێمەش پێچەوانەکانی خۆمان ببینین کە لەڕاستیدا پێچەوانەوەکە وێنە ڕاستەقینەکانی بوونمانە، بەڵام ئەو هێرشانەی لە سەرەتا ئاماژەمان بۆ کرد کە لەسەر جەستەی تاکە بۆتە هۆی ئەوەی ڕاستەقینە بشاردرێتەوە، لێرەوە لابۆری شانۆی لالش توانای هاوکاری خودی مرۆیی هەیە بۆ ساتی ئازادبوونی رۆحمان.. کە نمایش لە مۆسیقایەك ئەچێت بۆ ئازادبوونی کۆت و سەرکوتکردنەوەکانی رۆح.

**٧- نووسین.. بەزمەسات.. ڕەخنە:** نووسین دەنگێکی نەنووسراوی سەر کاغەزە، بەڵکو جووڵەیەکی بینراوە، ئەوە ئاماژەیەکی نەنووسراوە دەنگ دەینووسێتەوە، بە مەبەستی نووسینەوەی ئاهەنگ.. ستراتیژیی نووسین لێرەدا قسەکردنە لەجەستەی بەزمەسات، هەڵبەت ئەوە لەدەرەوەی مانا گاڵتەجاڕییەکەی، بەڵکو لەناو مانا باختینییەکەی کە بریتیە لە بەگژداچوونەوەی هێرشەکانی سەر جەستە، کە دەنگ دەبێتە هۆی بزواندنی تەواوی ماسولکەکانی جەستە و بەجووڵە کەوتنیان، لێرەدا وەزیفەی ڕەخنە و شانۆی فرەکولتووری بەڕووی ئەزموونەکەدا دەردەکەوێت، ئەویش لەڕێگەی خوێندنەوەی بۆ کولتووورە جیاوازەکان، کە لە بنەڕەتدا خوێندنەوەی ڕەخنەییە بۆ کولتوور و رزگارکردنییەتی لەناو چەمکی موقەددەسگەرا و خوێندنەوەیەتی لەناو ڕووبەری پانتایی شانۆ.

## وزە لەنێوان جەستە و ئاهەنگسازدا

توانای وزە توانای ئاهەنگسازە، بۆیە وزە و ئاهەنگساز دوو بونیادی پێکهاتەی جەستە لەم ئەزموونەدا پێکدێنن، هەڵبەت وزە چەمکێکە بەر لە لابۆری لالش لەلای یۆژینیۆ بارڕبا بوونی هەبووە، کێشەکە لە بوونی چەمکەکە نییە، بەقەد ئەوەی لە چارەسەری ئیشکالیەتی چەمکە بەهۆی ئەوەی لەلای لالش بەرهەم هێنانەوەی چەمك بەرهەم هێنانەوەی گریمانەکانی بارڕبا نییە، هەرچەندە دووفاقیەتی ڕەگەزی لای (بارڕبا)ش بوونی هەیە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەر جیاوازییەکانی دەکەوین بەوەی تایبەتمەندی بۆ لەدایکبوونی وزە ناگەڕێتەوە، بۆیە ئەو هۆکارەی کە هەر ڕەگەزێك بەشێك لەڕەگەزەکەی تری تێدایە، بەڵکو ئەوە وەك بەربەست لەبەردەم وزە سەیر دەکات، چونکە تێگەیشتن بۆ وزە تێگەیشتنێکی ژیاریە، ئەوە پەیوەستە بەو دیدە خۆرئاواییە بۆ مرۆڤ کە جیاوازییەك نییە لەنێوان جەستەی نێر و جەستەی مێ، بەهەمان شێوە جیاکاری نابینێت لەنێوان وزەی ئەو دوو جەستەیە «دەیەوێ ئەو دەمامکە ساختەیە لابەرێت لەسەر ڕەگەزەکان، بەوەی ئەکتەری مێینە خاوەنی وزەی مێینە بێت و ئەکتەری نێرینە خاوەنی وزەی نێرینە بێت، سەرەتا چەمکەکە بۆ ناو پێناسە سەرەتاییەکان دەگەڕێنێتەوە، دواتر ڕەخنەی ئاراستە دەکات، بەوەی وزە مانای هێز و کارکەر دەگرێتەوە، کە بوونی وابەستەی هاوار و دەمارگرژیەتی ماسولکە کراوە، لەکاتێکدا وزە بریتیە لە ئامادەبوون»(١٤)

دیارە ئامادەبوون کە مانای جەوهەری وزە دەگەیەنێت، هەر لەو ڕێگایەوە بارڕبا چارەسەری ڕەگەزی بۆ وزە دەخاتە ڕوو، بەوەی «بەرجەستەکردنی ئامادەبوونی ئەکتەر لەکۆتاییدا بەخوڵقاندنی ڕووخساری شانۆ یا کەسێتیەکەیە، ئەوەش لەسەر ئاستێکیتر واتە ئاستی دەرەنجام ونمایشی شانۆیی (یاخود ئاستی گوزارشت کردن) لێرەوە جیاکاری دەردەکەوێت لەنێوان نێر و مێ بەوەی شتێکی چارەنووس و پێویستیە، لەهەمانکاتدا پێویستیش نییە، بەڵکو دەبێ بە زیانبەخش ئەگەر خۆی سەپاند بەسەر زەمینەیەکی تردا کە ئینتیمای بۆ ناکات یاخود زەمینەی ئاستی پێش گوزارشت کردن»(١٥)

ئەوە ئەگەر لای بارِبا وزە بەم شێوەیە سەیر کرابێت، دیارە لابۆری شانۆی لالش کە وزە وەك یەکێك لەچەمکە سەرەکییەکانی ئەزموونەکەیان سەیر دەکەن، توانیویانە دیدێکی تر بە وزە ببەخشن بەهۆی ئەوەی وزە بۆ ئەوان چارەسەری ئیشکالیەتی ئامادەبوونە.. بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی تری کەشف نەکراو بەو دیدە شانۆییە ببەخشن بۆیە وزە بۆ ئەوان بووەتە هۆی ئەوەی کە «کار لە (لابۆری لالش)دا کارە لەسەر هەر ئەم وزەیە، ئێمە لەسەر فیکر و هزر کار ناکەین، بەڵکو لەسەر هەستەکانی مرۆڤ کار دەکەین، مرۆڤ بە تێفکرین و ئەقڵاندن ڕێگا لەبەر هەستەکان دەبەستێ، ئاسایی عەقڵ واجبە بەڵام قسەی من پەیوەندی بە جوانیناسیەوە هەیە، ئێمە میتۆدی لابۆری لالش لەسەر دەقە دراماتیکیە نمایشییەکان کار ناکەین، بەڵکو ئێمە لە شوێنێکدا حزور پەیدا دەکەین و کەشێك لەو شوێنەدا چێ دەکەین، ئامادەبونی مرۆڤ لە کات و شوێندا کاری ئێمە پێك دەهێنێت»(١٦) بەواتای وزە توانای مرۆڤە توانایەك ئامادەبوون پەیوەستە بە تەواوی ئاستە زەمەنییەکانی پڕۆژەکە، ئەوەش پەیوەندییەکی تری تیا کەشف دەکات لەڕێگەی جوانناسی و ئەنترۆپۆلۆژیادا، چونکە وزە لەکاری ئەواندا لەبابەتی خۆبەرهەم هێنانەوە دەبێتە بابەتێکی شانۆیی وەك زانست، ئەوەش دەتوانین بەهەوڵێکی تری شانۆناسی ناو شانۆی ئەزموونگەریمان سەیری بکەین، کە پەیوەندیی نێوان شانۆ و زانست، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای بەزانست کردنی وزەی مرۆیی وەستاوە «لەم ناوەندەشدا هەنگاوی «لابۆری لالش» پێداگرتنە لە چەمکی «مەبەستگەرایی» کە لە مۆتیڤی ئاگاییەوە دەجووڵێ و دەبێتە جۆرێك لە بابەتی «خۆ — بە ئاکامهێنان» و «خۆخستنە کار» وتیایاندا «وزەی سیمۆنتیکی» و «وزەی ڕیتوالی» جێگەی «وزەی مۆتۆری» دەگرێتەوە»(١٧).

ئەوەش بۆ خۆی دەبێ بە شانۆیەکی سیمیۆلۆژی کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دەلالی بۆ ئاماژەی دەنگی بنیات دەنرێت، بەهۆی ئەوەی دەنگ دەبێ بە ئاماژە بۆ چەمکە فەلسەفییەکان، ئەوەش وزەی ئاماژە و سرووت ئەکات بە وزەی سەرەکی ناو کاری شانۆیی، کە لەوە دەردەچێت وزەی ڕواڵەتخوازانەی مرۆڤەکان بێت، بۆیە ئەوە خاڵێکی ناو ئامادەبوونە نەك وزەی ماسوولکەیی، چونکە ئامادەبوون لە دەنگەوە شوناس بە جەستە دەبەخشێت، ئەوە وزەی ئازادکردنی دەنگە شوناس بە بوونی جەستە دەبەخشێت، ئەو ساتەش دەتوانین بگەینە ئەو تێگەیشتنەیان کە دەڵێن «دەکرێ

(وزەی ریتوالی ) بە مەبەستگەراییەوە ببەستینەوە کە لە ئاگاییەکی تەواو و لە کۆنتاکی بەردەوامدا لەتەك دەورووبەردا دەخولقیٚ «(١٨) لێرەدا وزەی ڕیتوالی بەدوای سەرچاوەی جەستەی ئاهەنگساز دەگەڕێت ئەوەش بەتەواوی تێگەیشتنێکی تازەو کەشف نەکراوە لەبارەی وزە کە لابۆری لالش لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینەکانی پێی گەیشتووە.

## ئامادەبوونی وەرگر وەک پرۆسەیەکی مرۆیی

ئامادەبوونی وەرگر لەو پرۆژەیە ئامادەبوونی وەرگرێك نییە بۆ بەسێنتەرکردنی ڕووداو، بەڵکو وەرگر وەك کەسێك نایەت کە ببینێت و لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا بێت، وەرگر لەو هاوکێشەیە ڕووبەرێکی بازنەیی هەیە جەستەی ئاهەنگساز لەناو بازنەکەدایە، وەرگر لەتاریکیدا نییە و ئەکتەر لەناو ڕوناکیدا بێت، بەڵکو ئەو پانتاییە ئامادەبوونییەتی وەك پرۆسەیەکی مرۆیی، بەواتای جەستەی ئاهەنگساز و جەستەی وەرگر بەیەکەوە بەشدارن لە بنیاتنانەوەی پانتایی، ئەوەش دارِشتنەوەی پانتایی نییە، چونکە ئاهەنگساز بۆ خۆی پانتاییەکەیە، وەك چۆن وەرگر ئەبێتەوە پانتایی، ئەوە ساتی ئاگایی هەریەکە لە ئاهەنگساز و وەرگرە، هەموو ساتێك وەرگر هەست بە بوونی خۆی ئەکات ئەشیٚ ئەو هەستێت و داوای لیٚ بکرێت کە کارەکە لەگەڵ نیگار تەواو بکات، بۆیە ئەو بەدوای ئەوەوە نییە کە ئاخۆ ئەوەی ئەو ئەیبینێت باسی چی دەکات، بەواتای تێگەیشتن شتێك نییە، ئەوەش گۆڕینی ستراتیژیەتی گوتارە، کە بە قوتابخانە گەل بوونی شانۆ گەمەیەکی کۆن و حیکایەتێکی بەسەرچووە، ئاگایی بینەر لەبەردەم ئەو پرۆژە ئەلتەرناتیڤەی دەنگ ئەیگەیەنێتە گوتاری باڵا بەوەی ئەوە پرۆسەی میتا شانۆیە، تەواو بوونی هەموو ئەو مانایانەیە کە بەدرێژایی زەمەن رۆحی زیندەگی ناو شانۆی ئێمەی کوشتووە، ئەو پرۆژە ئەڵتەرناتیڤە توانای ڕزگارکردنی شانۆی هەیە لەتەواوی ئەو ئاستەنگە زەمەنیانەی کە لە ڕابردوودا بۆتە هۆی ئیشکالیەتی شانۆ، بەڵام ئەو قسەیە مانای وانییە کە ئەوە ببێت بە فۆڕمێك بۆ سەپاندنی گوتاری شانۆ، بەقەد ئەوەی وەك ئەزموون و هەوڵێکی ئەڵتەرناتیڤ لەشانۆی ئەزموونگەری کوردیدا سەیری دەکەین،

کە هەوڵێکی بوێرو چاونەترسانەیە توانای دەستکاری کردنی تەواوی بونیاد و بنەماکانی ناو شانۆی هەیە، بۆیە بینەر لەو کاتەدا ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە کە تێگەیشتن لەبەرامبەر ئەوەی دەیبینێت و دەیبیستێت بیگەیەنێتە مەبەستێك، چونکە مەبەست تەنیا پەڕینەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە کەناڵی پێکگەیشتنی نێوان ئاهەنگساز و وەرگر، ئەو پێکگەیشتنەش لەسەر بنەمای هەستکردنە بە پێرفۆڕمانس، هەموو ئەمانەش پێویستیان بە ئەزموونی زیاتر و گفتوگۆی قووڵتر هەیە لەسەر ئەو پڕۆژەیە بە هیوای ئەوەی لەداهاتوودا پڕۆژەکان بەتەواوی ببینین و بتوانین لەدەرفەتی سەربەخۆی ڕەخنەیی زۆر وردبینانەتر قسە لەسەر چۆنییەتی چەمك و ئامادەبوونی لەناو ڕووبەرە جیاوازەکانی نمایش بێینەوە گفتوگۆکردن، ئەو نووسینەی ئێستاش تەنیا دەسپێکێکە بۆ پڕۆژەی ڕەخنەیی بۆ داهاتوو.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

(١) چێژ لە گۆڕینی مانا وگەمەکردن بە دال تواناى ڕاشلەقاندنی ماناکانی هەیە بۆ وەدەست کەوتنی دەلالەتی کەشف نەکراو.
(٢) کچە شانۆکاری سەنگا فوری (سن سن) کە وەك ئەکتەر لە لابۆری شانۆی لالش کاری کردووە، پێشتریش لە لابۆرەکەی گرۆتۆ فسکی دەرکەوتووە، بڕوای وایە کارکردنی لەو لابۆرە توانیویەتی لە تارمایی گرۆتۆ فسکی و ئەزموونەکەی ڕزگاری بکات و بەرەو پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤ بۆ نواندن بیهێنێت.
(٣) ئەگەرچی تێکست بەمانای تێکستی نووسراو بوونی نییە، ئەوەتە شەماڵ عومەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «چیتر بۆ بیرۆکەی چاوەڕوانی پێویستم بە چاوەڕوانی گۆدۆی بێکت نییە» ئەو دەستەواژەیە پێمان دەڵێت: شانۆکار شانۆ بنیات دەنێت نەوەك تێکستی نووسەر.
(٤) لەو بارەیەوە تێکستێکی تیۆریمان نووسیووە بەناوی (شانۆی پۆلیڤۆنی) کە چۆن دەنگ دەبێ بە جووڵە و جووڵە ئەبێتە دەنگ، ئەو گریمانەیە لە لابۆری شانۆی لالش جیاوازە، جیاوازییەکەشی لەوەدایە لەوێ بونیادەکان دەبنە دەنگ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە پڕۆژەی پۆلیڤۆنی پێشنیارمان کردووە پەیوەندییەکی دۆنا دۆنی نێوان جووڵە ودەنگە.
(٥) لەو بارەیەوە نیگار حەسیب دەڵێت «دەنگ تەنیا بۆ گوێچکەکان نییە، بەڵکو بۆ چاوەکانیشە»
(٦) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (٦٤) لا ٣٦
(٧) هەمان سەرچاوە/ لا ٣٨
(٨) هەڵبەت ئەگەر بۆ قۆناغی هەشتاکان بگەڕێینەوە، کە دەبینین گوتاری شانۆی ئەزموونگەری کوردی ویستوویەتی گوتارێکی جیاواز لەنمایشی شانۆیی بنیات بنێت، دیسان ئەوە شەماڵ عومەر بووە لەڕێگەی هەوڵە جددیەکانی لەو شانۆیەدا ویستوویەتی شانۆیەکی ئەزموونگەری و جیاواز بێنێتە بوون کە هەوڵەکان بوونە سەرەتایەك بۆ لابۆری شانۆی لالش.

(٩) شانۆکار، ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٧، لا ٦

(١٠) ماریۆ بیاجینی، کە ئەکتەر و کارگێڕێکی گرنگی سەنتەری کارکردنی گرۆتۆفسکییە ویاریدەدەری تۆماس ریچاردە وتی: کاری شانۆیی ئۆدینی (یۆجینۆ بارڕبا)م دیووە، بەڵام هێندەی ئەم ئەزموونەی ئێوە کاری تێنەکردووم، شانۆکار ژمارە (١) لا ٢٦

(١١) ئاڵوگۆڕی میتۆدی لەنێوان لابۆری شانۆی لالش و سەنتەری کارکردنی گرۆتۆفسکی دا/ شانۆکار ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٧، لا ٢٦

(١٢) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (٦٤/ لا ٣٩

(١٣) الجسد الكرنفالى/ أندري كلافل، ترجمة (حسن المنيعي) مجلة علامات، العدد (٤) ١٩٩٥

(١٤) یۆژینیۆ بارڕبا: وزەی ئەکتەر وئەنترۆپۆلۆژیای جەستە/ نیهاد جامی، شانۆکار، ژمارە (٧/٦) ی ٢٠٠٩، لا ١٣٧

(١٥) طاقة الممثل/ أوجينيو باربا واخرون، ترجمة (د. سهير الجمل) أكاديمية الفنون وحدة الاصدارات المسرح (٣٣) ص ٢٨٦

(١٦) شەماڵ عومەر: شانۆی من لە جیهاندا بەخوڕە/ شانۆکار، ژمارە (٧/٦) ی ٢٠٠٩، لا ١٠٢

(١٧) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (٦٤) لا ٣٧

(١٨) هەمان سەرچاوە، لا ٣٩